MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# دۆزی کورد

## لە چەند باسێکی مێژووییدا

ئەحمەد حەمەد ئەمین

# دۆزی کورد

لە چەند باسێکی مێژووییدا

هەولێر — ٢٠٠٨

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **دۆزی کورد** (لە چەند باسێکی مێژووییدا)
- نووسینی: ئەحمەد حەمەد ئەمین
- نەخشەسازی ناوەوە: طـــه حسين
- بەرگ: هۆگر صدیق
- ژمارەی سپاردن: (١٠١٧)
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٧٥)**

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


پێشەكی ........................................................ ١

ڕەگ و ریشەی كێشەی كورد ........................................ ٣

**باسی یەكەم:**

سەرهەڵدانی ڕەگ و ریشەی كێشەی كورد لە ................................. ٧

نێو پەرەسەندنە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكاندا

**باسی دووەم:**

دزەكردنی وڵاتە زلهێزەكان بۆ كوردستان ....................................... ١٥

بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەكانیان

فەرمانڕەوایی زەندەكان لە ئێران ........................................ ٢٣

ڕاپەڕینی دەرسیم ١٩٣٧ ................................................ ٤٥

هەڵدانەوەی چەند لاپەرەیەك لە مێژووی ....................................... ٥٩

پەیوەندییە سیاسییەكانی كورد و ئەڵمانیا

دۆزی كورد لە نێوان ململانێی دووجەمسەری جەنگی ساردا .................. ٧٣

ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی ........................................... ١٠١

سەرچاوەكان ........................................................ ١١٩

**پێشکەشە**

به برا و هاورێی خۆشەویستم

حەیدەر عەبدولقادر مەولوود

ئەحمەد حەمەدئەمین

## پێشەکی:

ئەم پەرتووکە لە بنەڕەتدا لە چەند باسێکی جیاواز پێکهاتووە، هەندێکیان لە گۆڤارە جیاجیاکان بڵاوکراونەتەوە، بەڵام لەبەر گرنگی هەندێ بابەتیان و زیادکردنی بە هەندێ بابەتی دیکە، بە پێویستمان زانی لە دوو تۆیی ئەو پەرتووکە گردیان بکەینەوە و بە چاپیان بگەیەنیین. ناوی بنێین ((دۆزی کورد لە چەند باسێکی مێژووییدا)).

لە ناوەڕۆکی پەرتووکەکە بابەتەکان باس لە:

**یەکەم:** ڕەگ و ریشەی کێشەی کورد دەکرێت لە مێژوویی نوێدا تا ئەوەی پەرەی سەندووە وەکو کێشەیەکی نێودەوڵەتی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی.

**دووەم:** فەرمانڕەوایی زەندەکان لە ئێران و لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیی باسی لێوەکراوە و گرنگی ئەو سەردەمە دیارخراوە، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر لە شەڕ و ململانێی دابووینە.

**سێیەم:** لێرەدا ڕاپەڕینی دەرسیمی ساڵی **١٩٣٧** بە سەرۆکایەتی سەید ڕەزای دەرسیمی خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و ئەنجامەکانی دیار خراوە.

**چوارەم:** تایبەت کراوە بە هەڵدانەوەی چەند لاپەرەیەك لە مێژووی پەیوەندییە سیاسییەکانی کورد و ئەڵمانیا لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی، کە بە تایبەت باس لە هەوڵی ئەڵمانییەکان کراوە لەڕێگای ڕەمزی نافیعەوە.

**پێنجەم:** باس لە دۆزی کورد کراوە لە نێوان ململانێی دووجەمسەری جەنگی سارددا و کاریگەرییەکەشی بەسەر کۆماری کوردستان و ڕێککەوتننامەی جەزائیری **١٩٧٥** تاوتۆکراوە.



**شەشەم:** لە دوا بابەت ئاماژە بۆ کەسایەتی ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی(**١٨٩٥-١٩٣٣**) کراوە، کە وەکو کەسایەتییەکی نیشتیمانپەروەر لەسەردەمی خۆیدا ڕۆڵی کاریگەری لەڕووداوەکان گێڕاوە.

بۆ بەرهەمهێنانی ئەم باسانە کە لەم پەرتووکە کۆکراونەتەوە پشتمان بە کۆمەڵێك سەرچاوە بەست و جێگای گرنگی بووینە، بۆ هەندێك جاریش لەبەر گرنگی ناوەڕۆکی باسەکانیان چەند جارێك لە پەراوێزەکان دووبارە کراونەتەوە.

شیاوی باسە دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە هەندێ لە باسەکان ئەنجامی تایبەتی خۆیان هەیە و ئاماژەی بۆکراوە، ئەوە سەرەڕای هەندێ گۆڕانکاری بەسەر بڵاوکراوەکاندا هاتووە بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی پەرتووکەکە بگونجێ.

ماوە بڵێین هیوادارین بەو بەرهەمە توانیبێتمان خشتێك بخەینە سەر پەرتووکخانەی کوردی، خوای گەورە پشت و پەنای هەموومانە.

**ئەحمەد حەمەدئەمین**

**هەولێر ٢٠٠٧**

## رەگ و ریشەی کێشەی کورد

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی - سیاسییە

## (١٥١٤-١٩١٤)[١]

**دەستپێك:**

رەگ و ریشەی کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی نەتەوەیی گرنگی و تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە تاوەکو ئەمڕۆش نەتوانراوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. بۆیە لە سەردەمانی زووەوە تا ئێستا جێگای مشتومڕی مێژوونووسانە، جا بۆ ئەوەی بزانیین رەگ و ریشەی ئەو کێشەیە لە مێژووی نوێدا کەی سەریهەڵداوە و چۆن پەرەی سەندووە؟ بۆ ئەو مەبەستە هاتووین ئەو توێژینەوەمان لەسەر ئەنجامداوە کە لە دووباس و ئەنجامدا هەندێ لایەنمان روون کردۆتەوە.

لە باسی یەکەمدا ئاماژە بۆ رەگ و ریشە و سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکە دەکەین کە سەرچاوە مێژووییەکان بۆ شەڕی چالدێرانی ساڵی ١٥١٤ی دەبەنەوە، کاتێك دەوڵەتی عوسمانی بە سەر دەوڵەتی سەفەوی ئەوکاتەی کە لە ئێران حوکمڕانی دەکرد لەو شەڕەدا سەرکەوت. ئیتر لێرەوە کوردستان دەکەوێتە بازنەی دەسەڵاتی ئەو دوو دەوڵەتە و لە هەمان کاتیش دەبێتە بەرداشی شەڕ و ململانێی عوسمانی و ئێرانی کە ماوەیەکی دوورودرێژی خایاند. هەروەها هەر لەو باسەدا ئاماژە بۆ پەیماننامەی

(١) ئەم باسە لە گۆڤاری توێژینەوە ژمارە( ٦) لە شوباتی ٢٠٠٦ بلاوکراوەتەوە.



زەهاوی ساڵی ١٦٣٩ دەکەین کە لە نێوانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی بەسترا و بۆ یەکەمین جاریش باس لە کورد کرا لە پەیماننامەیەکی هەرێمی، کە کوردستان بە شێوەیەکی پراکتیکی تیادا دابەشکرا. ئینجا لە دواتر باس لەو پەرەسەندنانە دەکەین کە میرنشینە کوردییەکان بەخۆیانەوە بینی و چەند راپەڕینێك هاتە ئاراوە کە سەرەنجام بە رووخانی میرنشینە کوردییەکان کۆتایی هات.

لە باسی دووەم ئاماژە بۆ ئەو پەرەسەندن و بارودۆخە دەکەین کە جیهان بە خۆیەوەی بینی دوای شۆڕشی پیشەسازی؛ کە ئەنجام رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کورستان بە تایبەتی بووە جێگای چاوتێبرینی ولاتە زلهێزەکان، ئینجا ئەو دەوڵەتانە بەرەبەرە هەوڵی خزینی دەسەلاتی خۆیاندا بۆ ئەم ناوچانە، لە هەمان کاتیش رۆڵی خۆیان گێرا بۆ لاوازکردنی دەسەلاتی مەرکەزی عوسمانی و ئێرانی. ئەوە سەرەڕای ئەوەی گرنگی ناوچەکەش لەڕووی ستراتیژی و سیاسیی و ئابووری ململانێکەی خێراتر کرد. لێرەشدا باس لە هەندێ هەوڵی ئەو ولاتانە کراوە وەکو بریتانیا، رووسیا، فەرەنسا و لە دواتریش ئەڵمانیا تا لەئەنجامدا جیهانیان خستە ناو ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانییەوە.

لە ئەنجامیشدا چەند خاڵێك دەخەینەڕوو کە لە دوو تۆی باسەکەدا پێی گەیشتووین.

شیاوی باسە بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە سوودمان لە ژمارەیەك سەرچاوەی مێژوویی وەرگرتووە، لەوانە (کێشەی کورد)ی لازاریێڤ کە باس لە هەوڵی دزەکردنی ولاتە زلهێزەکان دەکات بۆ هاتنە ناوچەکەوە و بۆ باسی دووەمی ئەو لێکۆڵینەوەیە کەڵکی لێوەرگیراوە، هەروەها( خەبات لەڕێی کوردستان)ی خالفین یش سەرچاوەیەکی بە سوود بووە بۆ ئەو باسە . ئەوە سەرەڕای (کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی)ی دوکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی کە وەکو سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بە پێزە و بەکەڵك سوودی زۆری لێوەرگیراوە لە مێژووی ئەو سەردەمی کوردیدا. ئیتر ئەمانە و ژمارەیەکی تری سەرچاوە کە لە ریزبەندی سەرچاوەکاندا ئاماژەمان بۆ کردوون باسەکەیان بە زانیارییەکانیان دەوڵەمەند کردووە.

ماوه بڵێین توێژینەوە لەمەڕ ڕەگ و ڕیشەی کێشەی کورد و پەرەسەندنەکانی وا سانا نییە و ناتوانرێت مافی خۆی بدرێتیٚ، بۆیە ئەگەر کەم و کورییەك لە باسەکەدا هەبێت داواکارین بە چاوێکی رەخنەگرانەوە تێبروانرێت بۆ ئەوەی لە دواتر ئەو کەم و کورتییانە دووبارە نەبێتەوە. خوای گەورەش پشت و پەنای هەموو لایەکمان بێت.

## باسی یەکەم :

## سەرهەڵدانی رەگ و ریشەی کێشەی کورد  لە نێو پەرەسەندنە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا

هەرچەندە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی رەگ و ریشەی کێشەی کورد مێژووییەکی ورد و دەستنیشانکراوی نییە، بەڵام زۆرێك لە مێژوونووسان و نووسەران سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو کێشەیە بۆ رۆژگاری داگیرکاری عوسمانییەکان دەگەڕێننەوە، دوای سەرکەوتنیان لە شەڕی چاڵدێرانی ساڵی ١٥١٤، کە لێرەوە کوردستان بوو بە دوو لەتەوە[٢].

سەرهەڵدانی ئەو کێشەیە بەو شێوەیە جێگای باس و شرۆڤەکردنی سەرچاوە مێژووییەکانە. ئەوەتا قاسملو ساڵی ١٥١٤ بە ساڵێکی شووم دەداتە قەڵەم لە مێژووی گەلی  کورد دا[٣]. بە تایبەت ئەگەر بزانین دەوڵەتی عوسمانی لە دواتر بەرانبەر بە میرنشینە کوردییەکان پەیڕەوی سیاسەتی توندی کردووە، دەستی خستۆتە ناو

(٢) سعدي عثمان حسين، كوردستان و الامبراطورية العثمانية دراسة في تطورها السياسي ١٥١٤-١٨٥١، رسالة ماجستير غير منشورة ، مقدمة الى كلية الاداب جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٩٥، ص ٢٨ .

(٣) عبد الرحمن قاسملو، كوردستان و كورد، ( وەرگێرانی: عبدالله حسن زادە)، بێ شوێنی چاپ ، ١٩٧٣ز ، ل٢٤ .



کاروباری میرنشینەکانەوە. وەك شەرەفنامە ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێ:" **کاتێك کە ئولامە تەکلو سەرپەشتیاری ناوچەی ئازەربیجان  لە دەرباری سەفەوییەکان رایکرد و هاتە دەوڵەتی عوسمانی، سوڵتان سولێمانی قانوونی( ١٥٢٠-١٥٦٦) کە ئەوکاتە سوڵتانی عوسمانی بوو ناوچەی بەدلیسی بەخشی بە ناوبراو، کە میر شەرەفخان (باپیری مێژوو نووس شەرەفخانی بەدلیسی- لێکۆلەر) تیایدا میربوو. بۆیە بوو بە مایەی نارەزای لای میری بەدلیس، ئەویش رووی کردە دەرباری سەفەوی. ئیتر ئەوە بوو شەڕ و کوشتار لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی روویدایەوە و کوردیشی دووبارە لەو شەڕانە تێوەگلاند**"[٤]. کۆتایی نەهاتنی شەڕ و ململانێی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی بەردەوام جرت و فرت و تەراتێنی ئەو سوپا زەبەلاحانە کە زۆربەی کات شوێنی بە یەك گەیشتنیان کوردستان بوو، سنووری شانۆی شەڕەکانی تیادا ئەنجامدەدرا، ماڵوێرانی و کاولکاری ئێجگار مەزنی بۆ کوردستان لێکەوتەوە[٥]. ئەنجامی ئەو شەڕ و کاولکارییەش لە نێوان هەردوو دەوڵەت بە گەلاڵەنامەیەك یاخود رێککەوتنی نێوانیان، کورد و خاکەکەی دەبووە کۆچی قوربانی هەڵسوکەوتە دوژمنکارە بێشوومارەکەیان، کە ئەوانە هەموو فاکتەری راستەقینەی سەرهەڵدانی ئەو کێشە گرنگەن کە دواتر ناوی کێشەی کوردی بەسەردا دەچەسپێنرێت.

ئەگەرچی بەستنی پەیماننامەکان و رێککەوتنەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی لە زووە دەستپێکرد لە ماوەی نێوان شەڕەکانیان، کە هەر لە پەیماننامەی ئەماسیای ساڵی ١٥٥٥، پەیماننامەی فەرهاد پادشا(نەورۆز) ساڵی ١٥٩٠،

(٤) شەرەفخانی بەدلیسی ، شەرفنامە ،( وەرگێرانی: هەژار )، چاپخانەی نوعمان ، نەجەف ، ١٩٧٢ ز ، ل٢٤ ..

(٥) كمال مظهر احمد ، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر ، بغداد،١٩٨٥، ص٢٣.

پەیماننامەی نسوح پادشا ساڵی ١٦١١ و پەیماننامەی سەراوی ساڵی ١٦١٨[٦] پێك هاتبوون. بەڵام لە هەموویان گرنگتر پەیماننامەی زەهاو ساڵی ١٦٣٩ یە، کە لەو پەیماننامەیە سنووری نێوانیان بەشێوەیەکی پراکتیکی دابەشدەکەن. بۆیە پێمان باشە هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو پەیماننامەیە بکەین و لەخاڵەکانی وردبینەوە، چونکێ یەکەمین جارە باس لە کورد دەکرێت لە پەیماننامەیەکی هەرێمیدا کە یەکێك لە بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە وەکو ئاماژەمان بۆ کرد نیشانکردنی سنووری نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بوو، کە خاکی کوردستانی کرد بە دوو بەشەوە، جگە لەوەش کاولکردنی ژمارەیەك قەڵا بوو لە ناوچە کوردییەکان وەکو قەڵای قوتورو ماکۆ لە ناوچەی وان، هەروەها قەڵای مەغازبرد و قەڵای زنجیر لە نزیك قارس، ئەوە سەرەڕای ئەوەی رێگای لە هۆزە کۆچەرییەکان قەدەغەکرد لە هامووشۆکردنی کوێستان و گەرمیاندا، تەنانەت هۆزی جافیش کرد بە دوولەتەوە[٧]. ئەوەی ئەو پەیماننامەیەش لە پەیماننامەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە بووە بەردی بناغەی پەیماننامەکانی تر کە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێرانی بەستران[٨]. هەر بۆیە سەبارەت بەو پەیماننامەیە قاسملو دەلێ: **"دابەشکردنی ساڵی ١٦٣٩ کارەساتێکی گرنگ بوو کە تەئسیری کردە سەر هەموو رووداوەکانی پاشە رۆژی مێژووی گەلی کورد"**[٩]. کوردەکان لە ئەنجامی ئەو رەوشە و ئەو سیاسەتە چەوتانەی هەردوو زلهێزی هەرێمی

(٦) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر پەیماننامەکان بڕوانە: علي شاكر علي، تاريخ العراق في العهد العثماني "دراسة في احوال السياسة ١٦٣٨ —١٧٥٠"، الطبعة الاولى، مطبعة اوفسيت الشعب، بغداد، ١٩٨٥، ص ص٧٤-٧٦ .

(٧) بۆ سەیرکردن و وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی پەیماننامەی زەهاو ساڵی ١٦٣٩ ز بڕوانە:- د.منوجهرباراسادوست، ریشەی تاریخی اختلافات ايران و عراق ١٥١٤ —١٩٨٠ ، چاپی چوارەم ، تهران ، بێ ساڵی چاپ ، ل ل٤٨٢-٤٨٧ .

(٨) سعدي عثمان، المصدرالسابق، ص١١٤ .

(٩) قاسملو ، سەرچاوەی پیشوو ، ل٤٢ .



کە بەکاریان دەهێنا باریان یەکجار لەنگ ببوو، ئیدی لە توانایدا نەمابوو چیدی بەرگەی ئەو رەوشە پڕ لە فشارە بگرن. بۆیە زۆرێك لە راپەڕین و بزاڤی چەکداری لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەرپا بوون کە زۆربەیان داوای ئازادی و ئەنجامدانی چاککارییان لە هەرێمەکانیان دەکرد. لە وانەش راپەڕینی جانولا بەگ لە ساڵی ١٦٠٥، راپەڕینەکانی عەبدوڕڕەحمان پادشای بابان ١٨٠٦-١٨١٣[١٠]...هتد.

شیاوی ئاماژە بۆ کردنە؛ دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان کە تادەیەمی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم لە فراژووبووندا بوون، ئیدی ئەوانە ببوونە کۆسپێك لە بەردەم پێشکەوتنی دام و دەزگای دەوڵەت و پێرۆکردنی سەردەمیانە، بۆیە کارێکی زۆر پێویست بوو سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانی هەڵبستێت بە لەناوبردنیان. ئەوەبوو لەدەیەی سێیەمی سەدەی نۆزدەهەمدا سوڵتان مەحموودی دووەم( ١٨٠٨-١٨٣٩ ) هەڵسا بە پیادەکردنی سیاسەتی مەرکەزی لە دەوڵەت کە ئەوەیش پێویستی دەکرد هەموو هەرێمەکانی دەوڵەت سەر بە بابی عالی بن لە ئەستەنبۆل، بۆیە هەرچی دەسەڵاتە خۆجییەکانی ناوچەکانی دەوڵەت هەبوو لەنێوبران، میرنشینە کوردییەکان یەك بە دوای یەك لەناوچوون لەوانە میرنشینی سۆران لە ١٨٣٦، میرنشینی بادینان لە ١٨٤٢، میرنشینی بۆتان لە ١٨٣٧، میرنشینی هەکاری لە ١٨٤٩و میرنشینی بابان لە ١٨٥١[١١]. هەروەها لە کوردستانی ئێرانیش تەمەنی ئەو دەسەڵاتە خۆجێیانەی

(١٠) بۆ زانیاری لەسەر راپەڕینی جانبولا بەگ بڕوانە: محمد امين زه كى، خلاصة تاريخ الكرد و الكردستان، ترجمة: محمد علي عونى، مطبعة السعادة ،مصر،١٩٣١، ص١٩٩؛ هەروەها سەبارەت بە راپەڕینەکانی عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین ، میرایەتی بابان لە نیوان بەرداشی روم و عەجەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلیمانی ١٩٩٨ .

(١١) بۆ زانیاری لەسەر لەنێوبردنی میرنشینە کوردییەکانی بڕوانە: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا" لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان" ( لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری مێژووی سیاسیدا)، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ل ٣٣- ٥٠.

میرنشینە کوردییەکان لەوەی کوردستانی عوسمانی چاکتر نەبوو کە هەر لە سەردەمی ناسرەدین شای قاجار( ١٨٣٦-١٨٩٦) یەك بە دوای یەك لە نێوبران[١٢].

پیادەکردنی ئەو سیاسەتانە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێرانی بۆ ئەوە بوو کە باری لەنگی دەوڵەت راستبکرێتەوە، بەڵام ئەوە پێچەوانە کەوتەوە هەرچەندەش کەمێك لە تەمەنی ئەو دوو زلهێزەی درێژکردەوە، کەچی دەوڵەت هەر لە خالیدا بوون و بێ سەر و بەری سەرومڕ دەزگاکانی دەوڵەتی تەنیبۆوە. ئیتر بە قووڵ بوونەوەی بێ سەروبەری لە دام و دەزگا کارگێڕییەکانی ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزە، کوردستانیش پشکی گەورەی لە چەرمەسەرییەکان بەرکەوت. وەکو بەڵگە و نموونەش دەبینین کە دواتر لە شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی رووسی لەنێوان ساڵانی ١٨٧٧-١٨٧٨ و دۆڕاندنی عوسمانییەکان لەو شەڕەدا، بە پێچەوانەیەکی ئیجگار خراپ بە سەرباری دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی شکایەوە[١٣]. ئەگەر بزانین ئەنجامی دۆڕاندنی ئەو شەڕە بە مۆرکردنی پەیماننامەی سان ستیڤانۆ لە ٣ی مارتی١٨٧٨ کۆتایی هات، کەچی لە دواتر لەبەر نالەباری تای تەرازووی هێزی نێودەوڵەتی و لەژێر فشاری وڵاتە ئەوروپییەکان بە گشتی و بریتانیا بەتایبەتی ئەو پەیماننامەیە بە پەیماننامەی بەرلین لە ٢٣ی حوزەیرانی١٨٧٨ گۆڕایەوە[١٤].

شیاوی باسە، گرنگی ئەو پەیماننامەیە وامان لێدەکات هەڵوەستەی لەسەر بکەین کاتێك دەبینین زۆربەی بەندەکانی پەیماننامەکە پەیوەندی بە ناوچە کوردییەکانەوەیە، وەکو دانەوەی ناوچەی بایەزید و ناوچەی دۆلی ئەلاشکێر بە دەوڵەتی عوسمانی لە

(١٢) نازناز محمد قادر ، میرنشینەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی قاجارەکاندا ، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی رامیاری و ئابووری ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەدە - هەولێر، ٢٠٠١ ، ل ل٣٦-٥٢.

(١٣) د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٨-٩٤.

(١٤) د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، هەمان سەرچاوە، ل ٩٤.



بەرانبەر دانەوەی ناوچەی قەتور بە دەوڵەتی ئێران[١٥]. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە و پێویستە تێ بروانین ئەوەیە بە هیچ شێوەیەك لەو پەیماننامەیە باسی کورد نەکراوە، تەنیا لە بەندی (٦٤) نەبێت باس لە مافی ئەرمەنەکان دەکات لەگەڵ پاراستنیان لە کورد لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە[١٦]. بۆیە لێرەدا دەتوانرێت بووترێ ئەو ناو هێنانەش بۆ زڕاندنی ناوی کورد بووە نەك بۆباسکردنی.

دەوڵەتی عوسمانی ئەگەرچی پابەندی بە هەندێ بەندەکانی پەیماننامەکە نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی بە بەردێك دوو چۆلەکە بپێکێ، هەڵسا بە گرتنەبەری سیاسەتێکی نوێ، ئەویش ئەوەبوو بڕیاردرا کوردەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، جگە لەوەش کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی ئەوەشیان خستبووە بەرچاوی خۆیان لەسەر حیسابی ئەرمەن کێشەی کورد یەکلا بکەنەوە، بەوەش دەربەگە کوردەکان دەم چەور بکەن و رق و کینەی میللەتی کورد لەرێی راستەوخۆی لابدەن و ئاراستەی بزووتنەوەی ئایینی و نەتەوەی ئەرمەنی بکەن. بڕیاری ئەم هەنگاوە بە پێکهێنانی سوپایەکی تایبەتی لە کوردەکان دەستپێدەکات، ئیتر ئەوە بوو لە ناوەڕاستی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩٠ دا بڕیاری فەرمی دامەزراندنی هێزی چەکداری کوردی بڵاوکرایەوە بە ناوی (سوارەی حەمیدی)[١٧]. سەبارەت بە مەبەستی دروستکردنی ئەو سوپایەش لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی لازارێڤ دەڵێ: **"یەکێك لە ئامانجەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی لە راکێشانی کورد بۆ ئەو هێزە جەنگاوەرە ئەوەبوو لە ئاشووب و شەڕ و هەرای کوردەکان قورتار بن و رزگاریان بێت. ئامانجەکەی تریشیان ئەوە بوو کوردەکان بخەنە**

(١٥) ن. ا.خالفین، خەبات لەرێی کوردستانا، ( وەرگێڕانی: جلال تەقی) ، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ، ١٩٧١ ، ل١٥٥.

(١٦) د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥.

(١٧) م. س.لازارێڤ، کێشەی کورد ١٨٦٩- ١٩١٧،( وەرگێڕانی:- د.کاوس قەفتان)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی جاحظ، بەغدا، ١٩٨٩، ل٨٥-٦ .

**ژێر یاسای زەبت و رەبتی قورس و رقی بەڕێوەبەرایەتی و سوپای دەوڵەتەوە و لەو چوارچێوەیەدا قاڵیان بکەن هەر لەو رێیەشەوە سەربەستی خێڵە کوردەکان لەناوبەرن"**[١٨]. لەو سەردەمانەش کێشەی کورد رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندن دابوو گەلی کورد چیدی بۆ نە دەلوا فریوی دەستی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێرانی بێ، بۆیە لەوسەردەمەدا گەورەترین راپەڕینی کوردی سەریهەڵدا کە راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٨٨٠- ١٨٨١ بوو[١٩]. سەبارەت بە گرنگی ئەو راپەڕینە لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، ئەوەیە ئەگەر بزانین ئامانجی راپەڕینەکە رێکخستنی بەستنەوەی ناوچەکانی کوردستان بوو بە یەکتر، هەروەها چاککردنی باری کوردەکان کە ئەوکاتە بە دەست زوڵم و زۆرداری دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێرانی دەیان نالان، بۆیە دەوترێت ئەو راپەڕینە بیرۆکەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی لەخۆ گرتبوو[٢٠].

به کوژانەوەی چرای راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ئیتر راپەڕینێکی تر بەو شێوە گەورەیە سەری هەڵنەدا، ئەگەرچی لە ناوچە چیاکان بە شێوازی جیاجیا نارەزایی کوردەکان دەبینرا، تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم کە خۆی بینیوە لە راپەڕینی ئیبراهیم پاشای میللی، راپەڕینی شێخ عەبدولسەلام بارزانی ١٩٠٧-١٩٠٨ و راپەڕینی بەدلیس١٩١٣[٢١]. ئیتر بە دواوە کوردستان کەوتە ناو شەڕی کاوڵکاری گەورەی جیهانی کە جەنگی یەکەمی جیهانی١٩١٤-١٩١٨ بوو، ئیتر

(١٨) لازاریف، هەمان سەرچاوە، ل٨٧.

(١٩) سەبارەت بە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بڕوانە: جلیلی جلیلی ، راپەرینی کوردەکان لە ساڵی ١٨٨٠ ،( وەرگێڕانی: د. کاوس قەفتان)، چاپخانەی الزمان ، بەغدا، ١٩٨٧.

(٢٠) خالفین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

(٢١) د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٦، ٢٤٥.



لێرەوە بەدواوە کێشەی کورد پەرەسەندی زیاتری بەخۆیەوەدی، بوو بە کێشەیەکی نێو دەوڵەتی جیهانی[٢٢].

(٢٢) دەوڵەتە زلهێزەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا لە ناو شەڕەکەوە لە ساڵی ١٩١٦ بە بەستنی پەیماننامەی سایکس بیکۆ ناوچەکانی کوردستانیان بۆ خۆیان پارڤە کرد. سەبارەت بە پەیماننامەی سایکس بیکو و چۆنیەتی دابەشکردنی کوردستان لەو پەیماننامەیە لەنێوان وڵاتە زلهێزەکان بروانە: سروە صابر اسعد، کوردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولی الی نهایة مشکلة الموصل١٩١٤-١٩٢٦ ، دراسة تاریخیة سیاسیة وثائقیة، الطبعة الاولی، مطبعة وزارة التربیة/اربیل، ٢٠٠١، ص٦٧.

## باسی دووەم :

## دزەکردنی وڵاتە زلهێزەکان بۆ کوردستان بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان

مەسەلەیەکی بەڵگەنەویستە هۆکاری جۆگرافی بە تایبەتی شوێنی جۆگرافی کاریگەری گەورەی بە سەر ڕێڕەوی مێژووییەوە هەیە. سەبارەت بە کوردستانیش ئەگەر چاوێك بە شوێنی جۆگرافی و تۆبۆگرافیەکەی لە لایەك و ڕێڕەوە مێژووییەکەی لەلایەکیتر دابخشێنین، ئەوا ڕاستی ئەو تیۆرەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەر لە ئەنجامی هەڵکەوتی جۆگرافییەکەی بوو کوردستان باجێکی گەورەی داوە و دووچاری شەڕی بەردەوام بووە لەنێوان ئەو دەوڵەتانەی کە بۆ دەستبەسەرداگرتنی کێبرکێیان کردووە، ئەوانیش لە سەردەمانی مێژووی نوێ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی بوون[٢٣].

بەڵام جیا لەوەش لە دوادواکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ئەو چاو تێبرینە فراوانتربوو، ئەگەر بزانین ژمارەیەکی تری دەوڵەت هاتنە نێو شانۆی ڕووداوەکان ئەوانیش ڕووسەکان کە مەبەستیان بوو لەو ڕێگایەوە بگەن بە ئاوە گەرمەکان، هەروەها بەریتانییەکانیش هەوڵیاندەدا لەڕێگای دەست گرتن بە سەر ئەو ناوچانە بەرژەوەندە ئابوورییەکانیان بەتایبەت لایەنی بازرگانیان لەگەڵ هندستان بپارێزن، جگە لەمانەش فەڕەنسییەکانیش دوای دەستبەسەرداگرتنی میسر لەسەر دەستی ناپلیۆن لە ١٧٩٨ گرنگی و ستراتیژی ناوچەکەیان بۆ دەرکەوت، لەبەرئەوەی

(٢٣) شاكرخصباك ، الكرد و المسالة الكردية، مطبعة الرابطة، بغداد ،١٩٥٤، ص٢١.



لە نامەیەکی (ناپلیۆن) دا دەردەکەوێت کە بۆ تەزاری ڕووسی نووسیویەتی و دەڵێ: " **ڕێگای فورات نەخشەی دواڕۆژ دەنەخشێنی** "[٢٤]. بۆیە دەتوانرێت بوترێ گۆڕانکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، لە هەموو چاخ و سەردەمێك کار لەیەکتر دەکەن و ئەو پێشەوەچوونەی لە سایەی شۆڕشی پیشەسازییەوە هاتە ئارا، کار لەیەکترکردنەی گەورەتر و خێراتر کرد و جیهان بوو بە ناوچەیەکی ململانێی لەسەر بەرژەوەندییەکان و ململانێکەش گەیشتە هەموو شوێنێك.

شیاوی باسە، سەرەتای پەیوەندی ڕووسەکان لەگەڵ کورد کە هاوسێی یەکتر بوون دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، کاتێك ڕووسەکان لە سنووری کوردستان نزیکبوونەوە و کەوتنە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانی لە ١٨٠٤-١٨٠٦، ئینجا هەوڵیاندا کوردەکان بە لای خۆیان ڕابکێشن. ئەوەتا خالفین ئاماژە دەکات و دەڵێ:" **لە کاتی جەنگدا سەرلەشکری ڕووسی (جیگانۆڤ) نامەیەك بۆ( حوسێن ئاغا) سەرۆکی کوردە کۆچەرییەکانی یەریڤانی دەنێرێ داوای لێدەکات سوارەکانیان لە ژێر فەرماندەیی لەشکری ئێران دەربهێن و پەیوەندی بە ڕووسەکان بکات لە بەرامبەر دانان بە مافی، بەڵام ئەو هەوڵەی ڕووسەکان بێ ئەنجام بوو، ئەگەرچی لە ١٨٠٥ دووبارە هەوڵیاندایەوە کەچی دواتر ڕووسەکان تەنیا هەوڵی ئەوەیان دەدا کوردەکان لە شەڕەکان بێلایەن بن**"[٢٥].

سەبارەت بە بەریتانییەکانیش ئەوا لەو کاتەی بەریتانییەکان بەردەوام بوون لە هاموشۆکردن لە ناوچەکەدا، دواتر لە سەدەی نۆزدەهەم هاموشۆکردنیان زۆر زیادی کرد کاتێك کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵاتی لە بەغدا ساڵی ١٨٠٦ کرایەوە کە ڕیچ سەرپەشتیاری ئەو کۆمپانیایە بوو و هەڵسا بە ئەنجامدانی گەشتێکی دوورودرێژ بە

(٢٤) فؤاد منظر نصيف الدليمي، تغلغل النفوذ البريطاني في العراق ١٨٦٩- ١٩١٤، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩، ص٣٧.

(٢٥) خالفين، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

ناوچە کوردییەکان و پەیوەندی کردن بە سەرۆك هوزە کوردییەکان. ئەوە بوو بەریتانیا هەر لە سەرەتای ئەو سەدەیە چەند کۆنسوڵخانەیەکی کردەوە لە کوردستان لەوانە لە ورمێ و وان[٢٦].

زێدەبوون و چڕبوونەوەی ململانێی نێودەوڵەتی؛ وەك ئاماژەی پێکرا کاریگەری گەورەی لەسەر بزاڤی نەتەوەیی کوردستان هەبوو، هەربۆیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا چەندین میری بەناوبانگ وەدەرکەوتن کە جێگای دیاریان لە مێژووی کورددا گرتوتەوە لەوانە محەمەد پادشای ڕەواندزی (١٨١٣-١٨٣٦) و، بەدرخان پاشا (١٨٢١- ١٨٤٢) میری بۆتان. بەڵام لەبەرئەوەی بە دەسەڵات بوون و فراوانخوازی ئەو میرانە لە بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان نەبوو، بۆیە دەوریان هەبوو لە دامرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینانەی کە ئەنجامیاندا، ئەوەتا جەلیلی جەلیلی ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێ: **" بەریتانیا لەڕێگای کۆنسوڵییەکانی دەوری کاریگەری هەبوو لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینە کوردییەکان بۆ وێنە کونسوڵی ئینگلیز لە ئەرزەڕۆم گەشتێکی گشتیی بۆ کوردستان کرد بۆ ئەوەی زانیاری دەربارەی ئەو سەرۆکە کوردانە کۆبکاتەوە کە جێگەی مەترسی بوون بۆ دەوڵەتی عوسمانی، لەڕێی دیاری و بەڵێنەوە هەوڵیدا ئەو سەرۆکانە بۆ لای خۆیان ڕابکێشی"**[٢٧].

لاوازبوونی هەردوو دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێرانی و تێخزین و هاتنە ناوەوەی وڵاتە زلهێزەکان خێراتر بوو بە تایبەتی بەریتانیا و رووسیا کە تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان کاریاندەکرد بێ ئەوەی بە تەنگ داواکانی خەڵکی ناوچەکەوە بچن، وەك چۆن ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم هەڵوێستیان دژایەتی بوو لە بەرانبەر ڕاپەڕینە کوردییەکان لە کاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی ١٨٨٠ —١٨٨١ بە هەمان شێوە هاوکاری و هەماهەنگی ئەو دوو وڵاتەیان کرد بۆ لێدانی ڕاپەڕینەکە و سەرکوتکردنی . بۆ ئەو مەبەستەش سافرستیان دەڵێ: **" شێخ عوبەیداللە دەیتوانی تەورێز و ئازربێجانیش بن دەست بکات ئەگەر ڕێککەوتنی تورك و ئێران نەبوایە، بە هاندانی روس و ئینگلیز بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی"**[٢٨].

(٢٦) جلیلی جلیلی، راپەڕینی کوردەکان، ل٤٨ .

(٢٧) هەمان سەرچاوە، ل٤٩ .



ئەوەی ململانێیەکەی زیاتر خەستکرد لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەم، هاتنە ناوەوەی ئەڵمانەکان بوو، کە ئەویش وەکو هێزێك بە چوستییەوە هاتە سەر شانۆی ململانێیەکە، ئاشکرایە دوا بە دوای شەڕی سەربەخۆیی و راگەیاندنی یەکێتی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٧١ کە ئەو پێشوەچوونەی بەخۆیەوە بینی بە تایبەت لە بواری ئابووری، ئیتر ئەوە بوو سەرکردەکانی ئەڵمانیا بیریان لە زەوی زیاتر کردەوە بۆ دەسەڵاتی خۆیان. بۆ ئەوەش هاتنە مەیدانەوە لەگەڵ بەریتانییەکان و فەرەنسییەکان. سەرەتای ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیماننامەی بەرلین ساڵی ١٨٧٨ کە بە سەرەتا پەیوەندی نێوان ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت و لەوە بەدواوە بەرژەوەندییەکانیان یەکتر دەگرێتەوە[٢٩].

گۆڕانکارییە ئابوورییەکان کە لە دواتر گۆڕانکاری سیاسی بەدواداهات کاریگەریی لەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هەبوو، کاتێك گرنگی کانە پەترۆڵەکانی کوردستانی بە دیارخست وەکو شەمزینی دەڵێ: **" کوردستان وەك دەوڵەمەندترین ناوچە پەترۆڵییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و نزیك، سەرنجی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی راکێشا و کۆنترۆڵکردنی بوو بە یەکێك لە ئامانجەکانیان، سەرەنجام کوردستان بووە گۆڕەپانی ململانییەکی توند و تیژی نێوان ئەلمانیا و بەریتانیا و روسیای تەزاری بۆ بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە و فریودانی کورد**

(٢٨) ئارشاك سافرستیان، مێژووی کورد و کوردستان، (وەرگێڕانی: عبداللە شالی )، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٤٠.

(٢٩) کامەران احمد محمد امین ، کوردستان لەنێوان ململانێ نێودەوڵەتی و ناوچەییدا ١٨٩٠-١٩٣٢، توێژینەوەك لە مێژووی سیاسی و ئابووری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣٦.

**سیخورانی ئینگلیز و ئەلمانی و روسی خزانە ناو کوردستانەوە و هەریەکەیان لاف و گەزافی ئەوەی لێدەدا وڵاتەکەی مافی گەلان دەسەلمێنی و پیشتیوانی لە داخوازییەکانی گەلی کورد دەکا"**[30].

لێرەشدا کوردستان بۆ هەریەك لە ئەڵمانیا و بەریتانیا و روسیا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبوو، هەریەك بە چاوێك سەیری دەکرد، بۆیە هەر لایەك لە چالاکی لایەکی تر دەسڵمینەوە. ئەوەتا کۆنسوڵی فەرەنسا لە ئەرزەرۆم دەڵێ: **" هەر هێندەی کۆنسوڵێکی روسی سەردانی ئەم یان ئەم سەرۆکی کوردی بکردایە، کۆنسوڵێکی ئینگلیزی خێرا سەردانی دەکرد، کۆنسوڵەکانی بەریتانیا هەمیشە وەك سایەی کۆنسوڵەکانی روسی بوو ولێیان جیانەدەبووە"**[31].

ئیتر ماوە بڵێین ئەمریکاییەکانیش هەوڵی ئەوەیان دەدا جێپێی خۆیان لە کوردستان بکەنەوە، ئەوەتا کوشتنی (لینتسی) کە مسێۆنێرێکی ئەمریکی بوو لە **١٨٩٥** دەکەن بە بیانوو بۆ کردنەوەی کۆنسوڵخانەیەك لە ئەرزەرۆم، هەروەها دواتر یەکێکی تریش لە خەرپوت دەکەنەوە، ئەگەرچی لە سەرەتا دەسەڵاتدارانی عوسمانی نارەزایی دەردەبرن[32].

شیاوی باسە، سەرەرای ململانێ و هەوڵدانی وڵاتە زلهێزەکانی بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکە جۆرە نزیك بوونەوەیەك لەنێوان وڵاتەکان هاتە ئاراوە وەکو پەیوەندی ئەڵمانی و عوسمانی بۆ راکێشانی هێڵی ئاسنی بەغدا بەرلین و دواتریش پەیمانی بەریتانی روسی **١٩٠٧**. بەڵام ئەنجامی ئەوتۆی نەبوو، لەبەرئەوەی ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسییانەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا روویاندا ململانێیەکەیان لەسەر کوردستان چڕترکردەوە و هەوڵە

(٣٠) د. عەزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگاری نیشتیمانیی کوردستان، (وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد) ، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژیی کوردستان، چاپی چوارەم ، ٢٠٠٦، ل٩٨.

(٣١) لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

(٣٢) لازاریف ، هەمان سەرچاوە، ل١٦١.



دبلۆماسییەکانیش نەدەشیان بە تەنیا ململانێیەکە رێکخەن و بەرێوەی بەرن، بۆیە ململانێیەکە شێوازێکی تری وەرگرت و ناکۆکی نێوان بەرژەوەندییەکانی ئەو هێزانە لە هەموو جیهان رووبەرووی یەکتر بووە، ئەوەش بووە هۆی برینی زمانی دبلۆماسی و دانوستان و وەگەرخستنی زمانی چەك کە سەرەنجام لە حوزەیرانی ساڵی **١٩١٤** جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا و کوردستانیش وەك چۆن ببووە گۆرەپانی ململانێیە سیاسی و ئابوورییەکە لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بە هەمان شێوە ببووە گۆرەپانی بەیەکدادان و شەر و کوشتار[33].

(٣٣) کامەران احمد محمد امین، سەرچاوە ی پێشوو ، ل٤٩ .

## ئەنجام:

لە ئەنجامی ئەو باسەدا گەیشتنە ئەو خاڵانەی خوارەوە:

گرنگی و ستراتیژی کوردستان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە وشکانییەوە هەموو ڕێرەوە دەریاییەکانی بەیەکەوە دەبەستایەوە، بۆیە دەتوانرێ بوترێ دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بۆیە هەموو کات شوێنی پێکدادان و ململانێی وڵاتان بووە.

لەو ماوەیەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگی ناوچەکە بۆ وڵاتەکانی دەوروبەری و جیهان بە دیار کەوتووە، هەر لەبەرئەوە هەردەم لە پێشبڕکێ دابوون بۆ ئەوەی پشکی زیاتریان بەرکەوێت.

چاو تێبرینی وڵاتە زلهێزەکان بۆ ناوچەکە وای لەو دەوڵەتانە کردووە لە کاتێکدا کە بەرژەوەندییان بەلای کورددا بووە هەوڵیانداوە بۆ لای خۆیان ڕاکێشیان بکەن، بەڵام هەرکە بەرژەوەندییان لەگەڵ کورد نەماوە ئیتر پشتیان لە کورد کردووە و پشتیان لە ئەرز داوە، بۆیە دەتوانرێت بوترێ تا ئەمڕۆ کورد دەردی ئەو ڕۆژانەی دەخوات و لە نەهامەتییەکانیدا دەژیت، لەبەر ئەوەی ڕۆژگارە تاڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئەو چاو تێبرینە و ململانێیە کە وڵاتەکان دەیانکرد لە نێوان خۆیان و سەرئەنجام کوردستانیان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دووبارە دابەشکردەوە. کە تا ئەمڕۆش بە دەست ئەو پارچە پارچەییە دەناڵێنێ.

## فەرمانڕەوایی زەندەکان لە ئێران

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی - سیاسییە

## (١٧٥٧-١٧٩٤)[٣٤]

### دەستپێك:

مێژووی سیاسی ئێران هەر لە سەردەمانی کۆنەوە تا ئێستا بە چەند قۆناغێکی جیاجیادا تێپەریوە و گەلێك دەسەڵاتی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیەوە کە جڵەوی فەرمانڕەواییان گرتۆتە دەست. لە سەدەی هەژدەهەمی زایینیشدا لە دوای کوژرانی( نادر شای ئەفشاری) بارودۆخی ئێران پەشێوی و شپرزەیی تێکەوت، ئیتر ئەو باردۆخە ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ هاتنە سەر دەسەڵاتی زەندەکان کە توانییان نزیکەی نیوسەدە فەرمانڕەوایی ئێران بکەن. جا بۆ ئەوەی بزانین باری ئێران لە سەردەمی فەرمانڕەوایی زەندەکان چۆن بووە و بە چ شێوەیەك تێپەریوە؟ هاتووین ئەو باسەمان لەسەر ئەنجامداوە کە لە پێشەکی و سێ تەوەرە و ئەنجام پێکهاتووە.

لە تەوەری یەکەمدا ئاماژە بۆ ئەو بارودۆخە دەکەین کە ئێران تێیکەوتبوو لە دوای فەرمانڕەوایی نادر شا کە ئەنجامی ئەو بارودۆخە ڕێگا خۆشکەر بوو لە بەردەم کەریم خانی زەند بۆ چەسپاندنی فەرمانڕەوایی زەندەکان لە ئێران و سەرکەوتنی بە

(٣٤) ئەم باسە لە گۆڤاری هزرین ژمارە( ٤) زستانی ٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە.



سەر هێزە نەیارەکانی کە لە پاشان تاڕادەیەك باری ئێران لە سەردەمی فەرمانڕەوایی کەریم خان بەرەو هێور بوونەوە هەنگاوی نا.

لە تەوەرەی دووەمدا باس لە فەرمانڕەوایی زەندەکان لە ئێران دەکەین بە گشتی هەر لە سەردەمی دوای جێگر بوونی کەریم خان و سەردەمی دوای ئەو کە جارێکی تر ئێران دوای کەریم خان باری کەوتەوە لەنگی لە ئەنجامی ململانێی لەسەر دەسەڵات لە ناوخۆی بنەماڵەی زەندەکان لە لایەك و، لەگەڵ بنەماڵەی قارجارەکان لەلایەکی دی.

لە تەوەرەی سێیەمدا پەیوەندییەکانی ئێران لە سەردەمی فەرمانڕەوایی زەندەکان لەگەڵ هەریەك لە میرنشینی ئەردەڵان و بابان، هەروەها لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە ئەوروپییەکان شەنوکەو و تاوتۆی دەکەین.

بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو لێکۆڵینەوە سوودمان لە ژمارەیەك سەرچاوە وەرگرتووە، لە وانە ( تاريخ گيتى گشا زنديه)ی میرزا محمد صادق موسوی "نامی اصفهانی " کە ناوبراو لە ساڵی ١٧٨٩ کۆچی دوایی کردووە و هاوچەرخی ڕووداوەکان بووە، هەروەها مێژوونووسی ئینگلیزی( سرجون مالکوم) لە( تاريخ ايران )دا ئاماژەی بۆ زۆر لایەنی ئەو سەردەمەی ئێران کردووە و بۆ ئەو باسە سوودمەندیی لێوەرگیراوە. (رضا شعبانی) لە( تاريخ سياسى — اجتماعى ايران دورەهای "افشاريه و زنديه ") و، (د.محەمەد وصفى ابو مغلى)لە (ايران دراسة عامة) کە دوو سەچاوەی جیاوازن، زانیارییەکانی نێو ئەو دوو سەرچاوەیەش کەڵکیان لێوەرگیراوە و لە پەراوێزەکان زۆر جار دووبارە کراونەتەوە. بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ( مێژووی شاهەنشاهانی کوردی زەند لە ئێران )ی (حوسێن حوزنی موکریانی)یش بکەین کە بە تێر و تەسەلی فەرمانڕەوایی زەندەکانی لە ئێران باس کردووە و بۆ ئەو باسە جێگای کەڵك و پڕبایەخ بووە. ئیتر ئەمانە و ژمارەیەکی تری سەرچاوە کە لە ریزبەندی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە بە زانیارییەکانیان ئەو باسەیان دەوڵەمەندکردووە.

ماوە بڵێین ئەو توێژینەوەیە هەروا سانا نەهاتۆتە ئەنجام، بۆیە لە کاتی ئامادەکردنی ئاستەنگ هاتوونەتە ڕێ و پێوەی هیلاك بوین، کە ڕەنگە ئەو

ئاستەنگانە هۆکارێك بووبن کە باسەکە لە هەڵە و کەم و کورتی بەدوور نەبێت، بۆیە دەخوازم بە چاوێکی رەخنەگرانە سەیر بکرێت بۆ ئەوەی لە دواتردا بتوانی لافی توێژینەوەیەکی زانستی مێژووی لێبدات. خوای گەورە پشت و پەنای هاوکاران و هەموولایەکمان بێت.

## تەوەرەی یەکەم: زەمینە خۆشکردنی هاتنە سەر دەسەلآتی زەندەکان [35]

کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم و سەرەتای سەدەی هەژدەهەم نیشانەکانی لاوازی و بێهێزی لە دەوڵەتی سەفەوی زیاتر وەدەرکەوتن، لە ئەنجامی خراپی باری ناوخۆی وڵات بەهۆی هاتنە سەر دەسەلآتی ژمارەیەك شای لاواز لە فەمانڕەوایی و زیاد بوونی رەگەزی بێگانە لەنێو سوپادا کە رێگا خۆشکەر بوو بۆ دەست خستنە نێو کاروباری دەوڵەت. ئەوە سەرەڕای بەردەوامی ململانێیە دەرەکییەکانی دەوڵەت لە بەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا کە باری وڵاتی قورستر کردبوو. بۆیە ئەفغانەکان ئەم هەڵەیان قۆستەوە و لە بەرەی رۆژهەڵات هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی سەفەوی و توانییان دەستبەسەر ئەسفەهان بگرن و ماوەی نێوان(١٧٢٢-١٧٣٦) فەرمانڕەوایی ئێران بکەن[٣٦].

شیاوی باسە لە کۆتاییەکانی ماوەی حوکمڕانی ئەفغانەکان سەرکردەیەکی سەربازی هاتە مەیدان ئەویش نادر بوو، کە توانی لە ١٧٣٦ کۆتایی بە دەسەلآتی

(٣٥) زەندەکان بەشێکن لە عەشیرەتی( لەك )و لە نێو خۆیاندا دابەشدەبن بە سەر سێ تیرەی سەرەکی( زەند بگلە، زەند هزارە و زەند خراجی) تیرەی بگلە و هزارە لە چینە دەسەلآت دارەکانن، تیرەکەی تر لە خەڵکی ئاسایی و رەشۆکین. بە گشتی زەندەکان لە ناوچەکانی رۆژئاوا و باشووری رۆژئاوی ئێران دا نیشتەجێن. رضا شعبانی، تاریخ سیاسی – اجتماعی ایران دورهای ( افشاریە و زندیە )، تهران، ١٣٣٧، ل ١١٨.

(٣٦) راجر سیوری، ایران در عصر صفوی، ( ترجمە : کامبیری عزیزی )، جاب ١، تهران، ١٣٧٢، ل ٢٢٤.



ئەفغانەکان بهێنێ و لە دواتر بە ناوی نادرشا حوکمڕانی ئێران بکات. بەلآم کاتێك نادرشا سەرکردایەتی هێرشێکی دەکرد بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونێك لە ناوچەی فەتح ئاباد لە هەرێمی قۆچان لە ٢٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٧٤٧ بە دەستی هەندێ لە کەسانی هۆزەکەی خۆی لە خێمەکەیدا کوژرا[٣٧]. ئیتر لێرە بە دواوە بارودۆخێکی نالەبار هەموو ئێرانی گرتەوە، لەبەر ئەوەی سەردارانی سوپای نادرشا کەوتنە ململانێ بۆ بەدەستهێنانی دەسەلآت، لە وانە ئەحمەد خانی ئەبدالی کە سەرکردەیەکی سوپایی بوو لە نێو سوپای نادرشا، ناوبراو گەرایەوەی قەندەهار و توانی زۆرینەی ناوچەکانی رۆژهەلآتی ئێران بخاتە ژێر دەسەلآتی خۆی و لە پاشان بناغەی سەربەخۆیی دەوڵەتی ئەفغان دابنی لەئەفغانستاندا[٣٨]. لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەکانی تری ئێران لە ئاژاوە بێبەش نەبوو لەوانە کەریم خانی زەند و عەلی مەردان خانی سەرۆکی هۆزی بەختیاری و ئەبو فەتح عەلی خانی بەختیاری لە ناوچەی ئەصفەهان و ئازاد خانی ئەفغانی لە ناوچەی ئازەربێجان و محەمەد حوسێن خانی قاجار لە هەرێمی ئیسترئاباد و مازەندەران کەوتنەخۆ بۆ راکێشان و کێش کردنی باری وڵات لە بەرژەوەندی خۆیان. بۆ پێشاندانی بارودۆخەکەش حوسێن حزنی موکریانی ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێ: " **بەچاو سەیری هەرکامێك لەم هێزانەت دەکرد دەگوترا سەردەکەوێ**"[٣٩].

سەرەتای ململانێکەش عەلی مەردان خان هێرشی کردە سەر ئەبو فەتح خان لە ساڵی ١٧٥٠ لە ناوچەی ئەسفەهان و لە هێرشەکەیدا شکا. بۆیە هەستی بەوە کرد بەبێ هاوکاری ناتوانی بە سەریدا سەرکەوێت و ئامانجەکانی بهێنێتە دی. لە ئاکامدا هانای بردە بەر کەریم خانی زەند و لەگەڵی رێککەوت، ئینجا هەردوولا سوپایان

(٣٧) محمد وصفی ابو مغلی، ایران راسە عامە، بصرە، ١٩٨٥، ص ٢٦٨.

(٣٨) عبدالله رازی، تاریخ کامل ایران از تاسیس سلسلە ماد تا انقراض قاجاریە، تهران، ١٣٧٤، ل ٤٤٨.

(٣٩) حسین حزنی موکریانی، مێژووی شاهەنشاهی کوردی زەند لە ئێران لە ساڵانی ١٧٤٩-١٧٩٦، رواندز، ١٩٣٤، ل ٢٤.

ئامادەکرد و هێرشیان کردە سەر شاری ئەسفەهان و لەگەڵ سوپای ئەبو فەتح خان کەوتنە شەڕەوە، دەرئەنجام سوپای ئەبو فەتح خان لەو شەڕە شکا و دوای چەند ڕۆژێك خۆی دابەدەستەوە(٤٠). بەڵام دوای خۆ بە دەست دانەوەی ئەبو فەتح خان هەر سێ لا ڕێککەوتن، بە پێی ئەو ڕێککەوتنە (شائیسماعیلی سێیەم)(٤١) یان لەسەر تەختی شایەتی دانا و خوتبەیان بە ناوی ئەو خوێندەوە و دراویان بە ناوی ئەو لێدا، لەنێو خۆشیان هەر یەکەیان دەسەڵاتیان دابەشکرد. عەلی مەردان خان بووە وەکیلی شا، کەریم خانیش بە سەرداری سوپا و ئەبو فەتح خان بە فەرمانڕەوای شاری ئەسفەهان. بەڵام دەبێ بزانین دانانی شائیسماعیل شەرعییەت دان بوو بە دەسەڵاتەکەیان، لەبەرئەوەی شائیسماعیل لەدایکەوە دەگەڕایەوە بۆ سەفەوییەکان(٤٢).
سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو ڕێککەوتنەی نێوان خانی زەند و سەرداری بەختیاری ماوەیەکی زۆری نەخایاند، ئەوەتا لە کاتێکدا کەریم خان سەرقاڵی فراوان کردنی سنووری دەسەڵاتەکەی بوو لە ناوچەکانی تاران و قەزوین و عێراقی عەجەمی، عەلی مەردان خان ئەمەی بە هەل وەرگرت و هەڵسا بە کوشتنی ئەبو فەتح خان و فەرمانڕەوایی شاری ئەسفەهانیشی دایە باباخانی بەختیاری(٤٣). ئیتر لێرەوە هاوپەیمانەتییەکە هەڵوەشایەوە و سوپای بەختیاری هێرشی کردە سەر شاری شیراز و دەستی بەسەر داگرت و سیاسەتێکی توند و تیژی بەرانبەر خەڵکی شارەکە نواند. ئەوەتە شایەد حاڵێك باسی بارودۆخەکە دەکات و دەڵێ " **شەش مانگ فەرمانڕەوایی ئەو سەگە( مەبەستی عەلی مەردان خانە- لێکۆلەر) زۆرتر نەبوو، بەڵام بە لایەنی**

(٤٠) سرجون مالکوم ، تاریخ ایران، ( ترجمە: میرزا حیرت)، جلد دوم، هندوستان، ١٨٦٧، ل ٦١.
(٤١) ناوی میرزا ئەبو توراب کوڕی میرزا سەید مورتەزا نەوەی شاحوسێنی سەفەوی بوو. محمد وصفی ابو مغلی ، المصدر السابق ، ص ٢٧٠ .
(٤٢) **محمد وصفی ابو مغلی ، نفس المصدر و صفحة**
(٤٣) عبد العظیم رضائی، تاریخ دە هزار سالە ایران از تاسیس سلسلە افشاریە تا انقراض قاجاریە، تهران، بی شوینی چاپ، ل ٤٦.



**ئێمەوە لە شەش ساڵ زۆرتری خایاند"**(٤٤). دوای ئەوەی کەریم خان بەو هەواڵەی زانی ژمارەیەکی زۆری لە سوپاکەی کۆکردەوە و ڕووی کردە ئەسفەهان لە هێرشێکدا دەستی بەسەر داگرت و سادق خانی برای تیادا کردە فەرمانڕەوا. لە بەرانبەر ئەوەش عەلی مەردان خان هەڵات بەرەو ناوچەکانی خوارووی ئێران. کەچی دواتر دووبارە هێرشی کردەوە سەر شاری شیراز و لەگەڵ سوپای زەندەییەکان کەوتنە شەڕەوە، بەڵام لەو شەڕەدا ژمارەیەك لە سوپای عەلی مەردان خان خۆیان دا بەدەست سوپای زەند و سوپای زەند کۆنترۆڵی شاری شیرازی کرد و عەلی مەردان خانیش بە دەستی یەکێك لەپیاوەکانی لە ١٧٥٣ کوژرا(٤٥). یەکلا بوونەوەی کەریم خان لەو بەرەیەدا، کەریم خانی ڕووبەڕووی ئازاد خانی ئەفغانی لە ناوچەکانی ئازەربێجان و محەمەد حوسێن خانی قاجار کردەوە کە دەبوو سنوورێك بۆ دەسەڵاتی ئەوانیش دابنێ. بۆیە لەسەرەتا ڕووی کردە ئازاد خان، چونکێ بەرایی ناکۆکی نێوان کەریم خان و ئازادخان دەگەڕایەوە بۆ کاتێك کە کەریم خان لەگەڵ عەلی مەردان خان لەململانێدا بوو، لەبەر ئەوەی ئازاد خان هاوکاریی پێشکەش بە عەلی مەردان خان کردبوو، بۆیە کەریم خان لێی داخ لەدڵ بوو، ئەگەرچی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن دواتر ئازاد خان داوای لێبووردنی لە کەریم خان کردووە، بەڵام کەریم خان ئەو داوایەی ڕەت کردۆتەوە(٤٦). بۆیە شەڕ کەوتە نێوانیان و ئازادخان شکا و ڕووی کردە لای والی بەغدا، بەڵام لە بەرئەوەی والی بەغدا هیچ ڕووی پێنەدا، بۆیە ڕووی کردەوە لای کەریم خان و ئەویش ریزی لێنا و کردی بە سەرداری یەك لە سوپاکانی(٤٧).
دوای خۆ بەدەستدانی ئازاد خان ئەوەی مابۆوە محەمەد حوسێن خانی قاجار بوو کە وەکو کۆسپ لە بەردەم کەریم خاندا وابوو دەبوو ڕووبەڕووی بێتەوە، ئەنجام

(٤٤) رضا شعبانی، مصدر پیشین، ل ١٢٦.
(٤٥) رضا شعبانی، همان مصدر، ل ١٢٨.
(٤٦) عبدالعظیم رضائی، مصدر پیشین، ل ٤٧.
(٤٧) محمد وصفی ابو مغلی، المصدر السابق، ص ٢٧٠.

هەردوولا لە ناوچەی ئیسترئاباد کەوتنە شەڕەوە، سەرەتا تەرازووی هێز بە لای سوپای محەمەد حوسێن خانی قاجار داشکایەوە، بۆیە کەریم خان بە ناچاری گەرایەوە ناوچەی تاران بە مەبەستی خۆ تەیارکردن. لە بەرانبەر ئەوەدا سوپای قاجار دەستی بەفراوانخوازی کرد و هێرشیان هێنایە سەر شاری شیراز و لە ١٧٥٧ گەمارۆیاندا، بەڵام لە کاتی گەمارۆدانەکەدا سوپای قاجار زۆربەیان خۆیان بە دەست سوپای زەندەوە دا، لەبەر ئەوەی زۆربەی سوپاکە لە ئەفغانەکان پێکهاتبوون و دڵسۆزی شا نەبوون. ئیتر بەوشێوەیە شیرازەی سوپای قاجارەکان لێك ترازان و شکان، خانی قاجاریش بە زۆری رزگارییبوو. شێخ عەلی خانی زەند کە سەرکردەیەکی سوپای زەند بوو دوای هێزە هەڵاتووەکە کەوت و توانی محەمەد حوسێن خانی قاجار بکوژێ(٤٨).

سەرکەوتنی سوپای کەریم خان لەو شەڕەدا رێگا خۆشکەر بوو لە بەردەم کەریم خان تا دەسەڵاتی بگەرێنێتەوە ئەسفەهان و ئەو ناوچانەی لە دەستی دابوون و بیانخاتەوە بازنەی قەڵەمڕەوی خۆی لەساڵی١٧٥٧. بەڵێ کەریم خان بەو جۆرە بە یەکەم پلەی ئاواتی خۆی گەیشت و فەرمانڕەواییەکی سەربەخۆی دامەزراند و ئیدارەی زەندەکانی جێگیرکرد کە لە تەوەرەی دواتر باسی لێوە دەکەین.

## تەوەرەی دووەم : فەرمانڕەوایی زەندەکان لە ئێران ١٧٥٧- ١٧٩٤

دوای ئەوەی کەریم خان توانی بە سەر هێزە نەیارەکانی سەرکەوێت و بناغەی دەسەڵاتەکەی دابمەزرێنێ، ئیتر دەستی بە رێکخستنی باری وڵات کرد و شاری شیرازی کردە پایتەختی خۆی. بەڵام لەگەڵ ئەوەش سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کەریم خان ناوی لە خۆی نەناوە شا، بەڵکۆ خۆی بە( وەکیلی شا) یاخود( وکیل الرعایە) داناوە، ئەوەش زیاتر بۆ مەبەستی داننانی شەرعییەت بە دەسەڵاتەکەی بوو، بۆیە شائیسماعیلی سێیەمی بە شا دانا(٤٩). کەریم خان لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆی

(٤٨) سرجون مالکوم، مصدر پیشین، ل ٦٩" حسین حزنی موکریانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

(٤٩) محمد وصفی ابو مغلی ، المصدر السابق ، ص ٢٧٠.



گرنگی زۆری بە لایەنی سەربازیدا بۆ ئەو مەبەستەش سوپایەکی پێکەوە نا و سادق خانی برای کردە سەرداری ئەو سوپایە. ئەوە جگە لەوەی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا لایەنی ئابووری بە گشتی و کشتوکاڵ و بازرگانی بە تایبەتی بووژانەوەی زۆری بە خۆیەوە بینی. بەتایبەت بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی کە ئەمەش دەرئەنجامی ئارامی و ئاسایشی بارودۆخی وڵاتی ئێران بوو لەو سەردەمە. ماوەبڵێین لایەنی ئاوەدانی و پێشکەوتنی وڵات لە سەردەمی کەریم خان گەیشتە ئەوپەڕی، بەتایبەت شاری شیراز کە جێگای باسکردن و مشتومڕی سەرچاوە مێژووییەکانە(٥٠).

شیاوی باسە لەگەڵ ئەوەی کەریم خان کەسایەتییەکی نەخوێندەوار بوو، بەڵام پشتگیری زۆری زانستی کردووە، ئەوەتە کۆمەڵێك قوتابخانەی گەورەی دروستکرد، جگە لەوەش بایەخی بە زانا و شاعیران داوە و رێزی لێناون و لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکان و دانیشتنەکانی هەمیشە بە زانا و شاعیران رازاوەتەوە، هەر لە سەردەمی ئەودا بوو گۆڕی شاعیری گەورەی شاری شیراز( حافزی شیرازی) نوێ کراوەتەوە(٥١). هەموو ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کرد نیشانەی باشی باری ئێران بوو لە سەردەمی کەریم خاندا، یاخود بڵێین ئەنجامی هەوڵ و کۆششەکانی ئەو بوو، ئەگەرچی سەرچاوە مێژووییەکان بەشێکی ئەو بارودۆخە بۆ توندوتیژی زەکی خانی برای دەبەنەوە، گوایە لەبەر دەسەڵاتی ئەو کەس نەیوێراوە یاخی بێت(٥٢).

ئیتر مۆمی تەمەنی کەریم خانی زەند دوایی تەمەنی هەشتا ساڵی و بیست و دوو ساڵ فەرمانڕەوایی لە بەهاری ١٧٧٩ کوژایەوە و بە مردنی ئەو دووبارە ئاژاوە و ململانێی لە سەر دەسەڵات لە وڵاتی ئێران دەستییپێکردەوە و فەرمانڕەوایی زەندەکان

(٥٠) د. عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد" لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری"، (وەرگێڕانی: عبدالله حسن زادە)، بێ شوێنی چاپ، ١٩٧٣، ل٤٣-٤٤ .

(٥١) صالح قەفتان، مێژووی نەتەوەی کورد" حالەتی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئاوەدانی گەلی"، چاپخانەی سلمان **الاعظمی**، بێ ساڵی چاپ، ل٢٧٤.

(٥٢) صالح قەفتان، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٣.

باری کەوتە لەنگی. ئەویش لە ئەنجامی ململانێ و شەڕ لە نێوان کوڕ و برا و برازاکانی کەریم خاندا، بۆیە جارێکی تر باری ئارامی و بێ دەنگی نەهاتەوە بەڕووی فەرمانڕەوایی زەندەوە تا رووخا[٥٣].

دوای مردنی کەریم خان، فەتح عەلی خانی کوڕی( ١٧٧٩-١٧٨٢) دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام لەبەر بچووکی تەمەنی حوکمڕانی لە دەست زەکی خانی زربرای کەریم خان بوو، بۆیە لەو سەردەمەدا سادق خانی برای کەریم خان و مامی فەتح عەلی خان کە ئەوکات حاکمی بەسرابوو، کاتێك هەواڵی مردنی کەریم خانی پێ گەیشت رووی کردە شیراز و ویستی شارەکە بگرێت، کە چی تیایدا سەرکەوتوو نەبوو بۆیە روویکردە کرمان[٥٤]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زەکی خان سوپایەکی بەدواوە نارد بە سەرکردایەتی محەمەد حوسێن خانی زەند کە سەرداری سوپا بوو، ئەنجام لە ناوچەی ئەرسنجان شەڕ کەوتە نێوانیان و بە کوژرانی سەرکردەی سوپای زەکی خان شەڕەکە کۆتایی هات و پاشماوەی سوپاکەی زەکی خان گەڕانەوە بۆ شیراز[٥٥]. ئەو لە لایەك، لە لایەکی دیکەدا ئاغا محەمەد خانی قاجاریش[٥٦] لە شیراز خۆی گەیاندە مازەندەران بە مەبەستی یاخی بوون و دژایەتی کردنی زەندەکان، بۆیە عەلی موراد خانی

(٥٣) ابراهيم خليل احمد و د. خليل علی مراد، ايران و تركيا" دراسة في التاريخ الحديث و المعاصر"، دار الكتب للطباعة و النشر، موصل، ١٩٩٢، ص٥٩ .

(٥٤) سرجون مالكوم ، مصدر پيشين ، ل ١٩٠.

(٥٥) ميرزا محمد صادق موسوى (نامى اصفهانى)، تاريخ گيتى گشاى زنديه، ( تصحيح: سعيد نفسيى)، تهران، ١٣١٧، ل ٧٥.

(٥٦) ئاغا محەمەد خانی قاجار کوڕی محەمەد حەسەن خانی قاجارە کاتێك باوکی لە سەر دەستی کەریم خان بەند کرا تەمەنی پێنج ساڵان بوو و لە وڵاتی کەریم خان مایەوە وەکو بارمتەیەکی سیاسی و مردنی کەریم خانی بە هەلزانی و هەڵات و روویکردە مازەندەران. کاری برولکمان ، تاريخ الشعوب الاسلامية، ( نقلة الى العربية: نبية امين فارس - منير البعلبكي)، الطبعة التاسعة، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٨١، ص٦٥٦.



خوشکەزای زەکی خان بە لەشکرێکەوە کەوتە دوای، بەڵام دەمودەست عەلی مورادخان لە خاڵی هەڵگەڕایەوە و کەوتە هەوڵدان بۆ دانانی کوڕانی کەریم خان لە جێگای باوکیان، لە ئەنجامی ئەو گێرمە و کێشەیە زەکی خان کوژرا و فەتح عەلی خان بەشا دانرایەوە لە ساڵی ١٧٨٠[٥٧].

دوای ئەوەی فەتح عەلی خان کرایەوە بە شا بانگهێشتی سادق خانی مامی کرد و ئەویش بە ئاشتی هاتەوە شیراز، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو چاوی بڕییەوە تەختی فەرمانڕەوایی، ئەویش ئەنجامی بێ دەسەڵاتی و خەریك بوونی فەتح علی خان بە خۆشگوزەرانی و کەیف بازی بوو، بۆیە سادق خان بە مەرام گەیشت و لەسەر تەخت هێنایە خوارەوە، تەنانەت بەوەندەش نەوەستا چاوی کوێر کرد و ئینجا بانگی شایەتی خۆیدا[٥٨].

بە بیستنی ئەو هەواڵە عەلی موراد خانیش لە ناوچەی تاران بە سوپایەکەوە رووی کردە ئەسفەهان و یاخی بوونی راگەیاند و توانی دەست بە سەر ئەو شارەدابگرێت. لە بەرانبەر ئەوەش سادق خان سوپایەکی رەوانە کرد بە سەرکردایەتی تەقی خانی کوری و توانی شکست بە عەلی موراد خان بهێنی و شاری شیراز دەست بەسەر دابگرێتەوە[٥٩]. بەڵام کۆتایی نەهێنان بە هێزی عەلی موراد خان و خەریکبوونی تەقی خان بەمەی خواردنەوە و رابواردن دەرفەتی دایە دەست عەلی موراد خان تا خۆی کۆبکاتەوە و لە هەمەدان شکست بە سوپای تەقی خان بهێنی[٦٠]. ئینجا لە پاشان کەوتە دوای و بۆ ماوەی نۆ مانگ گەمارۆی شاری شیرازیدا کە سەرئەنجام توانی دەستی بە سەریان بکات و سادق خان و کوڕەکانی کوێر بکات[٦١].

(٥٧) ميرزا حسن حسين فسائى، فارسنامه ناصرى، ( تصحيح: منصور فسائى )، جلد دوم، تهران، ١٣٦٧، ل ٦٢٠ .

(٥٨) رضا شعباني، مصدر پيشين، ل ١٦٢.

(٥٩) ميرزا حسين حسن فسائى، مصدر پيشين، ل ١٦٣.

(٦٠) سرجون مالكوم، مصدر پيشين، ل ٨٥.

(٦١) رضا شعبانى، مصدر پيشين، ل ١٦٤.

شیاوی باسە عەلی موراد خان توانی لە ماوەیەکی کورتدا ناوچەکانی ئێران بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام تاکە کۆسپ لە بەردەمی ئاغا محەمەد خانی قاجار بوو کە دەستی بە سەر ناوچەکانی باکووری ئێران داگرتبوو. بۆیە عەلی موراد خان سوپایەکی کۆکردەوە بە سەرکردایەتی شیخ وەیسی کوڕی بۆ هێرش کردنە سەر ئاغا محەمەدخانی قاجار، ئەنجام ئەو سوپایە لە مازەندەران سەرکەوتنی بەدەستهێنا و خانی قاجاریش هەڵات و رووی کردە ئیسترئاباد. بەڵام دوای ئەوەی سوپای زەند بەردەوام بوو لە راوەدوونانی قاجارەکان سەرکردەی زەندەکان کوژرا و شێخ وەیسیش لە مازەندەران خۆی پێ نەگیرا و گەڕایەوە تاران(٦٢). سەرەڕای ئەوەی عەلی موراد خان لە زۆربەی شەڕەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەگەڵ قاجارەکان، بەڵام نەیتوانی کۆتایی بە قاجارەکان بهێنی. ئەویش بە هۆی یاخی بوونی جەعفەرخانی کوڕی سادق خان لە لایەك و تووش بوونی عەلی مورادخانیش بە نەخۆشییەکی کوشندە لەلایەکی تردا، کە هەر بەو نەخۆشییە لە ئەسفەهان لە ساڵی ١٧٨٥ کۆچی دوایی کرد(٦٣).

بە مردنی عەلی مورادخان، جەعفەرخان هاتە ئەسفەهان و دەستی بە سەر شارەکە داگرت و نامەیەکی بۆ شێخ وەیسی کوڕی عەلی موراد خان رەوانە کرد کە تیایدا داوای لێکرد بوو بێتە ئەسفەهان و دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەنجام شێخ وەیس فریوی خوارد و کەوتە تەڵەوە و جەعفەرخان هەردوو چاوی کوێری و کۆتایی بە دەسەڵاتی رکابەرەکانی هێنا لەناوخۆدا. بەڵام تاقە کۆسپ ئاغای قاجار بوو دەبوو لەگەڵ ئەویش بکەوێتە شەڕەوە، لەبەر ئەوەی ناوبراو دەستی بە پێشڕەوی کردبوو بەرەو ئەسفەهان، ئەنجام هەردوولا کەوتنە شەڕ و جەعفەرخان ئەسفەهانی بەجێ هێشت و رووی کردە شیراز، ئاغای قارجاریش لە ٦ی مایسی ١٧٨٧ چووە ناو شاری

(٦٢) محمد امین زکی، مشاهیر الکرد الکردستان، (نقلە الی العربیة : الانسة کریمتە) (راجعة : محمد علی عونی)، الجزء الاول، مطبعة سعادة، مصر، ١٩٤٧، ص ٢٧٩.

(٦٣) رضا شعبانی، مصدر پیشین ، ل ١٦٦.



ئەسفەهانەوە(٦٤). سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەو خراپەکارییەی قاجارەکان دەکەن کە لەو شارە کردیان و چۆن ببووە مایەی رق و بێزاری خەڵکی شار بەرانبەریان تا ناچاریان کردن شارەکە بەجێ بهێڵن. ئەنجام دەسەڵاتی جەعفەرخان بۆ جاری دووەم بۆ ئەسفەهان گەڕایەوە. بەڵام ئەوە نەبووە مایەی کۆتایی هێنان بە ململانێی نێوان قاجارەکان و زەندەکان، تا ئەوەی جەعفەرخان لە کۆتایی حوکمڕانی تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بوو و سەرەڕای ئەوەش ئەوانەی بەندکرابوون لە شیراز هەڵگەرانەوە و توانیان لەڕێگای دەست و پێوەندەکانی، جەعفەرخان لە ١٧٨٩ بکوژن(٦٥).

بە کوژرانی جەعفەرخان دەسەڵات کەوتە دەست لوتف عەلی خان کوڕی، پیاو ماقوولان و کاربەدەستانی زەند رۆلیان هەبوو لە هێنانە سەر تەختی لوتف عەلی خان کە ئەوکات تەمەنی بیست ساڵ بوو ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بە ئازایی و نەبردی ناوی دەرکردبوو، ئەگەرچی کاتێك فەرمانڕەوایی گرتە دەست توند و تیژ بوو و وەکو ئەوە نەبوو کە چاوەڕوانی لێدەکرا، یا خود بڵێین وادەرنەچوو، تەنانەت ئەوانەی هێنابوویانە سەرتەخت لێ پەشیمان ببوونەوە. تاکە دوژمنی ئەویش ئاغای قاجار بوو، بۆیە دەبوو رووبەرووی بێتەوە. سەرەتای رووبەڕوو بوونەوەیان لە ناوچەی شیراز بوو لەبەر ئەوەی ئاغای قاجار لەگەڵ گرتنە دەسەڵاتی لوتف عەلی خان هێرشی کردە سەر ئەو شارە و گەمارۆیدا، بەڵام تیایدا سەرکەوتوو نەبوو و هێزەکەی بەرەو تاران گەڕایەوە(٦٦).

دوای ئەو سەرکەوتنەی لوتف عەلی خان دەستیکرد بە فراوانخوازی و بۆ ئەو مەبەستەش هێزی رەوانەی کرمان کرد، بەڵام لەبەر سەختی باروودۆخ و ئاووهەوای ناوچەکە و کەوتنی بەفرێکی زۆر و نەگەیشتنی چەك و ئازووقە بۆ سوپاکە، هێرشەکە شکا و سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا. لە پاشان لە جیاتی ئەوەی ئیدارەی فەرمانڕەوایی

(٦٤) حسین حزنی موکریانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

(٦٥) رضا شعبانی، مصدر پیشین، ل ١٧٠.

(٦٦) محمدامین زکی، المصدر السابق ، ص ٢٨١.

باری روو بکاتە چاك بوونەوە کەچی تا دەهات بە لای خراپی ئەرۆیشت و دووبەرەکی و خیانەت و رق لێبوونەوە و نەبوونی متمانە بە یەکتری کەوتە ناو سەردار و کاربەدەستانەوە. لوتف عەلی خان لەگەڵ حاجی ئیبراهیمی[٦٧] وەزیری لە دلا ناکۆك بوون و مەبەستی بوو لە ناوی بەرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزیرەکەی شا باڵا دەست بوو سڵی لێدەکرد، بەرانبەر ئەوە حاجی ئیبراهیمی وەزیریش هەمیشە لە مەترسیدا بوو. بۆیە حاجی ئیبراهیم بریاریدا کەوا وڵاتی شیراز بدات بە ئاغا محەمەد خانی قاجار و دەوڵەتی زەند لە ناو بەرێت[٦٨]. لێرەدا دەتوانرێ بووترێت؛ رقەبەری و رق ئەستووری وەزیرێك دەستی چووە خوێنی فەرمانڕەوایەکی گەورەی کوردی کە لە ئەنجامدا لە ناوی برد. بەڵێ، حاجی ئیبراهیم لە ژێرەوە لەگەڵ ئاغا محەمەد خانی قاجار قسەی کردەیەك و بەشداریکەرانی سوپا کە لەتەك لوتف عەلی خان چووبوونە سەر ئەسفەهان، رای سپاردبوون و تەفرەی دابوون کە ئاژاوە لەناو لەشکری شا بنێنەوە و بگەڕێنەوە بۆ شیراز، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ئەوەی لە سوپای لوتف عەلی خان لە شیراز مابوونەوە بە فێڵ هەمووی گرتن و شارەکەی خستە ژێر دەستی خۆیەوە[٦٩]. ئەو پلانە داڕێژراوەی وەزیر نەخشەی بۆ کێشابوو سەری گرت و ئاژاوە کەوتە نێو سوپای لوتف عەلی خانەوە، لوتف عەلی خان تەنیا ئەوەی پێکرا بە خۆی و چەند سوارێکەوە خۆی دەرباز بکات و بگەڕێتەوە شاری شیراز، بەڵام دەروازەی شاری شیرازیشی لێداخرابوو و بە ناچاری روویکردە بووشەهر، بەڵام لەوێش

(٦٧) حاجی ئیبراهیم کوڕی حاجی هاشمی شیرازییە، دەستی هەبوو لە هاتنە سەردەسەڵاتی لوتف عەلی خان ، کەچی دواتر لەگەڵ قاجارەکان دەستی تێکەڵاو کرد و رۆلی هەبوو لە رووخانی فەرمانڕەوایی زەندەکان. بەڵام دواتر پاداشتی خۆی لە قاجارەکان وەرگرت، فەتح عەلی شای قاجار چاوی خۆی و کوڕەکانی و کچەکەی هەڵکۆڵی و بەزەلیلی مرد. حسن فهمی جاف، کوڕی بە ناوبانگی لطف علی خانی زەند، گۆڤاری گەلاویژ، ژمارە(١)، ساڵی پێنجەم ، ١٩٤٤، ل ل٥-٦.

(٦٨) عبدالعظیم، مصدر پیشین، ل ٦٢.

(٦٩) د. عبداللە رازی، مصدر پیشین، ل٤٥٦.



جێی نەبووە و روویکردە ناوچەکانی باشوور و لەوێ گیرسایەوە[٧٠]. ئاوارە بوونی لوتف عەلی خان، هیوای ئەوی نەبڕی بەڵکو کەوتە هەوڵ و تەقەڵای ئەوەی تەخت و تاجەکەی دەستکەوێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش لەشکرێکی بچووکی پێکەوە نا و بووشەهری گرت و دەورەی شیرازیدا، بەڵام حاجی ئیبراهیم ژێرانە لێی هاتەدەست و لوتف عەلی خانی جارێکی تر تووشی نووشستی کرد. بە هۆی پەیوەندی نێوان حاجی ئیبراهیم و ئاغا محەمەدخانی قاجار لەشکرێکی قاجارەکان هات بۆ کۆمەکی و هاوکاری حاجی ئیبراهیم، بەڵام ئەو لەشکرە شکا، بۆیە کاتێك ئەو دەنگوباسە گەیشتە سەرداری قاجارەکان سوپایەکی تری رەوانەکرد و لەگەڵ سوپای حاجی ئیبراهیم یەکیان گرت و پەلاماری لوتف عەلی خانیاندا، بەڵام پادشای زەند زۆر زیرەکانە لێیان هاتە دەست و کوشتکارێکی زۆری لێکردن و گەلێك پیاو ماقووڵی قاجاری لێ بەدیل گرتن[٧١]. بێگومان ئەو سەرکەوتنە مەترسیی خستە دڵی سەرداری قاجار نەوەکا سەرداری زەند هەموو وڵاتی ئێرانی لێداگیر بکا، ئەنجام بە سوپایەکی زۆر روویکردە شیراز و لەگەڵ سوپای لوتف عەلی خان لە نزیك ئیستەخر بەرەنگاری یەکتربوون، سەرداری قاجار زۆر بە ترسەوە شەڕی دەکرد، سەرەتای شەرەکە زەندەکان تێیدا سەرکەوتوبوون، بەڵام راگرتنی شەڕ لە شەودا لە لایەن زەندەکان بووە هۆی ئەوەی لەڕۆژی دواتر زەندەکان تووشی شکان بێن و لوتف عەلی خان تەنیا ئەوەی بۆ بێنێتەوە کە خۆی رزگار بکات.

دوای ئەوەی لوتف عەلی خان مەیدانی شەڕی بەجێ هێشت روویکردە کرمان، لەوێدا دەستیکرد بە کۆکردنەوەی سوپا، بەڵام سوپای قاجار گەیشتنە سەری و لەبەر ئەوەی لەوێشەوە خۆی نەگرتەوە و روویکردە خوراسان. لوتف عەلی خان لە خوراسان سوپایەکی بچووکی پێکەوەنا، لەو کاتەش رووبەڕووی هێزێکی حاجی ئیبراهیم بۆوە و لەبەر ئەو هێزە خۆی پێنەگیرا و بۆ لای سنووری ئەفغانەکان

(٧٠) صالح قەفتان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٧٨.

(٧١) میرزا محمد صادق موسوی، مصدر پیشین، ل ١٠٦ .

رایکرد، بەڵام لەو ناوچەیە هاوکاری کرا و سوپای پێکەوە نایەوە و هێرشی کردەوە سەر کرمان و لە ١٧٩٤ گرتی. دووبارە بە پەلە سکەی بە ناوی خۆی لێدا، ئەگەرچی نەبووە هۆی ژیاندنەوەی فەرمانڕەوایی زەندەکان، لەبەر ئەوەی جارێکی تر سوپایەکی قاجار هێرشی هێنایەوە سەری و بەرەنگارییەکی زۆری کرد، بەڵام بە هۆی خیانەت کردن لە نێو سوپا شارەکە گیرا و لوتف عەلی خان بەخۆی و هەندێ لە هاوکارانی رایانکرد و چوونەلای حاکمی شاری نرمانشیر جیهانگیرخانی دۆستی، بەڵام جیهانگیرخان پیاوەتیی لەگەڵدا نەکرد و هەوڵیدا بیدات بە دەست ئاغا محەمەد خانەوە، بۆیە کاتێك لوتف عەلی خان دەرکی بەوە کرد، بریاریدا کەوا لەگەڵیان بکەوێتە شەڕەوە، ئەنجام لەو شەڕەدا برینداربوو و بەدیل گیرا و برایە لای ئاغا محەمەد خان و ئەویش چاوی کۆری و رەوانەی تارانی کرد تا لە ساڵی ١٧٩٤ لەوێشدا کوشتی[٧٢].

بە کوژرانی لوتف عەلی خان چرای بنەماڵەی زەندەکان کوژایەوە و کۆتایی بە فەرمانڕەواییان هێنرا. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین لەو ماوەی فەرمانڕەوایی زەندەکان لە ئێران، زەندەکان پەیوەندییان لەگەڵ میرنشینە کوردەییەکان و دەوڵەتە هەرێمی و ئەوروپییەکان هەبووە کە لە تەوەرەی داهاتوو باسی لێوە دەکەین .

## تەوەرەی سێیەم : پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران
## لە سەردەمی فەرمانڕەوایی زەندەکان

سەردەمی فەرمانڕەوایی زەندەکان لە ئێران لایەنی سیاسی و تاڕادەیەکیش ئابووری کۆمەڵێك پەیوەندی دەرەکی بەخۆیەوە بینیوە، بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر پەیوەندییەکان لەگەڵ میرنشینە کوردییەکان و دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە ئەوروپییەکان. کە هەریەکە و بە جیا باسی لێوەدەکەین:

(٧٢) سرجون مالکوم، مصدر پیشین، ل ١٠٥.



### یەکەم: پەیوەندی ئێران لەگەڵ میرنشینی ئەردەلان

سەبارەت بە پەیوەندی زەندەکان لەگەڵ ئەو میرنشینە، کاتێك کەریم خان خەریکی جێگر کردنی دەسەڵاتەکەی بوو، حەسەن عەلی خان میری ئەردەلان هاوکاری مهر عەلی خانی تەکلوی حاکمی شاری هەمەدانی کرد لە ساڵی ١٧٤٨ و سوپایان رەوانە کرد دژی کەریم خان و هەردوولا سەرکەوتن بە سەر سوپای کەریم خان و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن[٧٣]. بەڵام کەریم خان هەلی ئەو بارە لاوازییەی میرنشینی ئەردەلانی قوستەوە کاتێك رووبەڕووی هێرشی بابان بۆوە و سوپای رەوانەکرد و توانی هەموو ناوچەکانی ئەردەلان دەست بەسەر دابگرێت[٧٤]، ئەنجام عەباس قولی خانی بە فەرمانڕەوایی ئەردەلان دانا، بەوەش پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئەردەلان دامەزراند. دوای مردنی کەریم خانیش پەیوەندی نێوانیان باش بوو تا سەردەمی فەرمانڕەوایی جەعفەر خانی زەند کە کەوتەوە ئالۆزی و ئەردەڵانییەکان پشتیان دایە ئاغا محەمەدخانی قاجار، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمە فەرمانرەوایی زەندەکان باری کەتبووە لێژی بەهۆی ململانێ و شەڕی ناوخۆ[٧٥]. ئیتر پەیوەندی نێوانیان بەم شێوەیە مایەوە تا رووخانی دەسەڵاتی زەندەکان.

### دووەم: پەیوەندی ئێران لەگەڵ میرنشینی بابان

سەبارەت بە پەیوەندی نێوانیان ئەوە هەموو کاتێك لەیەك ئاست نەبووە، بەڵکو هەندێ جار باش و هەندێ جار خراپ بووە. ئەوەتە کاتێك والی بەغدا لە ١٧٦٣ هێرشی کردە سەر سلێمان پاشای بابان و دەسەڵاتی دایە دەست ئەحمەد پاشای بابان،

(٧٣) مستورە کوردستانی، میرنشینی ئەردەلان،( وەرگێڕانی : حەسەن جاف و شوکر مستەفا) چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ١٩٨٩ ، ل١٠٨

(٧٤) نەوشێروان مستەفا ئەمین، لە پەراوێزی مێژووی ئەردەلان، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، سلێمانی، ١٩٨٩ ، ل١٠٨.

(٧٥) نەوشێروان مستەفا ئەمین ، هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٦.

بە ناچاری سلێمان پاشای بابان پەنای بردە بەر کەریم خانی زەند، ئەویش ناوچەی ئەردەڵانی دایە، بەم شێوەیە دەستی بەسەر بارودۆخەکە داگرت. بەڵام کاتێك ئەحمەد پاشای بابان خەریك بوو، سلێمان پاشای بابان هەلی وەرگرت و بەبێ شەڕ دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتەوە[٧٦].

شیاوی باسە سەردەمی فەرمانڕەوایی کەریم خان لە لایەن محەمەد پاشای بابان و ئەحمەد پاشای بابان پرۆژەی یەکگرتنی میرنشینە کوردییەکان لەگەڵ زەندەکان خرایە بەردەم کەریم خانەوە، بەڵام ئەو هەوڵانە سەری نەگرت، لە لایەك لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەستی خستە ناو کاروباری میرنشینەکان، لە لایەکی دیکەش میرەکانی ئەو میرنشینە خۆیان لە ناو یەکا کۆك نەبوو نەکا کەریم خان حەزی بەمە نەکردبێ[٧٧]. ئیتر دوای کەریم خانیش لەبەر نالەباری باری ناوخۆی زەندەکان سەرچاوەکان ئاماژە بە هیچ پەیوەندییەك ناکەن لە نێوان زەندەکان و بابانەکاندا کە بوونی هەبوویێت.

## سێیەم: پەیوەندی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی

بە شێوەیەکی گشتی لە سەرەتادا پەیوەندی نێوان زەندەکان و دەوڵەتی عوسمانی باش بوو، ئەوەتا کاتێك کەریم خان دەسەڵاتی گرتە دەست سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەم (١٧٧٤-١٧٨٩) نامەی پیرۆزبایی بۆ ڕەوانەکرد و پابەندی خۆی دووبارە کردەوە بۆ ئەو پەیماننامەیەی کە لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێرانی لەسەردەمی نادرشا بەسترابوو لە ١٧٤٦[٧٨]. بەڵام ئەو بارە درێژەی نەکێشا بەهۆی هەڵگرانەوەی میرە کوردییەکان و پەنابردنیان لەو دیو بۆ ئەو دیو، ئەوە سەرەڕای

(٧٦) ستيفن هيمسلي لونكريك، اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ( ترجمة: جعفر الخياط)، طبعة سادسة، بغداد، ١٩٨٥، ص ٢١٦ .

(٧٧) حسين حزنى موكريانى، ئاورێکی پاشەوە، رواندز، ١٩٣١، ل١٣٣-١٣٤.

(٧٨) علاء نورس ، العراق في العهد العثماني" دراسة في العلاقات السياسية١٧٠٠-١٨٠٠"، بغداد، ١٩٧٩،ص٢٢٧.



خراپی مامەڵەکردنی والی بەغدا عومەر پاشا لەگەڵ خەڵکی ئێران کە سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی شیعەکانیان دەکرد لە عێراق. لەگەڵ گۆڕینی ڕێگای بازرگانی لە بەندەری بوشەهر بۆ بەسرا کە زیانێکی زۆری بە ئابووری ئێران دەگەیاند[٧٩].

ئەنجامی ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن و گرنگی شاری بەسرا لەڕووی بازرگانییەوە هانی کەریم خانیدا هێرش بکاتە سەر بەسرا کە لە ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی دابوو، هەر بۆیە بۆ هەلێك دەگەڕا و کاتێکێش کە داوای یارمەتیی لە دەوڵەتی عوسمانی کرد بۆ لێدانی ئیمامی عومان و دەوڵەتی عوسمانی یارمەتیی نەدا لە ١٧٧٥، ئیتر کەریم خان سوپایەکی بە سەرکردایەتی سادق خان ڕەوانەکرد بۆ سەر بەسرا. دوای ماوەیەك گەمارۆدان لە ١٦ی نیسانی ١٧٧٦ دەستی بەسەر بەسرا داگرت و تا مردنی کەریم خانیش دەسەڵاتیان تیایدا مایەوە[٨٠]. دوای ئەوەش خەریکبوونی هەردوولا بە باری ناوخۆیان جۆرە پەیوەندییەك لەسەرچاوەکان ئاماژەی پێناکرێت کە شیاوی باسکردن بێت تەنیا ئەوەندە نەبێت لە کاتی گرتنە دەسەڵاتی عەلی موراد خان سوڵتانی عوسمانی نوێنەری ڕەوانە کردووە بۆ پیرۆزبایی کردنی[٨١].

## چوارەم: پەیوەندی ئێران لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپییەکان

بە پێی هەڵکەوتی شوێنی جوگرافی دەوڵەتی ئێران لەسەر کەنداو و گرنگی ناوچەکە لەڕووی بازرگانی بۆ دەوڵەتە ئەوروپییەکان کە سەرە ڕێگای بازرگانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوو. دەوڵەتە ئەوروپییەکان هەوڵیاندا لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی زەندەکان پەیوەندی ببەستن. لەوانە بەریتانییەکان و هۆلەندییەکان و روسەکان.

ئەوەی تایبەتە بە دەوڵەتی بەریتانیا لە سەرەتادا پەیوەندییان لەگەڵ کەریم خان باش بوو، بەڵام دواتر پشتگیری کردنی کەریم خان بۆ هۆزی بەنی کەعب کە دانیشتووی سنووری خوارووی ئێران بوون پەیوەندی نێوانیانی تێکدا، لەبەر ئەوەی

(٧٩) لونكريك، المصدر السابق، ص ٢١٥.

(٨٠) علاء نورس، المصدر السابق، ص ٢٢٨ .

(٨١) رضا شعبانى، مصدر پيشين، ل ل ١٨٣-١٨٤.

بەنی کەعب هێرشیان دەکردە سەر نێوەندە بازرگانییەکانی ئینگلیزی و زیانی زۆریان لێدەدان(٨٢). بەڵێ، ئینگلیزەکان و هۆڵەندییەکان لە ساڵی ١٧٦٩ بەیەکەوە چالاکی بازرگانی خۆیان لە بەندەری بوشەهر بۆ شاری بەسرا گواستەوە. کاتێکیش کەریم خان داوای یارمەتیی لە ئینگلیز کرد بۆ هێرش کردنە سەر ئیمامی عومان ئینگلیز هیچ هاوکاریی پێشکەش نەکرد، بەڵام دوای گرتنی بەسرا پەیوەندییان باش بوو و ئینگلیزەکان بنکەی بازرگانی خۆیان بۆ بوشەهر گێرایەوە(٨٣). ئیتر پەیوەندی زەندەکان و ئینگلیز بە شێوەیەکی باش مایەوە تا ئەوەی کە زەندەکان کەوتنە ململانێی ناوخۆ، بۆیە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ جۆرە پەیوەندییەکی ئەوتۆ ناکەن کە شیاوی ئاماژە بۆکردن بێت.

شیاوی باسە بە پێی هەڵکەوتی نزیکی سنووری ئێران لەگەڵ روسیا، پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبووە، ئەوەتە کاتێك کەریم خان سەرگەرمی هێرش کردن بوو بۆ سەر شاری بەسرا، روسەکان نوێنەرێك رەوانەی لای کەریم خان دەکەن بە مەبەستی هاوکاری کردنی یەکتری لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، چونکێ ئەوکاتە نێوانی دەوڵەتی عوسمانی و روسیا خراپ بوو، بەڵام دەبینین کەریم خان ئەو داوایەی رەت کردۆتەوە(٨٤). هەروەها لە سەردەمی عەلی مورادخانیش پەیوەندی بازرگای بەسترا لەنێوان هەر دوولا و رێگا درا بە روسەکان بازرگانی بکەن لە ناوچەی گەیلان و مازەندەران، ئەگەرچی بووە جێگای نارەزایی فەرەنسییەکان، بۆیە حکومەتی فەرەنسا هەڵسا بە رەوانە کردنی نێردراوێك بۆ لای عەلی موراد خان تا رێگە لە بەردەم فراوان بوونی بازرگانی روسەکان لە ناوچەکانی ئێراندا بگرێت(٨٥)، بەڵام لێرەدا سەرچاوەکان لە هەڵوێستی شا بێدەنگ دەبن و ئاماژەی بۆ ناکەن. بۆیە

(٨٢) علاء نورس ، المصدر السابق ، ص ٢٢٩.

(٨٣) علاء نورس، نفس المصدر، ص ٢٩٢.

(٨٤) رضا شعبانی، مصدر پیشین، ل ١٨٤.

(٨٥) هادی هدایتی، تاریخ زندیه، تهران، ١٣٣٤، ل ٢٤٨.



دەتوانرێت بوترێ خەریکبوونی عەلی مورادخان بە باری شەڕ و شۆڕی ناوخۆ وای لێکردبێت نە پرژێتە سەر ئەوەی خۆی بەو شتانەوە خەریکبکات و گرنگی بە نێردراوی فەرەنسی بدات، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوەش دەسەڵاتی عەلی مورادخانیش جێگیرنەبووە و ماوەیەکی زۆری نەخایاندووە تابیر لە پەیوەندی دەرەکی بکاتەوە.

ماوەبلێین نێوەندی زەندەکان و هۆڵەندییەکانیش باش بوو کە ئەوکات دەسەڵاتیان لە ناوچەکانی کەنداودا هەبوو تا هێرشێك لە لایەن خەڵکی ناوچەکە کرایە سەریان و ژمارەیەك لە هۆڵەندییەکان کوژران و لە دورگەکە دوورکەوتنەوە و دەسەڵاتیان نەما(٨٦).

(٨٦) رضا شعبانی، مصدر پیشین، ل ٥٢.

# ئەنجام

له ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە گەیشتووینە چەند خاڵێك:

ماوەی بەر لە هاتنی فەرمانڕەوایی زەندەکان لە ئێراندا، پڕبوو لە گێرمە و کێشە و مل دەبەرمل یەك نان بە مەبەستی گرتنە دەسەڵات، بۆیە لەو سەردەمە باری ئێران بە تەواوی کەوتبووە لەنگی، تا هاتنی زەندەکان.

ماوەی فەرمانڕەوایی زەندەکان نزیکەی **٣٧** ساڵی خایاندن کە لەوەشدا **٢٢** ساڵی ماوەی فەرمانڕەوایی کەریم خان بووە کە دەتوانرێت سەردەمی فەرمانڕەوایییەکەی بە سەردەمی زێرینی حوکمڕانی زەندەکان دابنرێت، ئەگەر بزانین ناوبراو زۆر گرنگی بە باری وڵات داوە و وڵات پێشکەوتنی چاکی بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەتی لایەنی تەلارسازی.

ئەوەی ماوەتەوە دوای کەریم خان فەرمانڕەوایی زەندەکان لە ئێران پازدە ساڵی تری خایاند تا رووخانی فەرمانڕەوایییەکەیان کە پڕی بووە لە شەڕ و ململانێ ناوخۆ لە نێوان کوڕ و برا و برازاکانی کەریم خان لە لایەك و ئاغای قارەجارەکان لە لایەکی دیکەوە کە سەرئەنجامی فەرمانڕەوایییەکەیانی بەرەو هەڵدێری و نەمان برد.

ماوەی فەرمانڕەوایی زەندەکان تاڕادەك پەیوەندییە دەرکییەکانیش لە ئێران پەرەسەندی بەخۆیەوە بینیوە، ئەگەرچی نەتوانراوە وەکو پێویست سوودی لێ وەربگیرێت.

## راپەڕینی دەرسیم ١٩٣٧ (٨٧)
## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە

**دەستپێك:**

توێژینەوە لەمەڕ راپەڕینی دەرسیم گرنگ و تایبەتمەندی خـۆی هەیـە ئەگەرچـی لـە سەرچاوە مێژووییەکان لەسەری نووسراوە و باسکراوە. بەڵام چوونە نـاواخنی ئـەو رووداوە مێژووییەمان بە پێویست زانی لە باسێکی وادا بـۆ ئـەوەی هەنـدێك لـە وردەکارییـەکان بخەینەڕوو لە دوو باس و ئەنجامدا.

لە باسی یەکەمدا ئاماژە بۆ رەگ و ریشەی ناوی دەرسیم و شوێنی جۆگرافی دەکەین، هەروەها باس لە چۆنیەتی بەشداریکردن و هەڵوێستی خەڵکی ناوچەکە دەکەین لـە هـەر یەك لە راپەڕین لە ساڵی ١٩٢٠، شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ بە سەرۆکایەتی شێخ سـەعیدی پیران لەگەڵ راپەڕینی ئاگری داغ ١٩٢٧-١٩٣٠.

باسی دووەم لێرەشدا باس لە بوونەوەی دەوڵەتی تورکی دەکەین لە راپەڕینەکانی تر و هەوڵدانی بـۆ گێڕانـەوەی دەسـەڵاتی حکوومـەت بـۆ دەڤـەری دەرسـیم کـە سـەرئەنجام سەرهەڵدانی راپەڕینی دەرسیمی لە ساڵی ١٩٣٧ لێ کەوتووە.

لە ئەنجام باس لە چەند شرۆڤەکارییەك دەکەین کە لە دووتۆی باسەکە پێ گەیشتوون.

---

(٨٧) ئەم باسە لە گۆڤاری هزرین ژمارە( ٤) زستانی ٢٠٠٦ بە ناوی" ئارین ئەحمەد حەمەدئەمین" بڵاوکراوەتەوە.



بۆ بە ئەنجامهێنانی ئەو باسە سوودمان لە هەنـدێ سەرچـاوە بینیـوە لەسـەرووی هەموویان پەرتووکەکەی د. نووری دەرسیمی(دەرسیم لە میژووی کوردستاندا)، لەبـەر ئەوەی ناوبراو هاوچەرخی رووداوەکان و خەڵکی ناوچەکەش بووە، بۆیـە سـوودی زۆر لێ وەرگیراوە لە باسی یەکەم و دووەمدا. جگە لەمەش یادداشتەکانی زنـار سـلوپی و پەرتووکەکەی کریس کۆچـیرا(مێژووی کـورد لـە سـەدەی نـۆزدە و بیـست) جیگـای سوودمەندی بوون لەگەڵ ژمارەیـەك سەرچـاوەی تـر کـە لـە ریزبەنـدی سەرچـاوەکان ئاماژەمان بۆ کردوون.

ماوە بڵێین توێژینەوە و باسی مێژوویی هەروا ئاسان نایەتە بەرهەم و بـێ کـەم و کوڕی نابێت، بۆیـە داوا لـە خوێنـەری بـەرێز دەکـەین کـە لـە کـەم و کوڕتییـەکان ئاگادارمان بکاتەوە تا باسەکە لە ئایندە بەپێزتر و تۆکمەتر بێت.

**باسی یەکەم :**

## ناو و شوێنی جۆگرافی دەرسیم و بارو دۆخی ناوچەکە بەر لە سەرهەڵدانی راپەڕینی ١٩٣٧

ناوچەی دەرسیم کەوتووتە سنووری باکووری کوردستانەوە، لە رۆژهەڵاتییەوە ویلایەتی ئەرزەرۆم و مووش و چەبەکچوور لە باکووریشی رووباری فوراتە، لە رۆژئاواوە بە درێژایی رووباری فورات لەگەڵ ویلایەتی مەلاتیا، لە باشووریشەوە رووباری موراد دەوری (دەرسیم) یان داوە[٨٨].

سەبارەت بە ناوی( دەرسیم) نوری دەرسیمی لە"دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا" کە خەڵکی دەڤەری دەرسیمە دەڵێ:" **بەشێکی زۆر لە کوردان بە دەرگا دەڵێن(دەر) بەزیو دەڵێن(سیم)، کەواتە وشەی دەرسیم بە واتا دەرگای زیوین دێ".** هەروەها درێژەی پێدەدا و دەڵێ:" **لە شەش سەدەی پێش زاییندا، مێژووناس و جوگرافیاناسی یۆنانی ناویان لە دەرسیم و دەوروبەری نابوو دەرانیس. دارا {مەبەستی دارای ئەخمێنییە- توێژەر} لە نوسراوەکانی (بێستوون) دا ناوی لەو ناوچەیە نابوو زۆزاو ئەو وشەیە زۆر بە وشەی زازا لە شێوەی( زازا)ی کوردی دەچێ کە لە ناوچەی دەرسیمدا وتووێژی پێ دەکرێ. وە خێلی کۆچان کە لە رۆژئاوای دەرسیمن، وشەی دەرسیم بە دەرگای کوردستان لێکدەدەنەوە لەبەر جەنگاوەری، خۆشیان بە پارێزەری دەرگاکە دەزانن. بەلای خەڵکەوە ئەگەر یەکێك گوتی دەرسیم، واتە کوردستان. چونکە ئەگەر لەجێگایەك گەڕانەوە دەڵێن هاتینەوە کوردستان، ئەگەر یەکێك بۆ دەرسیم بانگبکەن، دەڵێن وەرنە کوردستان .. کوردستان ببینن)**[٨٩].

(٨٨) د. نوری درسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، (وەرگێڕانی: د. ئەحمەد فتاح دزەیی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٧.

(٨٩) هەمان سەرچاوە، ل ١٧.



دەرسیم وەکو هەرێمێکی کوردی بە درێژایی مێژوو لە سەرەتاکانی سەدەی بیست توانیویەتی تاڕادەیەك سەربەخۆیی بپارێزێت و حوکمڕانی ناوچەکە لە لایەن حکوومەتەوە تەنیا بەناو بێت، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە دواتر سەرنجی دەوڵەتی تورکیا بۆ لای خۆی رابکێشێ[٩٠]. ئەگەر بێت و باس لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بکەین دەبینین کاتێك پارتی حوریەت و ئیتلاف[٩١]. لە دەوڵەتی عوسمانی دەسەڵاتیان گرتە دەست ناوچەکەیان دا دەست مەدحەت بەدرخان پاشا تا بەڕێوەی ببات[٩٢]. بەڵام لە دواتر دەرسیمییەکان لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی بێ لایەنی خۆیان پاراست و نەکەوتنە ژێر پروپاگەندەی جیهاد کە دەوڵەتی عوسمانی بانگەشەی بۆ دەکرد. ئەمەش دوورنییە لە بەرهەمی ئەوە بووبێت، چونکە دەرسیمییەکانی عەلی ئیلاهین واتا لەسەر مەزهەبی شیعەن[٩٣]. هەروەها دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و شکانی دەوڵەتی عوسمانی دەرسیمییەکان لە لایەك هەولی ئەوەیان دەدا دەسەڵاتیان بپارێزن، لەلایەکی تریش هاوکاری و هەماهەنگی راپەڕینە کوردییەکانیان دەکرد. لێرەشدا سەرچاوەکان ئاماژە بۆ بەشداری دەرسیمییەکان دەکەن لەو راپەڕینەی کە لە ناوچەی کۆجیگیری لە ساڵی ١٩٢١

(٩٠) حوسین مەدەنی، کوردستان و ئیستراتێژیی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٢٨٨.

(٩١) پارتی حوریەت و ئیتلاف: لە دەوڵەتی عوسمان دروستبوو لە دژی دەسەڵاتی ئیتحاد و تەرەقی و لە تەشرینی دووەمی ١٩١١ جلەوی حوکمڕانیان گرتە دەست و داوای لامەرکەزییان دەکرد. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی (عوسمانی) دا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی( لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری مێژووی سیاسیدا)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٢٧.

(٩٢) د. نوری دەرسیمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠.

(٩٣) د. نوری دەرسیمی، هەمان سەرچاوە، ل ل ٤٠ - ٤٥ .

سەری هەڵدا لە دژی سیاسەتی دوژمنکاری تورکەکان، کە دەرسیمییەکان ڕۆڵی کاریگەرییان لەو ڕاپەڕینەدا بینیوە[٩٤].

لەبەرانبەر هەوڵدانی خەڵکی ناوچەکە حکوومەتی ئەنقەرە هەوڵیدا دەست بگرێت بەسەر دەرسیم لەڕێگای ڕاکێشانی میرەکانی ناوچەکە، ئەگەرچی هەندێ لە میرەکان چوونە لای دەوڵەت، بەڵام بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوون، دوای ئەوەی (سەید ڕەزا)[٩٥] دەستی گرت بەسەر ناوچەکە و بروسکەیەکی بۆ مستەفا کەمال ڕەوانەکرد تیایدا وتی: " **ئەو کەسانەی بە ناوی دەرسیم وە کراونەتە نوێنەر و لەئەنقەرە دادەنیشن، بە هیچ جۆرێ مافی ئەوەیان نییە نوێنەرایەتی دەرسیم بکەن، چونکە دەرسیم مافی ئازادی نیشتیمانی دەوێ و ئەو داخوازییەش پێویستە ڕژێمی ئەنقەرە بەڕاستی بزانی و بەرەسمی مافی پێدا بنێ و ڕایبگەیەنێ، ئەوجا کوردستان دەتوانێ بە شێوەی کۆنفەدەراسیۆن لەگەڵ ڕژێمی تورکیا گفتوگۆ بکات**"[٩٦]. لێرەشدا دەتوانرێت بوترێ، ئەو وتانەی سەید ڕەزا مایەی بوونی هۆشی نەتەوەیی ئەو کەڵە پیاوەیە کە دواتر خەڵکی ناوچەکەش لە کاتی ڕاپەڕینەکە سوور دەبن لە سەر پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان .

ئەنجامی ئەو خراپەکارییانەی کە دەوڵەتی تورکیا دەرهەق بە دانیشتوانی ناوچە کوردییەکان پەیڕەوی دەکرد بوو بە مایەی بێزاری کوردەکان و دواتر ڕاپەڕینی شێخ

(٩٤) زنار **سلوپي**، في سبيل كردستان ( مذكرات )، ( ترجمة : د. على)، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٧.

(٩٥) سەید ڕەزا کوڕی سەید ئیبراهیم سەرۆکی هۆزی حەسەنانی دەرسیمییە، دەورێکی کاریگەری هەبوو لە ناوچەکەدا و دواتر سەرکردایەتی ڕاپەڕینی دەرسیم لە ساڵی١٩٣٧ دەگرێتە دەست و باسی لێوە دەکەین. د. نوری دەرسیمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٣-٣٢٤ .

(٩٦) د. نوری دەرسیمی، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٩.



سەعیدی پیرانی لە ساڵی ١٩٢٥ لێکەوتەوە[٩٧]، لەگەڵ ئەوەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ ناوچەیەکی فراوانی گرتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی دەرسیم ئەوکاتە هەوڵی پاراستنی خۆیان دەدا و حکوومەت خۆی لەو ناوچەیە بێدەنگ کردبوو بەشداری ئەو ڕاپەڕینەیان نەکرد. بۆیە نوری دەرسیمی دەڵێ: " **بەداخەوە، سوپاکانی دوژمن سەرلەبەری کوردستانیان داگیر کرد بوو، دەرسیمی بەسەیرەوە سەرنجیان دابوو، ڕاونان و دەرکردن و کوشتن و بڕینی کوردان، نەشیان دەزانی کە ڕۆژی ئاوارەبوونی خۆشیان لە دەست دوژمن نزیکبۆتەوە**"[٩٨].

سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ بە سەرکردایەتی شیخ سەعیدی پیران و لە سێدارەدانی سەرکردایەتی ڕاپەڕینەکە لە لایەن حکوومەتی تورکیا ئەگەرچی کەلێنێکی خستە ناو دەسەڵاتی کوردی، بەڵام نەبووە هۆی ئەوەی کوردەکان لە بەرانبەر ئەوە دەستە وەستان بوەستن بە تایبەت دوای برانەوەی کێشەی مووسڵ[٩٩]. سەرکردە و ڕوشنفکرانی کوردی هەڵسان بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی کوردی یەکگرتوو بە ناوی (خۆیبوون)[١٠٠]. کە لە دواتر ئەو ڕێکخراوە سەرکردایەتی

(٩٧) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ شێخ سەعید و ڕاپەڕینەکەی بڕوانە : ڕۆبەرت ئۆلسن، ڕاپەڕینی شێخ سعید پیران، (وەرگێڕانی : ئەبوبکر خۆشناو)، سلێمانی، ١٩٩٩.

(٩٨) د. نوری دەرسیمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩.

(٩٩) بۆ زانیاری سەبارەت بە کێشەی مووسڵ بڕوانە: سروە اسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤- ١٩٢٦ دراسة تاريخية سياسية وثائقية ، الطبعة الاولى ، مطبعة وزارة التربية ، اربيل ، ٢٠٠١، ص ٢٢٧.

(١٠٠) خۆیبوون: کۆمەڵەیەکی کوردییە لە تەشرینی یەکەمی ١٩٢٧ لە( بەحەمدون ) لە لوبنان دامەزرا لە ئەنجامی تیکەڵبوونی ژمارەیەك لە کۆمەڵە و ڕێکخراوی کوردی کە دواتر دەوری باڵای گێڕا لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عبدالستار تاهیر شریف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف القرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، بغداد ،١٩٨٩، ص ٦٣ .

راپەڕینی ئاگری داغ (ئارارات) کرد و بەردەوام بوو تا لە ساڵی ١٩٣٠ بە تەواوی کۆتایی بە راپەڕینەکە هات[١٠١].

شیاوی باسە لەگەڵ سەرهەڵدانی گڵپەی راپەڕین سەید رەزا ئاگادارکرایەوە، ئەویش بە هاوکاری و هەماهەنگی هۆزەکانی کەچەڵان لە بەهاری١٩٣٠ دەستیان بە هێرش کرد بۆ سەر ناوچەکانی ئەرزەرۆم و ئەرزنجان کە مولگەکەکانی دوژمن لەوێ بوون لە بەرانبەر ئەو هێرشانە دوژمن کەوتە بوردوومان کردنی ناوچەکە بە فڕۆکە، بەڵام شۆڕشگێڕان فڕۆکەیەکیان بەردایەوە بۆیە ئەوانیتریش بەشەرمەزاری پاشەکشەیان کرد[١٠٢].

سەرنەکەوتنی راپەڕینی ئاگری داغ و پەراگەندەبوونی سەرکردە و بەشداریکەرانی ئەو راپەڕینە، حکوومەتی تورکیای یەکلاکردەوە بۆ ئەوەی ناوچەی دەرسیم بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بۆ ئەو مەبەستەش مەسەلەی دەرسیم بووە مەسەلەیەك لە ناو گفتوگۆی گەورە بەرپرسانی حکوومەت و لە دانیشتنەکانی پەرلەمان قسە و باسی لێوە دەکرا، تا ئەنجام حکوومەت هەڵسا بە ناردنی هێز و والی تازە بۆ ناوچەی ئەزیران کە عەبدوڵڵا ئەلب دوغان بوو، بەمەش خەڵکی دەڤەرەکە هەستیان بە مەترسی کرد و لە نیازە شاراوەکانی حکوومەت گەیشتن[١٠٣]. ئەنجام لە دواتر بووە هۆی نارەزایی خەڵکی ناوچەکە و هێرشکردن ئیتر هەر ئەوە بوو راپەڕینی دەرسیمی لێکەوتەوە کە لە باسی دووەمی ئەو توێژینەوەیە باس لەو راپەڕینە و دەرئەنجاماکانی دەکەین.

(١٠١) بۆ راپەڕینی ئاگری داغ بڕوانە نـ زنار سلوپی ، المصدر السابق ، ص ١٣٣.

(١٠٢) د. نوری دەرسیمی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠١.

(١٠٣) تەلار علی ئەمین، سیاسەتی کەمالی و بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستان ١٩١٨ – ١٩٣٨ " لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی ئابوورییە"، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، پێشکەشی کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێرکراوە، هەولێر،٢٠٠٠، ل ١٢٨.



## باسی دووەم:

## سەرهەڵدانی راپەڕینی دەرسیم و دەرئەنجامەکانی

ئەنجامی ئەو هەوڵ و تەقەلانەی کە حکوومەتی تورکیا دای بۆ ئەوەی ناوچەی دەرسیم بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی کە مەبەستی ئەوە بوو دەسەڵاتی کوردەکان لە ناوچەکە نەهێڵن و خەڵکی ئەو دەڤەرەش وەکو ناوچەکانی تری کوردستان راپێچبکەن و بیان گوازنەوە بۆ ناوچەکانی ئەنادۆڵی رۆژئاوا[١٠٤].

شیاوی باسە دوای ئەوەی عەبدوڵڵا ئەلب دوغان کرا بە والی لە سەر ویلایەتی ئەزیزان هەوڵیدا لەگەڵ سەید رەزا نزیکببێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش چەند جارێ داوای چاوپێکەوتنی کرد، بەڵام سەید ڕەزا لەمەرامە شاراوەکانی گەیشتبوو هەرجارە بە بیانوێك خۆی دوور دەگرت، ئەنجام عەبدوڵڵا ئەلب دوغان هەڵسا بەڕەوانەکردنی رائید شەوکەت فەرماندەی سەربازی بۆ مەبەستی گفتوگۆ کردن، کەچی سەید رەزا پێشوازیی لێنەکرد، بۆیە ئەویش روویکردە لای رەهبەری برازای سەید رەزا کە ئەو کاتە نێوانی لەگەڵ مامی باش نەبوو لەسەر زەوی و زار، هەرچەندە سەید رەزا هەوڵی دا رەهبەر بەقسەی رائید شەوکەت فریو نەخوا، بەڵام بێ سوود بوو و لەگەڵ ناوبراو چوونە ئەزیزان و لەوێ تورکەکان پارە و پوول و بەرتیلی زۆریان پێدا. کاتێکیش تورکەکان لە رەهبەر دڵنیابوون لە بەهاری ١٩٣٧ شەڕ و پێکدادان دەستیپێکرد، بەڵام سەید رەزا هەڵسا بە رەوانەکردنی ئیبراهیمی کوڕی بۆ لای عەبدوڵڵا ئەلب دوغان بە مەبەستی گفتوگۆ کردن، کە یەکێك لە داواکارییەکانیان داننان بوو بە دەسەڵاتی ناوچەکە. سەرەڕای رازی نەبوونی تورکەکان بە داواکارییەکەیان بۆ سەکەکیشیان بۆ ئیبراهیم لە ناوچەی هۆزی گرکان نایەوە و بووە هۆی کوشتنی ناوبراو. ئەنجامی ئەوکردارە سەید رەزای تووڕەکرد و هەڵسا بە گەمارۆدانی ناوچەکە

(١٠٤) جليلي جليل والاخرون، الحركة الكردية في عصر الحديث، الطبعة الاولى، دار الرازي، بيروت، ١٩٩٢، ص ١٧٩.

و داواکردنی بکوژانی کوڕەکەی، بەڵام تورکەکان نەك داواکارییەکەیان جێبەجێ نەکرد بەڵکو هەڵسان بە خەڵات کردنی بکوژانی ئیبراهیم کوڕی سەید ڕەزا[١٠٥].

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوە عیسمەت ئینوو سەردانی ناوچەکەی کرد و تورکەکان داوای بەدەستەوەدانی ٢٠٠ پارچە چەکیان لە خەڵکی دەرسیم کرد. سەرەڕای هۆکاری هاتنی سوپا بۆ ناوچەکە و ئەو کارانەی ئەنجامیاندا سەرچاوەکان هۆکاری کوشتنی ئیبراهیمی کوڕی سەید ڕەزا بە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ١٩٣٧ی دەرسیم دەژمێرن[١٠٦]. ئیتر لێرەدا سەید ڕەزا هەڵسا پەیوەندی کرد بە هۆزەکان و شەڕ کەوتە نێوانیان، هێزەکانی تورکیا بە تۆپ و فڕۆکە بەربوونە گیانی خەڵکی ناوچەکە و بۆ یەکەمین جار گازی ژەهراویشیان بەکارهێنا[١٠٧]. ئەنجامی ئەو شەڕ و پێکدادانە وایکرد سەید ڕەزا بگەڕێتە دواوە و خەڵکی ناوچەکەش ڕوویان کردە ئەشکەوتەکان، بەڵام سوپای تورك هەر بەوەش نەوەستا بەڵکو دەرگای ئەشکەوتەکانی گرتوو گشتیانی سوتاندن کە زیاتر لە منداڵ و پیر و ژن پێکهاتبوون[١٠٨].

ئەنجامی کار و کردەوەکانی سوپای تورکی و توند و تیژییەکەیان وایکرد کە سەید ڕەزا بیر لە هەوڵدان بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕەفتاری تورکیا بەجیهان بناسێنێ ئەگەرچی پێمان وایە باش لێی ئاگاداربوون، بۆ ئەو مەبەستەش بیریکردەوە عەلی شێر کە یەکێك بوو لە سەرکردە بە تواناکانی ناو ڕاپەڕینەکە، لە ڕێگای عێراق و ئێرانەوە ڕەوانەی سەفارەتی فەرەنسی و بەریتانی بکات[١٠٩]. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە سەید ڕەزا ویستوویەتی نوری دەرسیمی ڕەوانەی

(١٠٥) د. نوری دەرسیمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٦" زنار سلوپی، المصدر السابق، ص ٢٠٤.

(١٠٦) کریس کۆچیرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١٦٠.

(١٠٧) جمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، (وەرگێڕانی: کوردۆ)، ئەڵمانیا، ١٩٨٥، ل ١٠٤.

(١٠٨) زنار سلوپی، المصدر السابق، ل ٢٠٧.

(١٠٩) د. نوری دەرسیمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٠.



ئەوروپا بکات[١١٠]، هەروەها لە سەرچاوەیەکی تردا بە پشت بەستن بە بەڵگەنامەیەکی بریتانی باس لە نامەیەکی سەید ڕەزا کراوە کە بۆ( ئانتونی ئایدن) وەزیری دەرەوەی بەریتانی ئەو کاتەی ڕەوانە کردووە و تیایدا هاتووە:" **دەوڵەت چەندان ساڵە هەوڵدەدا ئەم خەڵکانە بکاتە تورك سەرکوتیان بکا، بڵاوکراوەی کوردی قەدەغە بکا و هەر کەسێك بە کوردی بدوێ ئەشکەنجە و ئازاری بدا، خەڵکی لەو ناوچە بەپیتەی کوردستان ڕاگواستووە بۆ بیابانەکانی ئەنادۆڵ بردوون و گەڵی لەو خەڵکانەی لەوێ لەناوچوون و زیندانەکانی پڕ لە خەڵکی مەدەنی کردووە و ڕووناکبیرانی گوللە باران کردووە و لەدار داوە و یان دوور خستوونەتەوە**"[١١١]. لێرەدا دەتوانرێت بوترێ، کە هەوڵی سەید ڕەزا هەر چونێك بێت مانای گەورەی هزری ئەو دەگەیەنێت ئەگەرچی ئاکامی نەبووە.

دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە بۆ حکوومەتی تورکیا ببووە شتێکی حەتمی بۆیە کەوتە نانەوەی پیلان و ناردنەوەی ڕەهبەر. سەید ڕەزا لە سەرەتا متمانەی بە ڕەهبەر نەبوو، بەڵام میرەکان تکایان لای سەید ڕەزا بۆکرد، ڕەهبەریش دواتر بارودۆخی بۆ خۆی قۆستەوە لەگەڵ هەندێ لە سەربازانی چووە ماڵی عەلی شێر بەفێڵی برسییەتی لەکاتی نان ئامادەکردن عەلی شێر و خێزانەکەی کوشت. بەمەش کەلێنێکی گەورەی خستە ناو سوپای ڕاپەڕینەکە و کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر گیانی ڕاپەڕیوان[١١٢].

دوای ئەو ڕووداوە هەردوولا بە گەرمی کەوتنە شەڕەوە، بەڵام دووبارە لە ناو سوپای ڕاپەڕینەکە خیانەتکارێکی تر بەناوی خدر هەڵسا بە کوشتنی سەرۆکی هۆزی بەختیاری شاهین ئاغا کە ئەو ڕووداوەش کاریگەربوو، ئەگەرچی دواتر لە لایەن

(١١٠) کریس کوچیرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩.

(١١١) دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، (وەرگێڕانی: ئەبوبکر خۆشناو)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٢.

(١١٢) د. نوری دەرسیمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١١؛ زنار سلوپی، المصدر السابق، ص ٢٠٦.

براكانی شاهین ئاغاوه خدر و خیانەتکەرەکانی هاوڕی کوژرانەوه[113]. بەردەوامی شەڕ و یەکلانەبوونەوەی وای لە دەوڵەتی تورکیا کرد بیر لە شێوازێکی تر بکاتەوه، ئەوەبوو بانگیدا کە دان بە داواکارییەکانیان دەهێنێت و هەوڵی گفتوگۆ کردنیدا لە نێوانیان ئەنجام سەید رەزا فریوی خوارد و هاتە ئەرزنجان و کەوتە بۆسەی تورکان و بەدیل گیرا، دوای ئەوەش لە١٠ی تشرینی دووەمی **١٩٣٧** دادگای تورکی دادگایی سەید رەزا و هاورێکانی کرد، لێرەشدا هەولێدا بە زۆر ئەوە بسەلمێنی کە سۆڤیەت یارمەتی راپەڕینی دەرسیمی داوە، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوەش پروپاگەندەیان بۆ ئەوە دەکرد گوایە سەربازانی فەرەنسی و بەریتانی لە ناو هێزەکانی هۆزی کۆجان هەبووە، مەبەستیان لەمەش کارەکەی خۆیان بەڕاستی نیشانی جیهان بدەن. بەڵام سەید رەزا ئەوانەی هەموو بەدرۆخستەوە و لە **١٨**ی تشرینی دووەمی **١٩٣٧** حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەر سەید رەزا و کوڕەکەی و سەرۆکی هۆزی یوسفیان قەمبەر ئاغا و هۆزی قریشان سەید حوسێن ئاغا و عەلی ئاغادا. سەید رەزا لە پێش لەسێدارەدانی وتی: **" لە تەمەنی حەفتا و پێنجساڵیم خوێنم دەبەخشم و بە خوێنبەخشەکانی کورد شاد دەبم. دەرسیم دۆڕاندی، بەڵام کوردایەتی و کوردستان هەر دەژین و بەچکە کورد تۆڵەی ئەو تاوانانە دەکاتەوە، بمرن درۆزن و نامەردان"**[114]. ئیتر بەلەداردانی ئەوپۆڵە دلێرە ڕاپەڕین کوژایەوە و دەوڵەتی تورکیش کەوتە گیانی خەڵکی ناوچەکە و تالان و برۆی کرد و ناوچەکەی لە کورد پاککردەوە. هەربۆیە عەلائەدینی سەجادی دەڵێ: **" ئەو کارەساتانەی کە حکوومەتی کەمالی لە شوڕشی ١٩٣٧ز دا بەسەر کوردەکانیان هێنا، دیسان ئینسانییەت و عاتفە بێزی دێتەوە کە باسیان بکا، چونکە ئەو کوشتن و بڕین و ماڵ وێرانییەی کە لەو ساڵەدا بەسەر ئەو کوردانەدا هێنرا و ئەو گوللە بارانە بێ ڕەحمانە، کە ئەپارێزا بەسەریانا، مەگەر هەر پرزۆڵە کوشتنی منالّی ناو بێشکەی بەدەم گوللەی ڕۆیشتوو بزانێ چی کراوە؟! ئەگینا**

(١١٣) زنار سلوپی، المصدر نفسه، ص ٢٠٧.

(١١٤) د. نوری دەرسیمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٢ ؛ زنار سلوپی، المصدر السابق ، ص ٢١٠.



**نەزمان نەقەڵەمی یەکێکی تر ناتوانێ باسیبکا بە کورد بێ خاوەنە، بێ کەسە، بێ دەرەتانە، ئایا بۆنی کرووزەی جەرگی هەڵقرچاوی حەقی ئەسینی، دیارە حکوومەتە ئیستعمارییەکان هەر بۆ پێشکەوتنی کاروباری خۆیان ئەم پەردانە هەموو رۆژێك تازە ئەکەنەوە؟!"**[115]. ئەو پرسیارەی سەجادی لەبارەی کار و کردەوەکانی تورکیا و هەڵوێستی ئەوروپییەکان لە بەرانبەری کێشەی کورد بە وتەیەکی (سافرسیتان) وەڵامی دەدەینەوە کە دەڵێ: **" لە شۆڕشە کوردییەکان، ئەوە دوایی جووڵانەوەی کوردەکان بوو {مەبەستی راپەڕینی دەرسیمە – توێژەر} هەموو جۆرێك هەڵسانیان بە ماڵویرانی و ئیعدام کردنیان دوایی هات، دەوڵەتە ئەوروپیکانیش سەیریان دەکرد بۆ ئامانجی خۆیان ئەگەر تۆزیك پیاوەتی گیانی مرۆڤایەتی و وێژدانیان ببوایە گەلێ کارەسات بوو رووی نەئەدا، بەڵام نەبوو"**[116].

تورکەکان هەر بەو نەهامەتیانە نەوەستان کە ئەنجامیاندا بەڵکو هەڵسان بە گۆڕینی ناوی دەرسیم (بە تونجلی) و سەرکردەکانیان شانازییان بەوە دەکرد بەوەی کێشەی دەرسیمیان کۆتایی پێهێناوە، ئەوەتا عیسمەت ئینۆنۆ دەڵێ: **" کێشەی دەرسیمان لە گۆڕێ هەڵگرت و کۆتایمان پێهنا و لە کارەساتی دەرسیم رزگار بووین و بەهەموو جۆرە جوولانەوەی سەربازی خاوێنکرایەوە"**[117]. ئیتر لێرەوە راپەڕینی کوردی لە ناوچەکانی باکووری کوردستان رووی نەدا ئەگەرچی دواتر برازاکانی سەید رەزا یاخی بوون لە ناوچەی دەرسیم، بەڵام زوو سەرکوت کران. بە لەناوبردنی ئەو راپەڕینە چرای بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لە باکووری کوردستان کوژایەوە.

(١١٥) عەلائەدین سەجادی، مێژووی راپەرینی کورد، چاپی دووەم، ئێران، بێ ساڵی چاپ ، ل٤١.

(١١٦) ئارشاك سافرسیتان، مێژووی کورد و کوردستان، (وەرگێرانی: عبدالله شالی)، سلێمانی، ١٩٦٠، ل ٥٣.

(١١٧) نوری دەرسیمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٦.

## ئەنجام

راپەڕینی دەرسیم گرنگی خۆی هەیە لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لە باکووری کوردستان، کە ماوەیەك حکوومەتی تورکیای پێوە خەریکبوو و ناوچەی دەرسیم سەردەمێکی زۆر سەربەخۆیی پاراست و دەسەڵاتی حکوومەت تەنیا بەناو لە ناوچەکە بوو، بەڵام هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی راپەڕینەکە کەلێن کەوتە ناو سوپا و خیانەتی تیاکرا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هیچ رێکخراوێك یان کەسایەتییەکی سیاسی تا سەرپەرشتی راپەڕینەکەی بکا. دووریش نییە بڵێین ئەی هەوڵی سەید رەزا چی بوو، بەڵام پێمانوایە ئەوجۆرە هەوڵانە چاولێکردنێك بوو کە سەرکردە کوردەکان لەو کاتە پەیڕەویان دەکرد.

سەرکردایەتی راپەڕینی دەرسیم هەوڵی ئەوەی نەدا ناوچە کوردییەکانی تر بۆ ناو راپەڕینە رابکێشێت. واتە راپەڕینەکە بە گۆشەگیری تەنیا لە ناوچەی دەرسیم مایەوە و بەس.

نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە و بەهێز بۆ بەڕێوەبردنی راپەڕینەکە کە هەر ئەمەش وایکرد وەکو سەرکردایەتی شۆڕش و راپەڕینەکانی تر سەید رەزا بکەوێتە دەست تورکەکان و بخرێتە بەر پەتی سێدارەوە.

هەڵوێستی وڵاتانی جیهانی بە هەمان شێوە بوو چۆن لە راپەڕینەکانی تریش بێدەنگبوون بە هەمان شێوە خۆیان لێ بێدەنگ کرد، لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندییان نەبوو لەسەر کورد بکەنەوە .

## هەڵدانەوەی چەند لاپەرەیەك لە مێژووی پەیوەندییە سیاسییەكانی كورد و ئەڵمانیا

لە دوای كۆتایی هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانی و بەرەوپێشەوە چوونی رووداوە سیاسییەكان، جیهان تەوژمێكی ئایدۆلۆژیای توندی بەخۆیەوە بینی، كە هەریەكەیان پروپاگەندەی بۆ خۆی دەكرد و هەوڵی راكێشانی هەواداری بۆ خۆی دەدا[١١٨]. ئیتر ململانێی نێوان ئەو ئایدۆلۆژییە جیاوازانە بوونە هۆی بگرە و بەردە و خەبات و زۆرانبازی، كە سەرئەنجام زمانی دبلۆماسی و دانوستانی بری و بووە هۆی وەگەرخستنی زمانی چەك و لەكۆتایی سییەكانی سەدەی بیستەم جیهانی خستە نێو جەنگێكی دیكەی كاولكارییەوە، كە لە مێژوودا بە جەنگی دووەمی جیهانی نێوزەنكراوە[١١٩]. تیایدا جارێكی تریش جیهان بەسەر دوو بەرەی هاوپەیمان و تەوەر دابەشبوون و كەوتنە شەڕ و گیانی یەكتری لەسەر حیسابی بەشێك لە نەتەوە و وڵاتانی دونیا. كوردستانیش وەكو بەشێك لە جیهان پروشكی ئەو جەنگەی بەركەوت

(١١٨) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ ئەو بابەتە بڕوانە: د. فاضل حسین و د. كاظم هاشم نعمة، التاریخ االاوربي الحدیث ١٨١٥- ١٩٣٩، الطبعة الاولى، طبع بمطابع مدیریة دار كتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، ١٩٨٢، ص ٣٧٣ ومابعدها.

(١١٩) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جەنگی دووەمی جیهانی و هۆكار و دەرئەنجامەكانی بڕوانە: رمضان لاوند، الحرب العالمیة الثانیة، الطبعة السادسة، بیروت، ١٩٧٩.



و بێ ویست و ئارەزوو و سوودمەندی كەوتە ناوجەنگەكەوە. چونكە بۆ كەڵك وەرگرتن لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان و بەدیهێنانی نەخشەی وڵاتە ئیمپریالیستەكان و كۆنترۆڵكردنی كانە نەوتەكانی كوردستان، هەریەكێ لە دەوڵەتە ئیمپریالیستەكان هەوڵیدەدا سۆزی كورد بەلای خۆیدا رابكێشێ، بۆ ئەو مەبەستەش پروپاگەندی خەستیان بڵاودەكردەوە و بەڵێنی ساختەیان هەڵدەڕشت و چەندین پڕۆژە و پێشنیاریان بۆ چارەسەركردنی مەسەلەی كورد خستبووە بەرچاو[١٢٠].

رق و كینەی گەلی كورد بەرانبەر ئینگلیزەكان و سیاسەتە ئیمپریالیستەكەی لەوەدا خۆی دەنواند كە هەموو رابەر و سەركردەكانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان بە تاقیكردنەوە بۆیان دەركەوتبوو كە هەمیشە نابێت پشت بە بەریتانیا ببەسترێ، یاخود لایەنی كەم ئومێدی ئەوەی لێبكرێ كە چارەسەرێكی رەوا بۆ مەسەلەی كورد بدۆزێتەوە[١٢١]، ئیتر ئەم هۆكارە هاندەر بوو، كە بەشێك لە كوردەكان هاتبوونە سەر بیری ئەوەی لە رێگای ئەڵمانەكان مافەرەواكانی گەلی كورد بەدەست بهێنن. لە لایەكی دیكەشەوە ئەڵمانەكان بۆ زیاتر راكێشانی گەلانی رۆژهەڵات كەوتبوونە پروپاگەندی ئاری نەژدای خۆیان كە لە ناوچەكانی كوردستان بەگشتی و، باشووری كوردستان بەتایبەتی زۆر كەس هەبوون حەزی ئەوەیان دەكرد بە نازی بانگیان بكەن[١٢٢].

(١٢٠) گوتفرید یۆهانز میوولەر، لە رۆژهەڵاتی گڕگرتوودا" نێردەی بەمەترسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ١٩٤٣"، وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب، چاپی یەكەم، هەولێر، ١٩٩٢، ل ٤-٦.

(١٢١) د. عزیز شەمزینی، جوڵانەوەی رزگاریی نیشتیمانیی كوردستان، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سەنتەری لیكۆلینەوەی ستراتیجیی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٥١.

(١٢٢) دیمانەیەك لەگەڵ دوكتۆر موكەرەم تاڵەبانی لە ٩ی شوباتی ٢٠٠٧، سلێمانی.( موكورەم تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری كەركوك لەدایكبووە، ساڵی ١٩٦٤كۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو كردووە، ساڵی ١٩٧٣ بڕوانامەی دوكتۆرای لە بواری زانستە ئابوورییەكان بەدەستهێناوە.

پارتی هیوا[١٢٣] کە ئەو کاتە وەکو تاکە پارتێکی سەر گۆڕەپانی سیاسیی باشووری کوردستان ئاڵای کوردایەتی دابووە دەستی لاوی خوێندەواری کوردی و نیشتیمان پەروەرانی لە دەوری خۆیدا کۆکردبوونەوە. بەشێك لە ئەندامەکانی کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەڵمانەکانەوە کە ئەمەشیان لە ڕێزلێنان لەسەرۆکی باڵایان رەنگی دابۆوە و وەکو کەسایەتێکی پیرۆز سەیر دەکرا[١٢٤]. وەکو چۆن ئەڵمانەکان بە پیرۆز سەیری هیتلەریان دەکرد.

شیاوی باسە، سەرەتای جەنگ ئەڵمانەکان لە زۆر بەرەکانی شەڕ سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەستهێنا، بەڵام کاتێك پێویستی پەترۆڵ بۆیان بووە پێداویستییەکی گرنگ بۆ سەرکەوتنیان لە جەنگەکە، کانە نەوتەکانی کەرکوك و باشووری کوردستان بووە جێگای گرنگیدانی ئەڵمانەکان، هەر بۆیە لە رێگای روستەم خانی بانە داوای یارمەتی لە حاجی عەباس ئاغای میراودەلیی[١٢٥] ناوچەی پشدەر دەکەن و ئەفسەری

ئێستاکەش لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە)؛ دوکتۆر مارف خەزنەدار، ئەڵەمان کوردی و چەند چیرۆکێکی تری کوردی، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٦٩، ل ل٥- ١٨.

(١٢٣) د. اسماعیل شکر رسول، اربیل دراسة تایخیة في دورها الفکري والسیاسي ١٩٣٩-١٩٥٨، الطبعة الثانیة، بنکەی رۆشنبیری شەهید رێباز، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص ١٣٥؛ د. موکەرەم تاڵەبانی، کۆمەڵەی دارکەر و پارتی هیوا چۆن دامەزران؟!! گۆڤاری رەنگین، ژمارە ( ٥٢)، بەغدا، ١٩٩٣، ل ل ١٨-٢٢.

(١٢٤) دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر موکەرەم تاڵەبانی لە ٩ی شوباتی ٢٠٠٧، سلێمانی.

(١٢٥) حاجی عەباس ئاغا کوڕی سەلیم ئاغا کوڕی بابەکر ئاغا کوڕی حەمەد ئاغای میراودەلییە، لە ساڵی ١٨٦٥ لە باوەلیان لەدایکبووە، ناوبراو یەکێك بووە لە پیاوە ناودارەکانی ناوچەکە و هەوڵی زۆری بۆ رزگاری نیشتیمانەکەی داوە، تا لە ساڵی ١٩٥٠ کوچی دوایی کردووە لە گەرماوان نێژراوە. دیمانەیەك لەگەڵ حەمە ئاغای عەباس ئاغا لە ١٠ی شوباتی ٢٠٠٧، حاجییاوە. (حەمە ئاغا کوڕی حاجی عەباس ئاغا کوڕی سەلیم ئاغا کوڕی بابەکر ئاغا کوڕی حەمەد ئاغای



خۆیان بۆلای ئەو زاتە رەوانە دەکەن تا لە رێگای ئەوەوە پەیوەندی بە شێخ مەحموود بکەن و هاوکارییان بکات، بەڵام ئەو هەوڵەیان سەرکەوتوو نابێت[١٢٦]. لێرەشدا، ئەڵمانەکان دەستە وەستان ناوەستن لە هەوڵدان بۆ پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ کوردەکان تا بۆ سوودمەندی خۆیان کەڵکیان لێوەربگرن.

سەرکەوتنەکانی سەرەتای جەنگ ئەڵمانەکانی هێنایە سەر بیری ئەوەی دەست بە پێشرەوی بکەن بەرەو رۆژهەڵات، کاتێکیش لێواری شەڕ گەیشتە یەکێتی سۆڤیەت و تووشی کەمی سووتەمەنی هاتن بۆ چەك و تانك و ئامێرە سەربازییەکانیان کە دەیخستنە بەر مەترسی شکست، بۆیە کەوتوونەتە بیری بەدەستهێنانی پەترۆڵ، کە بەشێکی زۆری کێشەکەیانی کەمدەکردەوە[١٢٧].

گوتفرید یۆهانز میوولەر[١٢٨] کە بەڕێوەبەری یەکێك لە شانە هەواڵگرییەکانی ئەڵمانیا و راوێژکاری مەسەلەی کورد بوو لەو شارەدا، دەکەوێتە بیری رزگاریکردنی سوپای وڵاتەکەی لەو تەنگەژە و دەڵێ: " **... لە یەکێك لە پیاسەکانمدا لەگەڵ هانز کریستۆف بە راشکاوی دووام و وتم سووتەمەنیمان کەمە، ئەویش وەڵامی دامەوە کە رۆژانە گوێبیستی ئەو هەواڵە دەبێت لە رێگای ئەو برینداڕانەی لە جەنگەکە دەگەڕێنەوە. لە پاشان هەردووکمان مات بووین و بە چاوی خەیاڵم نەخشەی روسیام دەبینی و بیرێك لە مێشکم کەوتە خولانەوە و وتم ئەو ورە بەزێنە چییە؟ ئێمە ئاوەها لێرەدا بێ ئاگردووین و سوپاشمان لە بناری باکۆ یەك بست لە کەلووی بەرزی کانە نەوتە گەورەکان دوورن"**[١٢٩].

میراودەلییە لە ساڵی ١٩٣٠ لەدایکبووە و لە حوجرە خوێندوویەتی، شارەزایی لە زمانی فارسی هەیە و ئێستاکەش لە حاجییاوا نیشتەجێیە).

(١٢٦) دیمانەیەك لەگەڵ حەمە ئاغای عەباس ئاغا لە ١٠ی شوباتی ٢٠٠٧، حاجییاوە.

(١٢٧) گوتفرید یۆهانز میوولەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠ بە دواوە.

(١٢٨) گوتفرید یوهانز میوولەر ئەفەسەرێکی ئەڵمانی بوو، کە پێش جەنگ سەردانی ناوچەکانی باشووری کوردستان کردبوو و شارەزایی دەربارەی گرنگی کانە نەوتەکانی ناوچەکە هەبوو.

(١٢٩) گوتفرید یۆهانز میوولەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

لەڕاستیدا میوولەر پێشینەیەکی باشی لەگەڵ گەلی کورد هەبوو بەهۆی ئەوەی ماوەیەك بەرلە جەنگ سەردانی باشووری کوردستانی کردبوو وەك لەنامەکەیدا کە ئاراستەی سەرکردەی باڵای سوپای کردووە دەڵێ: " **نامەیەکم ئاراستەی سەرکردایەتی باڵای سوپا کرد و تیادا نووسیم کە زانیارییەکی باشم دەربارەی چاڵە نەوتەکانی کوردستان لە هەرێمی کەرکووك و (مووسڵ) دا هەیە، ئیتر هەر لە وەڵامی ئەو نامەیم بوو بانگی بەرلین کرام و پێشنیازەکەم بۆ سەرکردایەتی باڵا روونکردەوە و وتم لە سەردانەکەی پێشوومدا بۆ هەرێمی کەرکووك و مووسڵ چاك شارەزا بووم و دۆستایەتیم لەگەڵ سەرۆك خێڵەکانی ئەوێدا هەیە و بە یارمەتی ئەوان دەتوانین دەست بەسەر چاڵەنەوتەکاندا بگرین و یاخیبوونێك لە دژی ئینگلیزەکاندا هەڵبگیرسێنین**"(١٣٠). بەهۆی ئەو پێشینیە مێژووییە میوولەر شارەزاییەکی باشی لەمەڕ سروشت و جوگرافیای ناوچەکە و هەڵسوکەوت و داب و نەریتی کورد پەیدا کردبوو. هەروەها لەگەڵ شێخ مەحموددا یەکتریان بینی بوو و لەتەك شێخ لەتیفی کوڕی شێخدا زۆربەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان گەرابوو.

ئیتر گرنگی دەست بەسەرداگرتنی کانە نەوتەکان و رزگارکردنی سوپای ئەڵمانیا لەو تەنگەژەیەی تیای بوو، میوولەر هێنایە سەر بیری ئەوەی بگەڕێتەوە ئەڵمانیا و پێشنیازی دەست بەسەر داگرتنی باشووری کوردستان پێشکەش بە (فیلد مارشاڵ کایتل) ی فەرماندەی سوپایی ئەو سەردەمە و سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا بکات تاوەکو لە رێگای ئەو کانە نەوتانەوە کە لە ناوچەکەدا هەن سووتەمەنی پێویست بۆ سوپای ئەڵمانیا دابینبکەن و سەرکەوتن لە بەرەی یەکێتی سۆڤیەت مسۆگەر بکەن(١٣١).

دوای ئەوەی سەرکردایەتی باڵای سوپا تاوتۆی پێشنیارەکەی کرد و رەزامەندی لەسەر دا. میوولەر دەڵێ:" **فیلد مارشال کەیتل لە ماوەی هەفتەیەك بە نووسین**

(١٣٠) گوتفرید یۆهانز میوولەر، هەمان سەرچاوە و لاپەرە.

(١٣١) کردەی مامۆنت، بەرنامەیەکی تایبەت لەسەر کردەی مامونت لە میدیا تیڤی.



**وەڵامی دامەوە و فەرمانیدا دەست بە کارەکە بکەم، هەروەها فەرمانی پێدام کە راپۆرتێك بدەمە دەسەڵاتی هەرە بەرزی سوپا لە سەرکردایەتی فوهەرە، لەوێشەوە ئەفسەرێکی گەورە پێوتم ئەمە کارێکی یەکجار پێویستە و تیپێك زۆر بە پەلە ئامادە بکە و بەرەو کوردستان بەرێ بکەوە ئیترناوی کردەکە نرا (مامۆنت )، بە ناوی ئەو جۆرە فیلەی کە یەکجار گەورەیە و لەسەردەمی دایناسوورەکاندا ژیاوە و ئێستاکە لەناوچووە و توخمی ئەو جۆرە ئاژەڵە نەماوە**"(١٣٢).

تیمی کردەی مامۆنت دامەزرێنرا بە سەرۆکایەتی میوولەر و ئەندامیەتی هەریەك لە هۆفمان شارەزا لە بارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆنە مامۆستا لە زانکۆی تاران، لەگەڵ کانێچین کە بە نەژاد پۆلۆنی بوو. ئیتر تیمەکە کەوتە مەشقکردن لە ناوچەی سینگەربێرگ لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی چەکە جۆراوجۆرەکان و بەهێز کردنی توانای جەستەیی و خۆهەڵدان بە پەرەشووت و بەگەرخستنی بێتەل و چۆنیەتی خوێندنەوەی ئاماژە نهێنییەکان و خۆڕاگرتن و خۆڕاهێنان لەبەر گەرما و سەرما و هەموو ئەو ئەگەرانەی دێنە پێشیانەوە بۆ ئەوەی بتوانن سەرکەتوو بن لەڕاپەڕاندنی کارەکانیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا میوولەر دەڵێت:" ... **ئەندامێکی هەرە گرنگی تیمەکەم بۆ گیر نەبوو دەبوو کوردێکی رەسەنی ناوچەکەم دەستبکەوێ بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ ئێمەدا بە چەتر هەڵدا، ئینجا بەرەو حەشارگەیەکی چاکمان ببات و پەیوەندیمان بە شێخ مەحموود سەرۆك هۆزەکانی تری کوردی بۆ دابمەزرێنێ... بەڵام ئەمەش فرە ئەستەم بوو، چونکە هەموو ئەوروپا نەیتوانی کوردێکی ئاوەهام بۆ دەستگیر بکا. بۆیە بۆ کۆنە رێکخراوەکەی ئەستەمبۆڵ گەرامەوە کە یەکێکی هەرە لێوەشاوەی بۆ دۆزیمەوە بە ناوی رەمزی**"(١٣٣).

رەمزی کوڕی نافیع ئاغای کوڕی حاجی رەشید ئاغای کوڕی یەحیا ئاغای کوڕی عەبدولوەهاب ئاغا کوڕی حارس ئاغایە و لە عەشیرەتی مەموەندییە و دایکیشی لە

(١٣٢) کردەی مامۆنت، هەمان سەرچاوە.

(١٣٣) گوتفرید یۆهانز میوولەر، هەمان سەرچاوە، ل ٢٨.

بنەماڵەی میرەکانی شەقلاوەیە. ڕەمزی لە ساڵی **١٩١٧** لە قەڵای هەولێر لەدایك بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە خوێندنگای( ئەربیلا ئولا) لە شاری هەولێر تەواو کردووە. دواتریش بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن رووی کردۆتە شاری کەرکووك، کە ئەو کاتە سەرەتای دامەزراندنی ڕێکخستنەکانی پارتی هیوا بوو لەو شارەدا. ڕەمزیش وەکو لاوێکی نیشتیمانپەروەر هەرزوو پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی هیواوە دەکات[١٣٤].

دوای ساڵێك مانەوەی لە کەرکووك" ڕەمزی لەبەر دەستڕۆیی بنەماڵەکەی و توانای ئابووری رووەدەکاتە بەغدا و دوا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە (ئامادەیی ناوەندی) بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات. ئینجا لە ساڵی **١٩٣٩** بەغدا بەجێ دەهێڵێ روو دەکاتە بەیرووتی پایتەختی لوبنان بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندنەکەی بدات لە کۆلێژی ئەمەریکی لەو شارە، کە دوای دوو ساڵ پلەی فرێشمانی تیا بە دەست دێنێت. ئینجا رووەدەکاتە ئەستەمبوڵ تا لە ( ڕۆبیرت کۆلێژ) بخوێنێ[١٣٥]. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین ڕەمزی لە بەیروتدا پەیوەندیی بەتین لەگەڵ هەریەك لە کامەران بەدرخان و نوورەدین زازا و چەند تێکۆشەرێکی دیکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە باکووری کوردستان دروستدەکات، کە هەمیشە دانیشتنەکانیان بە گفتوگۆ کردن لەسەر چۆنیەتی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەیان دەرازێنەوە.

دوای ئەوەی ئەڵمانەکان بۆیان دەرکەوت کە ڕەمزی خاوەن هەستێکی نەتەوەیی بەهێز و بیرێکی کوردانەیە و پەرۆشی رزگارکردنی نیشتیمانەکەیەتی. لەبەر ئەوە دەبوو بە هەر شێوەیەك بێت رازیی بکەن بەشداری لە کردەی(مامۆنت)بکات. بۆ ئەومەبەستەش کەوتنە بەڵێندان بە ڕەمزی ئەگەر هاوکارییان بکات لەسەرخستنی کردەکەدا بۆ دەستگرتن بەسەر کانە نەوتەکانی باشووری کوردستان ئەوە دەیکەن بە

(١٣٤) کردەی مامۆنت ، سەرچاوەی پێشوو مەسعود محەمەد، ڕەمزی نافیع- قوربانییە زلەکەی هەولێر، گۆڤاری کاروان، ژمارە( ٣٣)، حوزەیرانی ١٩٨٥، ل ل ٥-١١.

(١٣٥) مەسعود محەمەد، هەمان سەرچاوە و لاپەرە.



سەرۆکی کوردستان. ڕەمزیش لەڕوانگەی بەدەستهێنانی مافەڕەواکانی گەلەکەی و پێکهێنانی شتێك بۆ وڵاتەکە و رزگارکردنی لەژێردەستەیی و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، گیانی خۆی دەخاتە مەترسی و بریاری بەشداریکردن و هاوکاریکردنیان دەدا. دوای ڕەزامەندی ڕەمزی بنکەی هەواڵگری ئەڵمانیا لە ئەستەمبوڵ بە بەڵگەنامەیەکی ساختە ڕەمزی دەگەینێتە ئەڵمانیا و پەیوەندی بە میوولەرەوە دەکات و دەبێتە کەسی چوارەم لە تیمەکەی مامۆنت و بەشداری مەشقی ڕۆژانەی کردەکە دەکات. لەوێشدا چوست و چالاکی توانای ڕەمزی لە کاتی مەشقکردندا دڵی میوولەری خۆشتر دەکات کاتێك بینی چۆن بە شاخ هەڵدەگەرێ و چ هێزێکی هەیە[١٣٦]!

لەگەڵ تەواو بوونی مەشق میوولەر و هاوڕێکانی ماوەیەك چاوەڕوانی ئەو فڕۆکەیە دەکەن کە دەبوو بۆ شوێنی مەبەستیان بگوازێتەوە. تیمی مامۆنت بە فڕۆکەیەکی ئەڵمانی دروستکراوی فەڕەنسی کە خاوەنی دوو مەکینە بوو بەڕێککەوتن و قۆناغی یەکەمیان دوورگەی قرم دەبێت، ئینجا لەوێوە بەشەو بەسەر ئاسمانی تورکیادا دێنە باشووری کوردستان کە بە پێی پلان دەبوو لە ناوچەی پشدەر و بیتوێن خۆیان هەڵبدەن. بەڵام بەهۆی هەڵەی فڕۆکەوانەکە لە شوێنێکی تر بڕیاری خۆهەڵدانیان بە پەرەشووت پێ دەدرێت. ئەنجام لە فڕۆکەکەدا خۆیان هەڵدەدەنە خوارەوە لەگەڵ چەك و پێداویستەکانیان کە لە چەند سندوقێك پێکهاتبوو. میوولەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەرلەوەی بکەوێتە سەر زەوی ڕێڕەوی رووبارێکی بینیوە و تێگەیشتووە کە ئەوە ئەو شوێنە نییە کە بڕیار بوو ئەوان لێی دابەزن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەگەیشتنیان بۆ سەر زەوی جل و بەرگ و پەرەشوتەکانیان دەخەنە ژێر زەوی و دەستەیەك جلی کوردی لەبەر دەکەن، کە ڕەمزی بەهۆی چەند وێنەیەکەوە چۆنیەتی دوورینی جلی کوردی بە بەرگدوورێکی ئەڵمانیای ناساندبوو و ئەویش بۆ ئەندامانی تیمەکەی دووری بوو[١٣٧].

(١٣٦) گوتفرید یۆهانز میوولەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

(١٣٧) گوتفرید یۆهانز میوولەر، هەمان سەرچاوە، ل ٥٠ بەدواوە.

ڕەمزی و هاوەڵەکانی دوای وردبوونەوە بۆیان دەرکەوت بوو کە ئەوان لە نزیك دێی (فلفیّل)ی سیگۆشەی سنووری عیراق- تورکیا- سوریا کەوتوونەتەوە خوارەوە. بۆ بەیانییەکەش لەڕێگەی پاسە تەختەکانی ئەو سەردەمەوە خۆیان دەگەیننە رۆژئاوای مووسڵ. بەڵام بە هۆی بوونی بازگەیەکی ئینگلیزەکان لە نێوان هەر دوو بەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاوای مووسڵدا رێگای پەڕینەوەیان ئەستەم دەبێت، بۆیە رەمزی ئەندامانی تیمەکەی لە چایخانەیەك بەجێدەهێڵێ و دەچێتە ماڵی یەکێك لە خزمەکانی باوکی بە ناوی جەلال یاوەر(١٣٨). رەمزی لەگەڵ ئەوەی لە هاوکاری ئەو خزمەی بێهیوا دەبێت ئاگاداری ئەوەش دەکرێتەوە کە ئینگلیزەکان لە هاتنی ئەوان بەئاگان و بە دواییاندا دەگەڕێن(١٣٩).

بەبیستنی ئەو هەواڵە تیمەکەی مامۆنت بەهەر شێوەیەك بێت لەڕێگەی وادی شۆڕەوە کە ناوچەیەکی قامیشەڵانە خۆیان دەگەیننە نزیك گوندی (بازیوە) کە گوندێکی شەبەك نشینە، لەوێشدا چەند ئیسترێك بەکرێ دەگرن و دێنە گوندی تەرجان کە گوندی باوکی رەمزییە و کەوتۆتە نزیك شارەدێی گوێڕی ئێستاکە. بەهاتنیان بۆ تەرجان مەترسی دەستگیرکردنیان کەمتر دەبێتەوە بەهۆی ئەوەی لە ماڵی یەکێك لە کەسایەتییە دەسترۆیشتووەکانی ناوچەکەن. ئینجا دوای پشووەکی کورت دەگەیەنرێنە هەولێر و رووددەکەنە قەسری عەتائوڵڵا ئاغای مامی رەمزی(١٤٠)، لەو کاتە نافیع

(١٣٨) دکتور عبدالرحمان عبدالله، هەندێ زانیاری تر دەربارەی رەمزی نافیع، گۆڤاری کاروان، ژمارە( ٣٨)، تشرینی دووەمی ١٩٨٥، ل ٢- ٤.

(١٣٩) کوڕە خەزووری نافیع ئاغا بوو لە حەفتاکان مردووە. گوتفرید یۆهانز میوولەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

(١٤٠) عەتائوڵڵا ئاغا کوڕی حاجی رەشید ئاغا کوڕی وەیسی ئاغا کوڕی یەحیا ئاغا کوڕی عەبدولوەهاب ئاغا کوڕی ئەحمەد ئاغایە و لە عەشیرەتی مەموندی ناوچەی شەمامکی دەشتی هەولێرە. ساڵی١٨٨٢ لە هەولێر لەدایکبووە و لای مامۆستای تایبەت و خوێندنگای فەرمی سەردەمی عوسمانی خوێندوویەتی و لە زانستی ئایینی شارەزا بووە. دوای بەرپابوونی شۆڕشی١٤ی



ئاغای باوکی رەمزی لەوێدا نابێت و قەرەنی ئاغای براگەورەی رەمزی پێشوازییان لێدەکات، بەڵام پێیان رادەگەیەنێت کە ئەوان بەهۆی ئەوەی لەکاتی هاتنی ئینگلیزەکان دژیان وەستاون و بە ناحەزی ئەوان لە قەڵەم دراون، ناتوانن هاوکارییان بکەن. تەنیا ئەوەندە نەبێت دەتوانن یارمەتییان بدەن بۆ ناوچە شاخاوییەکانی سنووری تورکیا دەربازیان بکەن. لێرەشدا کردەی مامۆنت سەرەتای هەرەس هێنانی دەستپێدەکات، بەڵام رەمزی بڕیاری ئەوە دەدات کە تادواسات لەگەڵیان بێت و چارەنووسی خۆی بەوانەوە دەبەستێتەوە(١٤١).

لە ئەنجامی ئەو وەڵامە میوولەر دەکەوێتە سەر بیری ئەوەی یەکێك لە ئەندامانی تیمەکەی رەوانەی تورکیا بکات تا لەوێرا لەڕێگای دەسەڵاتی تورکیاوە قونسۆلی ئەڵمانی ئاگادار بکرێتەوە. ئیتر بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە رەمزی و هاورێکانی لە شەودا بە ئێستر خۆیان دەگەیەنە دێی( بێوکە)(١٤٢)، لەبەر ئەوەی

تەمموزی١٩٥٨ بە کاری تایبەتی خۆیەوە خەریکبووە تا ئەوەی لە ساڵی١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ئیمام محەمەد لە هەولێر نێژراوە. دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر ئەرسەن موسا رەشید لە ٣ی ئەیلولی ٢٠٠٦، هەولێر( ئەرسەن موسا رەشید ساڵی١٩٥٣ لە هەولێر لەدایکبووە و سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی عەرەبی و ئایینی زانکۆی بەغدا لە ساڵی١٩٧٧ بەدەستهێناوە. ناوبراو ماستەر و دوکتۆرای لە زانکۆی ئوم دین بەرەی سکوتلەندی بەریتانی لە ساڵی١٩٨٣ تەواو کردووە. دوای گەڕانەوەشی لە زانکۆ کاری کردووە تا ئەوەی لە ساڵی٢٠٠٠ پلەی پرۆفیسۆری وەرگرتووە. دوکتۆر ئەرسەن ماوەی نێوان ١٩٩٤-٢٠٠٤ سەرۆکی بەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین هەولێر بووە. ئێستاکەش سەرۆکی بەشی مێژووی ئێوارانی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێرە و لە هەولێر نیشتەجێیە).

(١٤١) گوتفرید یۆهانز میوولەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤.

(١٤٢) کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی هەولێر لەپشت کەسنەزانی ئێستاکە.

ماڵی مامێكی ڕەمزی لەوێبوو لەگەڵ خوێنبرایەكی كە نێوەندیان لەگەڵ ڕەمزی دا یەكجار خۆشبوو[١٤٣].

لە گوندی بێوكە ڕەمزی و هاوڕێكانی لەلایەن خورشید نورەدینی ئامۆزای بەگەرمی پێشوازییان لێدەكرێ و شوێنی پشوویان بۆ دابیندەكرێ، ئینجا بۆ دڵنیایی بۆ ئەشكەوتێكی نزیك دێیەكە دەگوازرێنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەمزی لە هەواڵی بەردەوامدا دەبێت بۆ ئەوەی كەسێكی شارەزا پەیدا بكات بیانگەێنێتە سنووری توركیا. سەرەنجام ڕۆژێك ژمارەیەك كاروانچی تووتنفرۆش چاویان بە ئەڵمانەكان دەكەوێ و ڕێكدەكەون دوای فرۆشتنی بارەكەیان لە هەولێر بگەڕێنەوە و لە بەرانبەر بڕێك پارە و ئەو چەكانەی لایانە بیانگەیەننە سنووری توركیا و دەربازیان بكەن. بەڵام لەبەر تەماعی ئەو ٢٥٠ دینارەی كە ئینگلیزەكان كە بۆ سەری هەر یەكێكیان تەرخانی كردبوو، تێكرا دەیكردە ١٠٠٠ هەزار دینار و بۆ ئەو كات دەستكەوتێكی باش بوو سەردەستەی كاروانچییەكان، شوێنی ئەڵمانەكان بۆ ئینگلیزەكان دەستنیشاندەكات[١٤٤].

بە دیار كردنی شوێنی ئەڵمانەكان ئەفسەری پۆلیس بەدیع محەمەد نەزهەت(١٩١٠-١٩٦٠) بە خۆی و چەند پۆلیسێكی ئەسپ سوار دەچنە شوێنەكە و لەناو دار و دەوەنەكان ئەڵمانەكان دەستگیریان دەكەن و ڕەمزی ئەو كاتە لە هەولێر دەبێت، كاتێكیش دەگەڕێتەوە لە لایەن ئامۆزایەكەوە ئاگادار دەكرێتەوە، حكوومەت هەموو ئەندامانی بنەماڵەكەی جگە لە نورەدین ڕەشیدی مامی دەستگیر كردووە بۆ ئەوەی لە ژێر ئەو پاڵەپەستۆیە ئەویش دەستگیر بكەن. سەرئەنجام ڕەمزی لەسەر داواكاری مامی. خۆی دەداتە دەست و لە بەندیخانەی

(١٤٣) خوێنبرایەكەی ڕەمزی، خورشیدی نورەدینی كوڕی مامی بوو كە لەنێوان ساڵانی( ١٩١٧-١٩٨٧) ژیاوە.

(١٤٤) گوتفرید یۆهانز میوولەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.



قشلەی هەولێر بە هاوڵە ئەڵمانەكانی دەگاتەوە. ئینجا لەوێشەوە بۆ بەندیخانەی مووسڵ و ئینجا بۆ بەغدا دەگوازرێنەوە[١٤٥].

لە بەغدا میولەر و دوو ئەفسەرەكەی تر ڕەوانەی قاهیرە دەكرێن و ڕەمزیش لە بەغدا دەمێنێتەوە بەو پێیەی هاوڵاتییەكی عیراقییە و دەبێت لە عیراق بەند بكرێت. كەچی دواتر ئەویش لەژێر گوشاری ئینگلیزەكان بۆ قاهیرە دەگوازرێتەوە. بەڵام لەوێدا ڕەمزی و دوو ئەفسەرەكە لەژێر پاڵەپەستۆی ئەشكەنجەدا تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن و بەشێك لە هزریان لەدەستدەدەن[١٤٦].

دوای گەڕانەوەشیان بۆ عیراق ڕەمزی لە لایەن دادگای عورفی بەغداوە حوكمی لەسێدارەدانی بەسەردا دەدرێ، بەڵام دوای تێهەڵچوونەوەی بڕیارەكە و هەوڵی زۆری بنەماڵەكەی حوكمەكەی بۆ دەگۆڕێ بۆ هەتاهەتایی. ڕەمزی ئەو ماوەیەش تەواو ناكات لەبەر پێشكەشكردنی ڕاپۆرتی پزیشكی، بۆیە لە دادگا بڕیاری ئازاد كردنی بۆ دەردەچێت و دوای سێ ساڵ بەندییەتی ئازاد دەبێت و دەگەڕێتەوە شاری هەولێر. ماوەی دوای ئازاد بوونیش ڕەمزی بەدەست نەخۆشییەكەی دەناڵێنێت، ئەگەرچی لەلایەن دوكتۆرێكی جوولەكە لە بەغدا بەناوی( جاك عەبود) نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دەدرێت. كەچی هەر بەدەم ئەو دەردەوە لە ساڵی ١٩٤٧ كۆچی دوایی دەكات و لە گۆڕستانی شێخی چۆلی بە خاك دەسپێردرێت[١٤٧].

هەوڵی ئەڵمانەكان بۆ دەستەبەركردنی كانە نەوتەكان لە لایەك و هەوڵی ڕەمزی بۆ هێنانەدی مافەڕەواكانی نەتەوەكەی لەڕێگای كردەی مامۆنت لە لایەكی دی. بە

(١٤٥) ڕەمزی نافیع و خەونێكی وەدی نەهاتوو، مەكتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستان، بەرنامە دیكۆمینتارییەكان، بەرنامەیەكی تایبەت.

(١٤٦) گوتفرید یۆهانز میوولەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧ بەدواوە.

(١٤٧) عزالدین فیضی، ڕەمزی نافیع و بۆچوونەكانی كاك مەسعوود محەمەد و كاك محەمەدی مەلا كەریم، گۆڤاری كاروان، ژمارە( ٣٨)، تشرینی دووەمی ١٩٨٥، ل ٦؛ ڕەمزی نافیع و خەونێكی وەدی نەهاتوو، سەرچاوەی پێشوو.

مردووی لەدایكبوو، چونكە تێڕوانین و خوێندنەوەیان بۆ بارودۆخی ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و كوردستان و جموجۆڵی سوپای هاوپەیمانەكان بەگشتی و سوپای سۆڤیەت بەتایبەتی لە جێگای خۆیدا نەبوو، لەبەر ئەوەی تاقیكردنەوەكەی ڕەشید عالی گەیلانی لە عێراقدا هێندە لەمێژ نەبوو زیندەبەچاڵكرابوو. هەروەها بەڕێوەبەری كردەكە تەنیا بەوە هەڵخەڵەتابوو كە كورد ڕقی زۆری لە ئینگلیزە بۆیە بە دۆستی ئەڵمانیای دەزانی، هەروەها دۆستایەتی كۆنینەی لەگەڵ شێخ مەحموود وای كردبوو هیوایەكی گەورەی پێ هەبێت، بەڵام باری كورد بەگشتی و شێخ مەحموودیش بەتایبەتی لە ئاست ئەو داواكارییەی ئەواندا نەبوو. جیا لەوەش كردەی مامۆنت لاوازییەكی دیكەشی پێوە دیار بوو كە بەقسەیەكی قەرەنی نافیع ئاغا كۆتایی پێهات و میوولەر هاتە سەر بیری ئەوەی ئەندامانی تیمەكەی ڕزگار بكات، واتە ئەگەر هاتوو تیمەكە لە شوێنی خۆشی دابەزیبوایە هەر سەركەتوو نەدەبوو، كە ئەمەشیان هۆكاری سەرەكی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی ئەڵمانەكان لەشەڕدا باریان كەوتبووە لێژی، ئەوەش لە توانای كورددا نەبوو بارەكەی بۆ ڕاستبكاتەوە[١٤٨].

ماوە بڵێین ئەگەرچی كردەی مامۆنت و هاوكاری كوردی ئەڵمانیای سەركەوتنی بەدەستنەهێنا، بەڵام ڕوحێكی خۆشەویستی بۆ بەڕێوەبەری كردەكە لەگەڵ ڕەمزیدا دروستكرد كە هەر ئەمەش بوو دوای ٤٩ چل و نۆ ساڵ بۆ زێدی باب و باپیرانی ڕەمزی گەڕایەوە و سەری ڕێز و نەوازشی بۆ وێنەی ڕەمزی دانەواند و تەواوی نهێنییەكانی كردەكەی بۆ بنەماڵەی ڕەمزی گێڕایەوە[١٤٩].

---

(١٤٨) گوتفرید یۆهانز میوولەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١ بەدواوە.

(١٤٩) ڕەمزی نافیع و خەونێكی وەدی نەهاتوو، سەرچاوەی پێشوو.

## دۆزی کورد لە نێوان ململانێی دووجەمسەری جەنگی سارددا[150]

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە

### دەستپێك:

بەکۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، جیهان کەوتە نێو بازنەی جەنگێکی تر کە لە مێژوودا بە جەنگی سارد نێودەبرێت، کە لە ئەنجامی سەرهەڵدانی دیاردەکـانی جیهان دابەشبوو بەسەر دوو جەمسەردا یـەکێکیان یـەکێتی سـۆڤیەت سـەرکردایەتی دەکرد و جەمسەرەکەی تریش لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئـەمریکا سـەرکردایەتی دەکرا، هەڵبەتە هەریەکەیان ژمارەیەك وڵاتانی جیهانیان لەخۆگرتبوو و ئەو وڵاتانەش کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی ئەم جەنگەدا کە بەجەنگی سارد نێودەبرێـت. بـۆ ئـەوەی بزانین کاریگەری ئەو جەنگە و دابەشبوونی دوو جەمـسەری جیهـان بەسـەر کۆمـاری کوردستان ساڵی ١٩٤٦و لە رێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی مارتی١٩٧٥ چۆن بوو؟ تا تەتەڵە بکەین، هاتووین ئەو توێژینەوەمان لەسەر ئەنجامداوە، کـە لـە پێـشەکی و دووتەوەرە و ئەنجام پێکهاتووە.

---

(١٥٠) ئەم باسە بە دووجار بڵاوکراوەتەوە. یەکەمیان بە ناونیشانی" کۆماری کوردستان لـە نێـوان ململانێی دووجەمسەری جەنگی سارددا" لە گۆڤاری هزرین ژمارە( ٢) هاوینی ٢٠٠٥. دووەمیـان بە ناونیشانی" دۆزی کورد لە رێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان ململانێی دووجەمسەریی جـەنگی سارددا" لە گۆڤاری هزرین ژمارە( ٥) ٢٠٠٧. بەڵام لێرەدا بە چاکمان زانی بابەتەکان بکەینە یەك.



تەوەرەی یەکەم لەو تەوەرەیەدا ئاماژە بۆ چـەمکی جەمـسەربەندی و نـاوەڕۆکی دووجەمسەری و قۆناغەکان و چۆنیەتی پەرەسەندنی دەکەین، لەگەڵ ئـەو پێـشهاتەی دوای جەنگی جیهانی دووەم کە جیهان بەخۆیەوەبینی و هەردوو جەمسەری رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەوڵی خۆبەهێز کردنی خۆیان دەدا لەسەر حیسابی یەکتر و وڵاتانی تردا.

تەوەرەی دووەم لەو تەوەرەیەدا ئاماژە بۆ باری ئێران لەکاتی جەنگ دەکەین کە لـە ئەنجامدا دوای جەنگ کۆماری کوردستانی لە ١٩٤٦ لێ لـەدایکبوو، لێرەشـدا هـەوڵی وڵاتە زلهێزەکان تەتەڵە دەکەین کە چۆن بۆ بەرژەوەندی خۆیان پاڵەپەستۆیان خستە سـەر یەکێتی سۆڤیەت تا لەگەڵ ئێران بکەوێتە گفتوگۆ و پشت لەو کۆمارە بکەن.

تەوەرەی سێیەم: لەم تەوەرەیەشدا ئاماژە بۆ هەڵوێـستی حکوومەتـە یـەك بـەدوا یەکەکانی عیراقی بەرامبەر دۆزی کورد و شۆڕشی کوردی دەکەین، هـەروەها هـەوڵی هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بۆ لەنێو بردنی بزاڤی رزگـاریخوازی کوردسـتان و لەیـەك نزیـك کردنـەوەی دوژمنـانی کـورد تەتەڵـە دەکـەین، تـا سـەرئەنجام لـە رێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی مارتی١٩٧٥ نسکۆیان بە شۆڕشی کوردی هێنا.

ئەنجام چەند خاڵێك ئاماژە بۆ دەکەین کە لە دوو تۆی باسەکە پێگەیشتووین .

شیاوی باسە بۆ ئەنجامدانی ئەم باسە سوودمان لە ژمارەیەك سەرچاوە وەرگرتووە. لەوانە عەبدولقادر محەمەد فەهمی( النظام السياسي الدولي دراسة في الاصول النظريـة الخصائص المعاصرة)کە تیایدا نووسەر باس لـە سیـستەمی سیاسـیی جیهـان دەکـات لەگەڵ جۆرەکانی جەمـسەربەندی کـە بـۆ تـەوەرەی یەکـەمی باسـەکە سـوودمەندی لێوەرگیراوە. هەروەها ویلیم ئیغلتن( **جمهورية كوردستان**)، رۆبـەرت ئۆڵـسن( **المسالة الكردية في العلاقات التركية الايرانية**)، دوکتۆر بورهان ئەبابەکر یاسین( **كوردستان في سياسة القوى العظمى ١٩٤١-١٩٤٧** ) بـۆ تـەوەرەی دووەم، مەسـعوود بـارزانی( البـارزاني والحركـة التحرريـة الكرديـة، الجـزء الثالـث، ثـورة ايلـول،١٩٦١-١٩٧٥) کەتیایدا نووسەر باس لە شۆڕشـی ئـەیلول دەکـات، گـرنگترین سەرچـاوەیە بـۆ ئـەو سەردەمە، لەبەر ئەوەی نووسەر هاوچەرخ و یەکێك لەبەشـداربووانی شـۆڕش بـووە و ژمارەیەکی زۆر دیکۆمینتی دەگمەنی تیادا بەکار هێناوە، لەگەڵ نووسینێکی هینری

کیسنجەری بەناوی کارەساتی کوردەکان لە گۆڤاری باسکار کە بەتایبەتە سیاسەتی ئەمەریکا بۆ تەوەرەی سێیەم گرنگی خۆیان هەبووە. ئیتر ئەمانە و ژمارەیەك سەرچاوەی تر کە لە ڕیزبەندی سەرچاوەکان ئاماژەمان بۆ کردوون.

هەڵبەتە ئەم لێکۆلینەوەیە لە کەم و کورتی بەدوور نییە بۆیە دەخوازین بەچاوێکی رەخنەگرانەوە سەیر بکرێت و لە کەم و کورتییەکان ئاگاداربکرێینەوە تا سوودمەندی بۆ داهاتوو هەبێت.

## تەوەرەی یەکەم : چەمکی جەمسەربەندی نێوەرۆکی دووجەمسەر

یەکێك لەو دیاردانەی کە بەپێی هەڵ و مەرجی مێژوویی و ئاستی کامڵ بوون و پێگەیشتنی سیستەم و سەرچاوەکانی هێز و رادەی دابەشبوون و ڕێژەی هاوسەنگی هێز و بنەماکانی پەیکەربەندی و ژمارە و جۆری یەکەکانە، کە سیستەمێکی نێودەوڵەتی لە یەکێکی تر جیا دەکاتەوە ئەو دیاردەیەیە کە بە" جەمسەربەندی" ناسراوە و بریتییە لە: چڕ بوونەوە و چەقبەستنی کۆمەڵێك دیاردەی کۆمەلایەتی و ئابووری، یاخود سیاسی و ئایدۆلوژی، یان کۆبوونەوە و خڕبوونەوەی چەندین رەگەز لە رەگەزکانی هێز لە دەوری خاڵێك یان دوو خاڵ یان چەند خاڵێك لەمیانەی یەك ئاستی پەرەسەندن و بالاّ بووندا(١٥١).

لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، زاراوەی( جەمسەربەندی) ئاماژە بەخشە بۆ کردەوەی پێکهاتنی هاوپەیمانیەتی لە دەوری ناوەندێك یان دوو ناوەند یان چەند ناوەند و چەقێکی مەزن(١٥٢). لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، سیستەمی نێودەوڵەتی شێوەی

(١٥١) عومەر نورەدینی، سیستەمی نوێ جیهانی و دۆزی کورد" کوردستانی عێراق وەك نموونە"، لێکۆلینەوەیەکی شیکاری سیاسییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠٠٣ ، ل ٩٥.

(١٥٢) د. عبدالقادر محمد فهمی، النظام السياسي الدولي" دراسة في الاصول النظرية الخصائص المعاصرة"، الطبعة الاولى، دار وائل، عمان، ١٩٩٧، ص ٦٠.



جۆراوجۆری جەمسەربەندی بەخۆیەوە دیوە وەك: (تاك جەمسەری)، (فرە جەمسەری) و (دوو جەمسەری)(١٥٣). لەگەڵ کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم، شێوەی فرە جەمسەری سیستەمی نێودەوڵەتی دوایی پێهات و نموونەی تازەی جەمسەربەندی بریتی بوو لە: (سیستەمی دووجەمسەری) کە تیایدا توانا چالاکەکانی دنیا لەڕووی هێزەوە بەسەر دوو ( بلۆك) دا(١٥٤) دابەش کران، ئەم بلۆکە هەریەکەیان سەرکردایەتی دەوڵەتێکی جەمسەری دەکرد و لەنێوان خۆشیاندا کەوتبوونە پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتر (ڕیمون ئارون) وایدەبینێ کە دوو جەمسەری، بریتییە لە هاوسەنگی نێوان هێزەکان، بە جۆرێك کە زۆربەی یەکە سیاسییەکان لە دەوری دووانیان کۆدەبنەوە، ئەو دوو دەوڵەتەش بەهۆی ئەو توانا و هێزەی کە هەیانە لەوانی دیکە پێشکەوتووتر و بالاّدەستترن(١٥٥) ئەم جەمسەربەندییە، سنووره سیاسی و جوگرافی و شارستانەتییەکانی تێکشکاند و جیهانی بەسەر دوو بەرەی رۆژئاوا و رۆژهەلاّتدا دابەشکرد و دەوڵەتانی جیهانی سێهەمیشی بەخۆوە گرێدا، بەلاّم لەناو ئەو شێوە سیستەمەدا، هەردوو زلهێزەکە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سوڤیەت بڕیاردەری سەرەکی بوون، بەسەر ستراتیژیەتی شێوەی گشتی سیستەمدا(١٥٦) هاوسەنگی هێز لەنێوان هەردوو زلهێزەکەدا

(١٥٣) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی هەر سێ چەمکی جەمسەربەندی بروانە : د.عبدالقادر محمد فهمی، نفس المصدر، ص ٦١ ومابعدها.

(١٥٤) پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە" کوتلە– **Bloc** جیاوازی هەیە دەگەڵ" جەمسەر-قطب-**Polar** بلۆك بریتییە لە کۆمەڵێك دەوڵەت کە لەڕووی ئایدۆلۆجییەوە پێکەوە گونجان و هاوپەیمانیەتییەکی سەربازییان لە نێواندا هەیە و لەلایەن دەوڵەتێکی جەمسەرییەوە سەرکردایەتی دەکرێن. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: د. محمد طه بدوي، المدخل الى علم العلاقات الدولية، المكتب المصري الحديث، الاسكندرية، ١٩٧٧،ص ص ٢٨٦-٢٨٧.

(١٥٥) د. محمد منذر، نظريات الى العولمة، المؤسسة الجامعة للدرسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٢، ص ١٠٧.

(١٥٦) د .محمد المجذوب، العلاقات الدولية، بيروت، ١٩٧٨، ص ١١٢.

بەشێوەیەك قەتیس مابوو كە لە دەرەوەی بازنەی هێزی ئەوان، زلهێزیكی دیكە بوونی نەبوو، شوێن گۆڕینی یەكە سیاسییەكانی ناو چوارچێوەی هەر جەمسەرێك لە ڕێگای بەكارهێنانی هێزەوە كارێكی دژوار بوو، چونكە هەر هەنگاوێكی لەم چەشنە ئاستی ململانێی دەگەیاندە لێواری تەقینەوە، لە جەنگی سارددا هەردوو زلهێزەكەی ناو سیستەم لە پێناوی وەدەستهێنانی هێزی زۆرتردا، هەمیشە لە پێشبركێدا بوون، هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی چەكی ئەتۆمی لای هەردوو جەمسەرە سەرەكییەكە ئەگەری هەڵایسانی جەنگی گەرمی دوورخستەوە و هەردوولای بەرەو جەنگی سارد پەلكێش كرد(١٥٧). لەو شێوە جەمسەر بەندییەدا، هەردوو زلهێزەكە لە پێناوی فراوان كردنی سنووری قەڵەمڕەویی و بڵاوكردنەوەی سایەی دەسەڵاتی خۆیان و زاڵبوون بەسەر دەوڵەتانی تری دنیادا، دەستیانكرد بەڕەچاوكردنی سیاسەتی دەستتێوەردان لە كاروباری نێودەوڵەتی، لە ئەنجامی ئەمەش وردە وردە رووخساری دابەشبوونی جیهان بەسەر دووجەمسەردا روونتر وەدەركەوت، تاوای لێهات بوو بەراستییەكی بەرجەستە و یەكێتی سوڤیەت و ئەو دەوڵەتانەی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی و ئابووری و سەربازی لە دەوری گرد ببوونەوەو بوونە جەمسەرێكی سەربەخۆ و لەولاشەوە ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی وەك جەمسەرێكی تر كەوتنە خۆڕانان و وازیكردن(١٥٨)، هەر جەمسەرەش ویستی ناوچە داگیركراوەكان بە هێز پڕ بكاتەوە كە لە ئەنجامی پاشەكشەی دەوڵەتە ئەوروپاییەكانەوە بە بۆشی جێمابوون، بۆیە تا دەهات رادەی ململانێیان توندتر دەبوو، یەكێك لەو دەڤەرانەی كەببوونە گۆڕەپانی ململانێی نێوان هەردوو جەمسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، چونكە ئەو ناوچەیە گرنگییەكی مەزنی هەیە لەڕووی جیۆپۆلەتیكی و جیۆئابووری و جیۆ ستراتیژییەوە، رادەی ئەو گرنگییەش

(١٥٧) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی جەنگی سارد بڕوانە: عدی صدام حسین، عالم مابعد الحرب الباردة "دراسة مستقبلية "، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٨، ص ٢٠.

(١٥٨) د.علی عودة العقابی، العلاقات السياسية الدولية " دراسة في الاصول و التاريخ و النظريات"، بدون سنة الطبع و مكان الطبع، ص ٥٢.



بەشێوەیەكە كە جۆرج لینچۆوسكی دەڵێ: " هیچ سیاسەتێكی دەرەكی سەنگین و پێگەیشتوو، ناتوانێ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و كاریگەرییەكەی بۆ سەر باقی شوێنەكانی جیهان فەرامۆش بكات"(١٥٩).

یەكێتی سوڤیەت وەك جەمسەرێكی سەرەكی سیستەمی جەنگی سارد لە پێناو كۆمەڵێك ئامانجی وەك: پێكهێنانی پشتینەیەكی خۆپارێزی كە لە دەریای ناوەڕاست و كەنداوی عەرەبییەوە دەستپێدەكات، هەروەها وەدەستهێنانی دەسكەوتی نەوت لە ئێران و گەڕانەوەی ئەو هەرێمەی قەوقازیا كە كەوتبووە ژێر دەستی توركیا و گەیشتن بە ئاوە گەرمەكان، ویستی رەگی خۆی قایمتر لەدەڤەرەكەدا بكوتێ و هەوڵیدا لە رێگای گوشاری دیبلۆماسییەوە توركیا ناچار بكات كە مل بۆ داواكارییەكان نەوی بكات، لە ژێر سایەی سوپای سووردا دەسەڵاتی هەرێمی لە ئازەربایجان و كوردستان، لە باكووری ئێران دامەزراند(١٦٠).

ئەم سیاسەتی دەستتێوەردانەی یەكێتی سوڤیەت، ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكای نیگەران كرد، هەر بۆیە گوشارێكی زۆری خستەسەر یەكێتی سوڤیەت تاهێزەكانی خۆی لە خاكی ئێران وەكێشی، ئەم گوشارە، لە سەردەمی تەنگژەی ئازەربایجان و كوردستان زیاتر بوو، ئەمەش زیاتر حكوومەتی ئەمریكا بۆ ئەوەی پاساوێك بۆ مانەوەی سوپای سوور لە ئێران نەمێنێ، بەقسەی میسری كرد و پێگەكانی خۆی لەوێ لابرد و بۆ سەركەوتنی حكوومەتی ئێران لەو تەنگژەیە هاوكاری ماددی زۆر و زەوەندی كرد(١٦١). بەم شێوەیە رۆژهەڵاتی ناوەراست بوو بەبازنەیەك لە

(١٥٩) وەرگیراوە لە: د. ممدوح مصطفى منصور ، الصراع الامريكي السوفيتي على الشرق الاوسط ، المكتبة الدبولي ، ١٩٩٥ ، ص ٤٩.

(١٦٠) جورج كيرك، الشرق الاوسط في أعقاب الحرب العالمية الثانية، الجزء الاول، ( ترجمة: سليم طه التكريتي وبرهان عبدالتكريتي )، دار وسط للدراسات والنشر، مطبعة المعارف، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٩٠، ص١١

(١٦١) د. ممدوح محمود مصطفى، المصدر السابق، ص ٧٤.

بازنەکانی ململانێی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەناو ئەو بازنەیەشدا کوردستان وەك پانتاییەکی جوگرافی و سیاسی و بارستاییەکی جیۆستراتیژی و دۆزی کورد وەك دۆزی نەتەوەیەکی ستەمدیدە و پەیوەست بە پرنسیپی مافی چارەنووسی بڕیار دراو لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، بوو بە مەیدانی گێرە و کێشە و مل دە بەرمل یەکنانی نێوان هەردوو جەمسەر. تیشك خستن بۆ سەر سروشتی ئەو ململانێیە و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد، بابەتێکی فراوان و چڕ و ئاڵۆزە، هەربۆیە ئێمە لە رۆچنەی شیتەڵکردنی ئەو کاریگەرییە لەسەر ئەزموون و وێستگەی مێژووی سیاسی دۆزی کورد، دەچینە ناوکرۆك و گەوهەری ئەو بابەتە و رەنگدانەوەکەی وێنا دەکەین. ئەو وێستگانەش بریتین لە کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦و رێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی مارتی ١٩٧٥ کە لە دوو تەوەرەی داهاتوو باسی لێوەدەکەین.

## تەوەرەی دووەم : کۆماری کوردستان نێوان ململانێی دوو جەمسەری جەنگی سارد

ئەنجامی دەست بەسەرداگرتنی خاکی ئێران لە ساڵی ١٩٤١ لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا، لەلایەك دانانی سنوورێك بوو بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆری رەزا شا[١٦٢] لەلایەکی دی، ئاهێکی بەبەر ناوچەکانی ئێران بەگشتی و ناوچە کوردییەکان بەتایبەتیدا هێنایەوە. شاری مەهابادیش کە تێیدا بەرێوەبەرایەتییەکی خۆماڵی لێ پێك هێنرا و دواتر هەلی ئەوە رەخسا کە کۆمەڵەیەکی سیاسی بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد( ژ. ك ) لێ دابمەزرێنن[١٦٣].

شیاوی باسە کاتێك یەکێتی سۆڤیەتی پێگەی سەربازی و سیاسی و ئابووری لە ئێران زیادکرد، هەوڵیدا لە رێگای رێکخستنە سیاسییەکانی ئێرانی و ئازەری و

(١٦٢) د. كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر، بغداد، ١٩٨٥، ص ١٠٣.

(١٦٣) د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٩، ص ص ٢١٥ ومابعدها



کورد، پێگەی خۆی زیادت قایمبکات و پەیوەندی خۆی لەگەڵیان توند و تۆڵتر بکات. لێرەشدا رێبەرانی کورد لەسەرووی هەموویان قازی محەمەد لەژێر کارتێکردنی سوڤیەتییەکان و لەسەر خواستی جەعفەر باقرۆڤ سەرۆکی ئازەربێجانی سۆڤیەتی ناوی کۆمەڵەی( ژ . ك) گۆڕی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران[١٦٤]. هەروەها بەمەبەستی پەرەسەندنی پەیوەندی نێوانیان یەکێتی سۆڤیەتی وەفدی کوردی لە سێپتێمبەری ١٩٤٥ بانگێشتی کۆماری ئازەربێجانی سۆڤیەتی کرد، وەفدی کوردی کە پێشەوا قازی محمد سەرکردایەتی دەکرد، داوای سەربەخۆیی و هاوکارییان خستەڕوو، ئەو کات رەوشی نێودەوڵەتی بە تەواوی گۆڕابوو سیماکانی جەنگی سارد بەدەرکەوتبوون، هاوکاری نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا ببوو بەبەشێك لە رابردوو، هەربۆیە سۆڤیەت بەڵێنی پشتیوانی بە کوردەکان دا و ئەوانیش دوای راگەیاندنی کۆماری دیموکراتی ئازەربێجان لە شاری تەوریز لە دێسەمبەری ١٩٤٥، مژدەی لە دایك بوونی کۆماری کوردستانیان لە ٢٢ کانونی دووەمی ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد راگەیاند[١٦٥]. لێرەوە بەدواوە ئیتر ئاڵۆزی و پشێوی باری سیاسی نێوخۆی ئێران زیاتر پەرەی سەند، چونکە دامەزراندنی ئەو کۆمارانە، بە رواڵەت نیشانەی پاڵپشتی سۆڤیەت بوو لە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ئازەربێجان و کوردستان، بەڵام لەڕاستیدا ئەم سیاسەتانەی سۆڤیەت بەسترابۆوە بە تەنگژەی نەوتی ئێران کە لەو کاتەدا لە نێوان وڵاتە زلهێزەکانی وەك: بەریتانیا و وڵاتەیەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەت لە ئارادابوو، سیاسەتی سۆڤیەت لە ئیران بەشێك بوو لە ستراتیژییەتێکی مەزن کە ئامانجی بەهێزکردنی پێگە و دەسەڵاتی خۆی بوو لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێڵگە نەوتییەکانی عەرەب، هەروەها مەبەستی بوو حکوومەتێکی گەلیی لە تاران

(١٦٤) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی،( وەگێڕانی: کوردۆ)، ئەڵمانیا، ١٩٨٥، ل ١٢٨.

(١٦٥) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر کۆماری کوردستان بروانە: نەشێروان مستەفا ئەمین ، حکومەتی کوردستان" کورد لەگەمەی سۆڤیەتی دا"، چاپی دووەم ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.

دابمەزرێنی تاپابەندی مۆسکۆ بێت و بەرژەوندییە نەوتییەکانی سۆڤیەت بپارێزێت و لەو ڕێیەوە پەرە بەمانەوەی هێزەکانی بدات و پشتیوانی کورد و ئازەرییەکان وەك کارتێکی گوشار دژی ئێران و تورکیا بەکاربهێنێت[١٦٦]. هەربۆیە بەریتانیا و ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا هەستیان بەوەکرد کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوڤیەت، تورکیا هاوپەیمانێکی گرنگە و بەربەستێکی پتەوە بۆ قەدەغەکردنی بلاوبوونەوەی شیوعیەت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست[١٦٧].

ئەگەرچی ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەستی بە چەوسانەوەی گرووپە نەتەوەییەکانی ئێران دەکرد، بەلاّم لە ململانێی پەیوەست بە تەنگژەی ئازەربێجان و کوردستان، پشتیوانیان لە حکومەتی ناوەندی ئێران کرد، ئەم هەلۆیستەش هۆکاری بەدەستهێنانی ستراتیژیەتەکانی بوو، هەروەها سیاسەتی ئەو کاتی ئەو زلهێزە ئەوەی دەخواست، لە سالّی ١٩٤٦ دژایەتی و نیگەرانی ولآتەیەکگرتووەکان بەرانبەر سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت زیادیکرد، بە تایبەتی کە بۆی دەرکەوت سۆڤیەت دژایەتی تورکیا دەکات و دەیهەوێ سیستەمێکی فەرمانڕەوایی ئەوتۆ لە ئەنقەرە دابمەزرێنی کە هاوڕێ و هاوڕێبازی خۆی بێت[١٦٨]. بۆیە وەزیری دەرەوەی ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاگاداری وەزیری جەنگی خۆیانی کرد کە یەکێك لە خالّەبنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرهەق بە ئێران، بریتییە لەوەی کە دەبێ ئەو ولآتە بەهێز بکەین، تابتوانێ ئاسایشی ناوخۆی بپارێزێ، هەلّبەتە هاوکارییە ماددییەکانی واشنتۆن و نێردە سەربازییەکانی، دەورێکی یەکلاکەرەوەیان گێڕا لە بەهێز کردنەوە و ڕاست بوونەوەی باری خواری حکومەتی ئێران. پەرەسەندنەکانی ئازەربێجان

(١٦٦) د. برهان ابابكر ياسين، كوردستان في سياسة القوى العظمى١٩٤١-١٩٤٧، (ترجمة : هوارس)، الطبعة الاولى، دهوك، ٢٠٠٢، ص ص٩٦-٩٧.

(١٦٧) روبرت اولسن، المسالة الكردية في العلاقات التركية الايرانية،(ترجمة وتقديم: محمد احسان رمضان)، الطبعة الاولى، دار ئاراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠١، ص٤١.

(١٦٨) د. برهان ياسين ، المصدر السابق ، ص ١٦٥.



و کوردستان وایان لە حکومەتی ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد کەسیاسەتی پەرەپێدانی ئابووری خۆی بۆ ئێران بگۆڕێ و کۆمەلێك هەنگاوی تری ئەوتۆ بنێ کە توانای ئێران بۆ بەگژداهاتنەوەی مەترسییە ناوخۆ و دەرەکییەکان زیاد بکات، لەگەلّ ئەوەش سووربوون لەسەر ڕێگەدان بەدەسەلاتدارانی ئێران تاهێز ڕەوانەی ئازەربێجان و کوردستان بکات، بە گوێرەی بۆچوونی خۆیان ئەم سیاسەتەیان گونجاو بوو لەگەلّ پرنسیپی (سەرداریتی نیشتیمانیی)[١٦٩]. بۆیە دەتوانرێت بوترێ پرنسیپی سەرداریتی نیشتیمانیی و یەکسانی لە سەرداریتی دەولّەتاندا کە لە دەستووری نەتەوەیەکگرتووەکاندا جیگیر کرابوو، بوو بە پەردە پۆشێك بۆ بەکارهینانی هێز دژی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوە ژێر دەستەکان و یەکەم قوربانی سەردەمی ڕێکخراوی نێودەولّەتی تازەش، کورد بوو[١٧٠].

بۆ دوورخستنەوەی سۆڤیەت لە ئێران و ناوچەکە، ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا زۆریان لە سۆڤیەت دەکرد کە دەبێ سوپای سوور لە خاکی ئێران بکشێتەوە، کاتێك ماوەی دیاریکراو بۆ کشانەوە تەواو بوو سۆڤیەت نەکشایەوە، لەبەر ئەوە ولآتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا نامەیەکی ناڕەزایی فەرمیاندا بە سۆڤیەت و ئێرانیش لە بەهاری ١٩٤٦ بە پشتیوانی ئەو دوو زلهێزە واتا ئەمەریکا و بەریتانیا خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ پێشکەشکردنی سکالاّ نامەیەکی تر بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەولّەتی[١٧١]. شیاوی ئاماژە بۆ کردنە لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ ئێران سکالاّ نامەیەکی دابوو بە ئەنجوومەنی ناوبراو، کە تیایدا ناڕەزایی دەربڕیبوو بەرانبەر بە سۆڤیەت و تۆمەتباری کردبوو بەوەی دەست لە کاروباری نێوخۆی ئێران وەردەدات، ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و

(١٦٩) نفس المصدر، ص ١٧٦.

(١٧٠) عومەر نورەدینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥.

(١٧١) وليم أيغلتن الابن، جمهورية مهاباد"جمهورية ١٩٤٦ الكردية، ( ترجمة وتعليق : جرجيس فتح الله)، الطبعة الثانية، دار اراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ١٩٩٩، ص١٣٤.

فەرەنساش کە هاوپەیمانی بوون، پشتیوانییان لەو سکاڵایەی ئێران کرد، ئەمە یەکەمین سکاڵا بوو دوای دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی درا بە ئەنجوومەنی نێو براو، بەرلەوەی ئەو ئەنجوومەنە هێشتا پەیڕەوی ناوخۆی دانابێ[١٧٢]. ئەم گوشارە نێودەوڵەتییە کاری خۆی لە سۆڤیەت کرد و ناچار بوو بەوە رازی بێ کە سوپای سوور لە خاکی ئێران وەکێشی، بەڵام ویستی ئەم هەلە بقۆزێتەوە، هەر بۆیە دوای بزاڤێکی دیبلۆماسی لە نێوان مۆسکۆ و تاران لە ٤ ی مارتی ١٩٤٦دا رێککەوتننامەیەکی دووقۆلی لە نێوان ئەحمەد قەوام سەرۆك وەزیرانی ئێران و ساد جیکوف بالوێزی سۆڤیەت لە تاران راگەیاندرا، بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە سۆڤیەت پابەندبوو بەکشانەوە لە ئێران و ماوەی وەدەستهێنانی نەوت لە ئێران بۆ یەکیتی سوڤیەت بە پەنجا ساڵ دیاریکرا، بەومەرجەی پەرلەمانی ئێران ئەم خاڵە پەسەند بکات، هەروەها مەسەلەی ئازەربێجان وەك مەسەلەیەکی ناوخۆی ئێران سەیر کرا و بڕیاریدا بۆ کۆتایی هاتن بەو کێشەیە رێوشوێنی ئاشتیانە و هێمنانە وەربگیرێت، لەو کاتەدا هیچ لە کوردەکان بیریان لەوە نەدەکردەوە کە یەکێتی سۆڤیەت بڕیاریداوە بەنەوتیان بگۆڕێتەوە[١٧٣]. بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە سوپای دەستی بەکشانەوە کرد و پشتیان لە کۆماری کوردستان کرد، لە کاتێکدا کوردەکان چاوەڕێی هاوکارییان لە سوڤیەت دەکرد، بەڵام دەرکەوت ئەوان بەپلەی یەکەم بیریان لە بەرژەوەندی خۆیان دەکردەوە نەك بزاڤی ئازادیخوازی گەلانی ژێر دەستە[١٧٤].

رۆڵی خراپی یەکێتی سوڤیەت بەرانبەر بەکۆماری کوردستان هەر ئەوەنەبوو کە پشتی تێبکات، بەڵکو دوای کشانەوەی سوپای سوور، رۆڵی چەواشە کاریشی گێرا،

---

(١٧٢) د. کونیتەر دیشنەر، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو،( گوڕینی بۆ کوردی: حەمەکریم عارف )، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ل١٦١.

(١٧٣) ولیم أیغلتن الابن، المصدر السابق ، ص ١٣٦.

(١٧٤) دیفید ماکدوال، مێژووی هاوچەرخی کوردی، (وەگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو )، بەرگی دووەم، سلێمانی ، ٢٠٠٣ ، ل ٥٠٩.



ئەوەتا کاتێك کورد نێردراوی خۆی رەوانەی ورمێ کرد بۆ باسکردنی گەڕانەوەی ئێران بۆ ئازەربێجان و کوردستان، لەگەڵ هاشمۆفی قونسوڵی سۆڤیتی لە ورمێ، لە وەڵامدا هاشمۆف بە کوردەکانی گوت:" حکوومەتی ئێران نیازی وایە هێزیکی بچووکی نموونە بنێرێتە کوردستان تا سەرپەرشتی هەڵبژاردنی گشتی بکات و پاشان بگەڕێتەوە"، بۆیە مسعود بارزانی دەڵێ:" با ئەم چاو بەستەکییە لەولاوە بوەستی، پرسیار ئەوەیە ئەدی دەستەی نێراوانی کورد، بۆ هێندە خۆش بڕوا بوون و چۆن بەوتەی هاشمۆف دڵیان ئاوی خواردەوە؟"[١٧٥]. لەگەڵ زیاد بوونی مەترسی، لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی کۆماری کوردستان هانای بردە بەر نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام رێکخراوی تازە دامەزراوی سمبۆلی شەرعییەتی نێودەوڵەتی کە بڕیاری لەسەر مافی چارەنووسی گەلان دابوو هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، جارێکی تر جیهان چاوی لەو تراژیدیایە قوچاند کە خەریك بوو بەسەرکورددا دەهات و پاشان هەر روویدا[١٧٦]. لەسەر ئاستی ناوخۆ بەرگرییەکی قارەمانانە لە کۆماری کوردستان کرا، بەڵام لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ دا پاش ئەوەی بارزانییەکان چوون بۆ شاری نەغەدە لە رۆژهەلاتی کوردستان، سوپای ئێرانی چووە مەهابادەوە، ئەمە سەرەتای کۆتایی هاتن بوو بەکەمتر لە ساڵێکی تەمەنی کۆمارە کوردییەکە کە دواتر لە١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ کۆتایی هات[١٧٧]. سەبارەت بە هۆکارەکانی رووخانی کۆمار، ئەوکات مستەفا بارزانی نەمر لە ١١ی کانوونی دووەمی١٩٤٦ گوتوویەتی:" سوپای ئێران کوردەکانی تێك نەشکاند بەڵکو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، یەکێتی

---

(١٧٥) مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٣٤-١٩٥٨،( وەرگێڕانی: سعید ناکەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٨، ل١٦٧.

(١٧٦) د. حامد محمود عیسی، المشکلة الکردیة في الشرق الاوسط ، مصر،١٩٩١، ص٩٠.

(١٧٧) جلیلی جلیل و اخرون، الحرکة الکردیة في العصر الحدیث،( ترجمة : عبدی حاجی )، الطبعة الاولی، دار الرازی، بیروت، ١٩٩٢، ص ٢٠٨.

سۆڤیەتیان تێك شكاند"[١٧٨]. هەروەها عەبدولڕەحمان قاسملو سكرتێری پێشووی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران پشتگیری لەو بۆچوونە دەكات و پێیوایە ئەمە سەركەوتنی سیاسەتی یەكگرتووی دوو دەوڵەتی ئیمپریالیستی ئینگلیس و ئەمریكا بوو بەسەر سیاسەتی سوڤیەتی لە ئێراند[١٧٩]. لەبەر ئەوەی لە وتەكانی جۆرج ئالنی سەفیری ئەمەریكا لە تاران كە كردی لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦ گوایە ئەمەریكا پاریزگاری لەسەرانسەری خاك و سەروەری ئێران دەكات شایەدی ئەم راستییەن[١٨٠].

لێرەوە دەبینین كە كۆماری كوردستان و كۆماری ئازەربێجانی دیموكراتی رۆلێكی گرنگیان گێڕا لە لەدایكبوونی جەنگی سارددا ئەمە نیشانەیەكی تری بایەخی نێودەوڵەتییە، نەك تەنها لە ناو مێژووی توركیا و ئێران و عیراق بەتەنێ، بەڵكو دەرهەق بە مێژووی جەنگی سارد لە نێوان هەردوو سەربازگەی سوسیالیستی و لیبڕالی[١٨١]. شوێن پەنجەی تەنگژەی هەردوو كۆماری كوردستان و ئازەربێجان بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیستەمی دوو جەمسەری كە هەردووكیان یەكەمین قوربانی ئەو سیستەمە نۆییە بوون، هێندە بەرچاوە، پرۆفیسۆر فرید هالیدای پێیوایە كە جەنگی ساردی یەكەم لە تەنگژەی باكووری ئیران لە ساڵی ١٩٤٦ دەستی پێكرد[١٨٢]. خاتوونیكی ئاركیدی مامۆستای مێژوو لە زانكۆی كالیفۆرنیا لەو باوەڕەدایە، ئەوەی گفتوگۆی لەسەر نەكرێ ئەوەیە، كە رۆژهەلاتی ناوەڕاست شانۆی

(١٧٨) ولیم أیغلتن الابن، المصدر السابق ، ص ١٩٩.

(١٧٩) د. عبدالرحمن قاسملو، چلّ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، كۆمیسیۆنی تەبلیغانتی حیزبی دیموكراتی كوردستان ئیران، چاپی یەكەم،١٩٩١، ل٧.

(١٨٠) كریس كۆچیرا، كورد لەسەدەی نۆزدە و بیستدا،( وەرگێڕانی: حەمە كەریم عارف)، چاپخانەی ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٢١٣.

(١٨١) روبرت اولسن ، المصدر السابق ، ص ٤٠.

(١٨٢) عومەر نورەدینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.



جەنگی ساردی یەكەمە و پەیوەست بە تێك گیرانی سۆڤیەت و وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكایە لەسەر مەسەلەی ئازەربێجانی ئێرانی و كوردستان، كە سۆڤیەت رژێمێكی لایەنگیری خۆی لێ دامەزراندبوون[١٨٣]. لەژێر تیشكی ئەو شەن و كەوكردنەی رابردوو بەو ئەنجامە دەگەین كە ئەزموونی كۆماری كوردستان، هێمایە بۆ ئامادەبوونی خودی بزووتنەوەی سیاسی و عەقلی سیاسی كورد بۆ سوود وەرگرتن لە رەوشێكی نوێی نێودەوڵەتی، بەڵام چونكە فاكتەری نێودەوڵەتی بەپێچەوانەی بەرژەوەندییە رەواكانی كورد وەگەڕكەوتووە و شێوەی دوو جەمسەری تازەی سیستەمی جیهانی ریالیستیانە، بەڵی بۆ بەرژەوەندی و نا بۆ پرنسیپەكانی كردبووە دروشم و میتۆد و پەیوەندی دیالیكتیكیەوە هاوسەنگی بابەتی نێوان بەرژەوەندی و پرنسیپەكان كاری پێ نەكرا، كۆماری كوردستان جوانە مەرگ بوو، هەر چەندە ئەزموونیكی تاڵیش بێت بەڵام لەو راستییە كەم ناكاتەوە كە دۆزی كورد فاكتەرێكی كاریگەربوو لە هەڵایسانی جەنگی سارد و زیاتر جێگیر بوونی سیستەمی دووجەمسەری، كە خۆی بوو بە یەكەمین قوربانی، هەر بۆیە ئەم ئەزموونە بە قۆناغێكی نوێ لە پەیوەندی كورد بە جیهانی دەرەكی و پرۆسەی بە نێودەوڵەتی بوونی كورد دادەنرێت.

## تەوەرەی سێیەم: دۆزی كورد و رێككەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی مارتی١٩٧٥

دوای ئەوەی حكوومەتە یەك لەدوایەكەكانی عیراق نەیانتوانی لە رێگای بەكارهێنانی هێز و زەبر و زەنگ و بە هۆكاری سەربازی شۆڕشی ئەیلول و بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان سەركوت بكەن، بیریان لە رێگا چارەی دانوستاندن و دبلۆماسی كردەوە. لەبەرامبەر ئەوەشدا هەلومەرجی نێودەوڵەتی هیچ ئومێدێكی بۆ كورد لێنەدەكرا. بۆیە لەناوەڕاستی تشرینی یەكەمی١٩٦٩ مستەفا بارزانی

(١٨٣) نیكی ئار.كیدی، نهایة الحرب الباردة والشرق الاوسط، بحث منشور في نهایة الحرب الباردة مدلولها وملابساتها. وەرگێڕاو لە عومەر نورەدینی، سەرچاوەی بیشوو. ل٩٧.

یادداشتێکی تیژ و تەسەلی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بەرزکردەوە کە تێیدا سکاڵای گەل و شۆڕشی کوردی بە نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان راگەیاند، هەروەها لەو یادداشتەدا هاتبوو" لە مێژووی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کە بۆ مەبەستی رزگاری کردنی مرۆڤایەتی لە بەڵای شەڕ دروستبووە هەرگیز رووی نەداوە کە جەنگێک ماوەی هەشت ساڵ بەردەوام بێ و پشتگوێ بخرێت جەنگێک کە جەنگی رەگەزپەرستییە و حاکمەکانی عیراق دژی گەلی کورد بەرپایان کردووە ..."[١٨٤].

شیاوی باسە ئەو یادداشتنامەیە بێ وەڵام مایەوە و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەئاست هاواری کوردان گوێی خۆی کەڕکرد. بەوردی سەیرکردن لەهەل و مەرجی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمە و دوای هەڵسەنگاندنێکی وردی باری ناوخۆش، سەرکردایەتی شۆڕشی گەیاندە ئەو بیرۆکەیە کە سازش و گفتوگۆ لەو ئان و ساتەدا رێگا چارەیەکی شیا و گونجاوە. سەرەنجام یەکێتی سۆڤیت هەلی قۆستەوە و وەکو نێوبژی کەرێک هاتە مەیدان و دەورێکی باڵای گێڕا لە نزیککردنەوەی سەرکردایەتی شۆڕش و حیزبی بەعس کە دواتر گفتوگۆکان بە بەیاننامەی مێژوویی ١١ی مارتی١٩٧٠ کۆتایی هات[١٨٥]. یەکێتی سۆڤیەت لەو نابژیوانییەدا مەرامی خۆی هەبووبێ، چونکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی رێککەوتننامەی ١١ی مارت سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ سیاسەتی دەرەکی یەکێتی سۆڤیت، هەروەها لەسەر ئاستی عیراقیش بەهەمان شێوە دوای

(١٨٤) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر شۆڕشی ئەیلول بڕوانە: مسعود البارزانی، البارزانی والحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، ثورة ايلول ١٩٦١-١٩٧٥، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٢، ص٧٧٠.

(١٨٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان/ عیراق لە ١١ی مارتی١٩٧٠-١١ی مارتی١٩٧٤ توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، نامەی ماستەر بلاونەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ل١٥وبەدواوە .



شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گەورەترین دەستکەوت بوو بۆ ئەوان[١٨٦]. هەڵبەتە ئەوەی ئاماژەمان بۆ کرد لەوە زۆر بەجوانی بۆمان دەردەکەوێت و دەبێتە پاڵپشتی بۆچوونەکەمان، کاتێک دەبینین هەر چەند رۆژێک دوای جاردانی رێککەوتننامەی ١١ی مارت( لیونید بریجنیف) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی سۆڤیتی نامەیەکی تایبەتی ئاراستەی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی و رێبەری شۆڕش کردووە و تیایدا هاتووە:" بە ئاسوودەیی و خۆشحاڵییەکی زۆرەوە هەواڵی ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی چارەسەری کێشەی کوردمان بەشێوەیەکی ئاشتی پێ گەیی، بە بۆنەی ئەم دەسکەوتە گرنگەوە جوانترین پیرۆزباییتان لێدەکەم... رێککەوتن لەسەر چارەسەری کێشەی کورد، لێدانیکی گورج بڕە لە داگیرکەران و کۆنەپەرستان کە چارەسەری شەڕی درێژخایەنی نێوان دووبرای کردەوە بە یەکەیەکی یەکگرتووی نیشتیمانی و برایەتی لە نێوان نەتەوەکانی عیراق..."[١٨٧].

بێگومان خۆ رەپێشکردنی جەمسەری سۆشیالیستی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو پێشڤەچوونە سیاسییەی دەرەوەی سۆڤیت لە عیراق و ناوچەکە بەخۆیەوەی بینی بوو بەمایەی نیگەرانی جەمسەری رۆژئاوای لیبراڵ و سەرمایەداری. بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەم بۆ خۆی و هەم لەرێگای هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا دەستی بەسەرەتایەکی دبلۆماسی و جموجۆڵ کرد، یەکێک لە هاوپەیمانەکانی شای ئێران بوو کە بەر لە راگەیاندنی رێککەوتننامەی ئازاد پەیامێکی تایبەتی بۆ مستەفا بارزانی رەوانە کرد، تیایدا ئامادەبوونی خۆی بۆ هاوکاری و هەماهەنگی

(١٨٦) رێبازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان، هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و بەرنامەی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان، راپۆرتی سیاسیی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان— کە لە لایەن کونفرانسی پارتییەوە لە(١١-١٥)ی ئابی ١٩٧٦ پەسەندکراوە. لە بڵاوکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان— سەرکردایەتی کاتی، ل٤٧ .

(١٨٧) بۆ زیاتر زانیاری دەقی نامەکە بڕوانە : مسعود البارزانی ، المصدر السابق ، ص ٢٧٤.

کورد نیشاندا. ئەنجامی ئەو پەیامە مستەفا بارزانی بەیاوەری شێخ بابا عەلی لە ١٥ی کانوونی دووەمی١٩٧٠ بەرەو تاران کەوتە رێ و زۆر بەگەرمی لەلایەن شاوە پێشوازی لێکرا، شا بەناوی خۆیی و حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، پەیمان و بەڵێنی هاوکاری زۆر و زەوەندی پێدا بەومەرجەی رێککەوتننامەی ناوبراو هەڵبوەشێنێتەوە[١٨٨]. بەڵام سەرکردایەتی شۆڕش سووربوونی خۆی لەسەر پابەندبوون بەرێککەوتننامەکە بەشا راگەیاند، کەچی حکوومەتی بەعسی عیراق کەهەر لە بنەڕەتدا، گفتوگۆ و دانوستاندنی وەك پیلان و تاکتیك بۆ قازانجی خۆی تەماشا دەکرد، لەسەر ئاستی ناوخۆ کەوتە لە باربردنی رەوشی گونجاو و تێکدانی پەیوەندی خۆی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش و پیلانی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانیی دارِشت، هەروەها لە تشرینی یەکەمی١٩٧٠ رێگای گرت لەبەردەم ئەو سەرژمێرییەی بۆ دیاریکردنی ناوچەکانی خودموختاری دەبوو بکرێت و ئەنجامبدرێت. نەیهێشت رێگا چارەیەك بۆ ئەو کێشانەی کە هێشتا رێککەوتنی لەسەر نەکرابوو بدۆزرێتەوە، بەتایبەتی دەربارەی چارەنووسی شاری کەرکووك و ناوچە نەوتییەکانی کوردستان[١٨٩]. بەڵکو بەوەشەوە نەوەستا پرۆژەی ئۆتۆنۆمی سەرکردایەتی شۆڕشی رەتکردەوە کە لە ٩ی مارتی١٩٧٣ پێشکەشکرا بوو و بەگوێرەی بەیاننامەی ١١ی مارت دەبوو گفتوگۆی لەسەر بکرێت[١٩٠]. ئینجا کەوتە دابرینی رووبەرێکی فراوان لە خاکی کوردستان و خستنە سەر ئەو ناوچانەی کەسەر بەناوەندن و پێوەی لکاندن، کە بریتیبوون لە پارێزگای کەرکووك و قەزاکانی خانەقین، مەندەلی، شەنگار، شێخان، کفری، توزخورماتو، ئاکرێ و زومار، کە

(١٨٨) مسعود البارزانی ، نفس المصدر ، ص ٢٣٦ .

(١٨٩) کریس کۆچیرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستدا، (وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف)، چاپخانەی ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ل ٣٦٣-٣٦٤.

(١٩٠) د. محمد عمر مولود، الفدرالیة وامکانیة تطبیقها في العراق، الطبعة الاولی، مؤسسة موکریانی للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربیة، أربیل، ٢٠٠٠، ص ٢١٢.



رووبەرەکەی بە (٣٩٩٣٩کم٢) مەزەندە دەکرا، لە کاتێکدا سەرجەم رووبەری کوردستانی عیراق(٧٤٠٠٠کم٢) یە، هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش کەوتەخۆ بۆ پیادەکردنی ئەو نەخشە و پیلانەی دایڕشتبوو بۆ تەنگ پێهەڵچنینی شۆڕشی کورد، کە بریتیبوو لە تێکدانی پەیوەندی مستەفا بارزانی و پارتی و شۆڕشی کورد لەگەڵ هەریەکە لە یەکێتی سۆڤیەت و حیزبی شیوعی عیراق و دەوڵەتی ئێران[١٩١]. بۆیە لە پیناوی رازیکردنی سۆڤیەت، رێگایان دا بەکەشتییەکانی سۆڤیەت کە دەروازە ئاوییەکانی عیراق لەکەندا و بەکاربهێنن و مافی کارکردنیان لە کێلگەی نەوتی رومێلەی گەورە پێبەخشین و ئیتر گرێبەستی کڕین و فرۆشتنی چەك و کەل و پەلی جەنگییان پیادە کرد و شارەزایانی بواری سەربازی سۆڤیەتی روویان لە عیراق کرد، سەرەنجام هاوکاری نێوان هەردوولا گەیشتە ئیمزا کردنی پەیماننامەیەکی دۆستایەتی کە(کۆسگین)ی سەرۆك وەزیرانی سۆڤیەت لە سەرەتای نیسانی ١٩٧٢ سەردانی عیراقی کرد و پەیماننامەکەی لەگەل ئەحمەد حەسەن بەکر ئیمزا کرد، ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە بە ئاگاداری رێنمایی مۆسکۆ حیزبی شیوعی لە ١٧ی تەمووزی١٩٧٣ کارنامەی بەرەی نیشتیمانی لەگەڵ حیزبی بەعس ئیمزا کرد بەمەش ئەو پەیوەندییە و برایەتییە لەنێوان پارتی و حیزبی شیوعی هەبوو نەما[١٩٢].

شیاوی باسە خۆماڵی کردنی نەوتی عیراقیش یەکێك بوو لەو هەنگاوانەی کە کاریگەری دەست لە پشت دانی سۆڤیەتی لەسەربوو، بۆیە ئەم پێشهاتە تازانە تادەهات زیاتر واشنتۆنی هەراسان دەکرد، لەو بارەوە هینری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەڵێ:" عیراق یەکێك بوو لەو ناوچانەی زۆرانبازی لەسەردەکرا و ئەویش لەبەر لووتی شای ئێران بوو، هەروەها عیراق لە دوای سعودیە دەوڵەمەنترین سەرچاوەی نەوتە و بەندبوو بە پێوەندی

(١٩١) د. محمد الهماوندی، قراءة لفکرة الحکم الذاتی و امکانیة تطبیقها في الکردستان العراق ، مجلة دراسات الکردیة العدد٣-٧، السنة الثامنة ، باریس، ١٩٩٢ ، ص ٢٦

(١٩٢) مسعود البارزانی، المصدر السابق ، ص ٢٨٢-٢٨٣.

سیاسەتی رۆژهەڵاتیمانەوە، لێرەوە مەترسی تێکچوونی هاوسەنگی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەتایبەتی لە کەنداو سەری هەڵدا... سەیر نەبوو کە عیراقی ژێر رکێفی سەدام حوسێن ببیتە دەست و پێوەندێکی نزیکتر بۆ یەکێتی سۆڤیەت، لەوکاتەشدا ١٥هەزار سەربازی سۆڤیەتی لە میسر بوون، مەترسی ئەوە هەبوو کەتێکرا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بچێتە ژێر رکێفی سۆڤیەتەوە"[١٩٣].

بەبەستنی پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ سۆڤیەت، عیراق خۆی خستە ناو بازنەی زۆرانبازی جیۆسیاسییەوە و بەئامادەبوونی (ئەلیکسی گۆسکین)ی سەرۆك وەزیرانی سۆڤیەتیش بۆ ئیمزاکردنی ئەو پەیمانە لە بەغدا، وای لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد کە بەسیاسەتی دەستتێوەرنەدانی خۆیدا بچێتەوە، کاتێك (ریتشارد نیکسن)ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مایسی١٩٧٢ سەردانی تارانی کرد، شا سەرنجی ویی بۆ نیگەرانییەك راکیشا کە پێی وابوو سۆڤیەتییەکان هاوپەیمانییەك لەنێوان کوردەکان و بەعسییەکان و کۆمۆنیستەکان پێکدەهێنن و بەمەش کێشەی کورد لە جیاتی ئەوەی خەنجەرێکی دژایەتیان بێ دەبێتە هێزیکی پشتیوانی کۆمۆنیستەکان، جگە لە مەترسی ئێران وەك هنری کیسنجەر باسی دەکات، ئوردون و ئیسرائیلیش کە هاوپەیمانی ئەمریکا بوون هەستیان بەمەترسی رژێمی تازەی عیراق دەکرد و دەیانەویست گێچەڵی وزە و سامان و دارایی رژێمی بەعس لە سنوورەکانی خۆیان بەدووربگرن[١٩٤].

ئەنجامی ئەمانەی باسمان لێوەکرد مستەفا بارزانی رووبەڕووی هاوکێشەیەکی سیاسیی زۆر دژوار و ئالوز کردبۆوە کە دەستکردی یاساکانی جەنگی سارد و ئەکتەرەکانی دوو جەمسەری سیستەمی نێودەوڵەتی بوون، ئیتر پەراوێزێکی ئەوتۆی

---

(١٩٣) هینری کیسنجەر، کارەساتی کوردەکان، (وەرگێڕانی: صەباحی غالیب)، گۆڤاری باسکار، ژمارە ٣ ، هاوینی ١٩٩٩ ، ل٨ .

(١٩٤) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە هەڵوێستی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەستتێوردانی لە کاروباری کورد لەو کاتەدا بڕوانە: هینری کیسنجەر، هەمان سەرچاوە ، ل٨٧ و دواتر.



بۆ جوولە و پێچ و پەنای سیاسیی لەبەردەم مستەفا بارزانی نەمابوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی بەغدا ئاراستەی چارەسەری سیاسیی رەتکردەوە، بۆیە مستەفا بارزانی ناچار بوو رووبکاتە کارتی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[١٩٥]. دوای ئەوەی کە رژێمی عیراق بەهۆی رێککەوتنی دۆستایەتی لەگەڵ سۆڤیەت بەوپەڕی لەخۆبایی و پەسندنەکردنی ئاشتی و دەسەڵاتی زۆری رووی لە ئاشتی وەرگێڕا و سەرەنجام رۆژی ١١ی مارتی ١٩٧٤ یەك لایەنە یاسای ئۆتۆنۆمی راگەیاند، ئیتر سێیەمین جەنگی بەعس لە دژی کورد دەستیپێکردەوە[١٩٦]. حکوومەتی بەعسی فەرمانڕەوا بە تۆپ و فڕۆکە و تەقەمەنی سۆڤیەتی کەوتە قڕکردنی جەماوەری شارو شارۆچکە و گوندەکان و راونان و گرتن و لێدان و هەڵواسین و لەسێدارەدان، لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی جینۆساید کردنە، لە ١٥ی مایسی١٩٧٤ سەرکردایەتی شۆڕش نامەیەکیان ئاراستەی(کورت ڤالدهایم)ی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و هەروەها لە ١٥ی حوزەیران مستەفا بارزانی نامەیەکی تریشی ئاراستەی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە تیایدا هاتبوو:" دزێوترین شەڕی دڕندانە کە تا ئێستا جیهان بەخۆیەوە بینیبێ، ئەو شەڕەیە کە دژی گەلی کورد لەلایەن حکوومەتی ئەو ولاتەوە ئەنجامدەدرێ کە کوردی تێیدا دەژی، هەر هەمان رۆژ راپۆرتێکی دوور و درێژ بە بەڵگەنامە و وێنە و نەخشەوە درا بەلێژنەی مافی مرۆڤ، راپۆرتەکە باسی لەوە دەکرد کە قڕکردنی بەکۆمەڵی خەڵکی بێچەك و روخاندنی خانووبەرە و سووتاندنی دەغڵ و دان و بەروبومی کشتوکاڵی بووە بە دیاردە و هەموو رۆژێك لە کوردستانی عیراق ئەنجامدەدرێ"، کەچی بە تاقە وشەیەك وەڵامی

---

(١٩٥) سامی شۆڕش، کردستان و الاکراد- الحركة القومية والزعامة السياسية- ادريس بارزانى نموذجاً، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية ، دار ئاراس للطباعة والنشر ، أربيل، ٢٠٠١، ص١٣٠-١٣١.

(١٩٦) کریس کۆچیرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٢ ؛ جليلى جليل و اخرون ، الحركة الكردية في العصر الحديث، (ترجمة: عبدى حاجى) الطبعة الاولى، دار الرازى، بيروت، ١٩٩٢، ص ٢٣٤.

ئەو نامە و یادداشتانە نەدرایەوە. بەگۆتەی دیبلۆماتێکی ئەڵمانی ڤاڵدهایم بۆیە بانگەوازەکانی بارزانیی پشتگوێ خست تا یەکێتی سۆڤیەتی لێ نەڕەنجی[١٩٧]. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە یەکێتی سۆڤیەت لە باڵاترین ئاستی دیبلۆماسی و لە ناو مەزنترین ڕێکخراوی جیهانیدا بەرگری ناڕەوای لە ڕژێمی عیراق کردووە، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و باقی دەزگاکانی تر ببوون بەبەشێك لە بازنەی زۆرانبازی نێوان هەردوو جەمسەر و وەك ئامێریکی هەڵسوڕاندنی سیاسەتەکان و جێبەجێکاری یاسا و بڕیارەکان و بەدیهێنەری بەرژەوەندییەکانی لایەنە سەرەکییەکانی جەنگی سارد بەکاریان دەهێنان و لە ژێر سایەی ململانێی هەژموون و دەسەڵاتی زلهێزەکانی جەنگی سارد، جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و پرنسیپەکانی دەستووری نەتەوەیەکگرتووەکان زیاتر قسەی رووت و دروشمی جوان بوون[١٩٨].

شیاوی باسە رژێمی عیراق جارێکی تر بۆی دەرکەوت کە لەرێگای بەکارهێنانی هێز و بەرێگاچارەی سەربازی و پیادەکردنی سیاسەتی جینۆساید نەك هەر ناتوانی بەسەر شۆڕشی ئەیلولدا زاڵبێت بەڵکو سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بەشێوەیەك سوپای عیراقیان بەچۆکدا هێنابوو کە سەرانی رژێمی عیراقی بەتەواوی تۆقاندبوو، بۆیە ناچاربوو بیر لە شێوازی دیبلۆماسی بکاتەوە، هەر بۆیە بۆگەمارودان و زاڵبوون بەسەر شۆڕشی کورددا، ئەوکات توانیبوویان پەیوەندی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و حیزبی شیوعی لەگەڵ مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق تێکبدەن، ئیتر مابووە سەر جێبەجێ کردنی ئالقەی تری پیلانەکەیان ئەویش کەنارگیرکردنی ئێران بوو، بۆ ئەم مەبەستەش نەخشەی خۆیان لە رێگای دیبلۆماسییەتەوە جێبەجێ کرد، عیراق هەڵسا پەیوەندی بەو دەوڵەتانەوە کرد کە پەیوەندی بەتینیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبوو وەك سعودیە،

(١٩٧) د.کونیتەر دیشنەر، کورد گەلی لەخشتە براوی غەدر لێکراو، (گۆڕینی بۆ کوردی: حەمە کەریم عارف)، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، بێ ساڵی چاپ، ل ٢٧٥.

(١٩٨) عومەر نورەدینی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٢ .



ئوردون و میسر، لە کاتی کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە( **ربات**) لە مەغریب ساڵی١٩٧٤ سەدام حوسێن مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ ئێران هێنایە گۆڕێ و کۆنگرەش بڕیاریدا شا حوسێن شای ئوردون و ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر بەکاری نێوبژی نێوانیان هەڵبستن[١٩٩].

لە زستانی ١٩٧٤ دا رۆژنامە و ئاژانس و دەنگ و باسەکان ئەوەیان بڵاوکردەوە وەزیری دەرەوەی عیراق و ئێران بەنهێنی لە جنیڤ کۆبوونەوەتەوە. لە ناوەڕاستی زستانی ١٩٧٤ جارێکی دی وەفدی عیراق و ئێران لە ئەستەنبول کۆبوونەوە، لە نیویۆرکیش هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و تالیب شەبیب نوێنەری عیراق لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەولەتی یەکتریان بینی و باسیان لە شێوازی چاککردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و دوورخستنەوەی پێگەی سۆڤیەت و ئاسایشی کەنداو و پێویستی رۆیشتنی نەوت بۆ رۆژئاوا و نەرم کێشی عیراق بەرامبەر بە دۆزی فەلەستین کرد، بەو شێوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیهەوێ، پاشان ئەو گفتوگۆیانە لە لایەن غانم عەبدول جەلیل سکرتێری تایبەتی سەدام حوسێن تەواو کران و گفتوگۆی نهێنی نێوانیان بەردەوام بوو، سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هینری کیسنجەر لە یەکێك لە پایتەختەکانی ولاتانی عەرەبییەوە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر بە نهێنی سەردانی بەغدای کردووە و لەوێ لەگەڵ سەرکردایەتی بەعس کۆبوونەتەوە و بناغەی رێککەوتننامەی جەزائیریان دارشتووە[٢٠٠]. بۆیە دەتوانرێت بوترێ ململانێی ستراتیژی و سەربازی نێوان هەردوو جەمسەری جەنگی سارد هەلی ئەوەیان بۆ رژێمی عیراق رەخساند کە لەلایەك سوود لە توانای سەربازی و چەك و فڕۆکەی سۆڤیەتی بۆ سەرکوت کردنی کورد وەربگرێ و لەلایەکی تریشەوە کەزانی بەمەنتیقی هێز ئەو کێشەی بۆ چارەنابێت، رووی لە هێزی

(١٩٩) صلاح الخراسان، التيارات السياسية في كردستان العراق " قراءة في ملفات الحركات و الاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١ "، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠١، ص ٢٢٤.

(٢٠٠) د. حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مكتبة مدبولي، مطبعة اطلس، القاهرة، ١٩٩٢، ص٢٣٧ .

رۆژئاوا کرد و بەپاڵپشتی هاوپەیمانەکانی پیلانـەکانی خـۆی دژی کـورد چـنی و بـەهێزی سەربازی سوڤیەت و بەتوانای دیبلوماسی ئەمریکا کەوتە لەباربردنی خەونی ئازادی کورد.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کـە لـە راپـۆرتی لیژنـەی (پایـك)[٢٠١]دا هـاتووە، هـەر لەوسەرو بەندەدا کیسنجەر وتوویەتی: "ئێمە واز لە کوردەکان دەهێنین بەهۆی ئەوەوە کە عیراقییەکان بۆ سورییەکان دەست بەتاڵ بن، چونکە سوریا مل بۆ ئەوە نادا کە لە قۆناغی دووەمی لێك جیاکردنەوەی هێلی پێکدادانی نێوان عەرەب و ئیسرائیلییەکان بێتە ناو گفتوگۆ"[٢٠٢]. بەم شێوەیە لە ئاکامی پشتیوانی جیهانی عەرەبی لە عـیراق و گۆڕانی هەڵویستی ویلایەتە یەکگرتووەکان و سـەودا و مامەڵـەی شـا لەکەنـداوی عەرەبی، لەولاوەشەوە خۆ بێدەنگ کردنی سۆڤیەت هەردوو رژێمی عیراق و ئێران لـە میانی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی (ئۆپێك رێکخراوی ئـەو دەوڵەتانـەی نـەوت دەنێرنـە دەرەوە) لە جەزائیر لە ٦ی مارتی١٩٧٥ رێککەوتن لەسـەر ئـەوەی کـە هـەر دوولا،

(٢٠١) لیژنەی (بایك) ئەو لیژنە بـوو کـە بەسـەرۆکایەتی (ئـویتس بایـك) ئەنـدامی کۆنگریـسی ئەمریکی دامەزرا بۆ بەدواداچوونی چالاکییە نهێنییەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکی، یەکێك لەو مەسەلانەش دەستتێوردانی بوو لە کاروباری کورد. لیژنەکە راپۆرتی خۆی لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ پێـشکەش بـە کـۆنگرێس کـرد، بـەڵام سـەرۆکی ولاتەیـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا لەسـەر راسپاردەی هنری کیسنجەر نامەیەکی رەوانەی کۆنگریس کرد و دژایەتی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو راپۆرتە راگەیاند، بەبیانووی ئەوەی کە دژی بەرژەوەندییـەکانی بـاڵای دەوڵەتـە. کۆنگرێـسیش لـە دانیشتنی رۆژی ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ رەزامەندی خۆی لەسەر بڵاونەکردنەوەی راپۆرتەکـە دا، تەنها ئەوکاتە نەبێ کە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن رازی دەبێ کەچی گۆڤاری (دەنگی لادێ) کە لە شاری (جرینتش) نزیك نیۆیورك دەردەچوو بڵاویکردەوە و دەزگاکانی ئاسایش ویـستیان هـەموو ژمارەکانی کۆبکەنەوە و ئەو رۆژنامەنووسەی کـە وێنەیـەکی راپۆرتەکـەی دەسـت کـەوتبوو درایـە دادگا. عومەر نورەدینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩.

(٢٠٢) امین هویدی، کیسنجر وادارة الصراع الدولي، دار الموقف العربي للصحافة والنشر والتوزیـع، الطبعة الثانیة، القاهرة، ١٩٨٦، ص ٧٧.



داواکاری یەکتر جێ بەجێ بکەن، ئێران پەیمانیدا دەست لە پیشتیوانی کردنی شۆڕشـی کورد هەڵگرێ و عیراقیش وازی لە( شط العرب) بێنـێ بـۆ ئێـران[٢٠٣]. هەنـدێ لـە سەرچاوەکان پێیانوایـە کـە یـەکێك لـە تایبەتمەندییـەکانی شـێوەی دووجەمـسەری سیستەمی جەنگی سارد بریتییە لەوەی کە چوونە ناو جەمسەر و هاتنەدەر لـە نـاوی وا بەئاسانی نییە و دەرفەتی گەمەی یەکە سیاسیەکان لە نێوان هـەردوو جەمـسەردا زەحمەتە، کەچی نموونەی رێککەوتننامەی جەزائیری نێوان عیراق و ئێران رەهابێ. ئەوە وەڵامی ئـەو بۆچـوونە رەتدەکاتـەوە و ئـەوە دەردەخـات کـە بەرژەوەنـدی بزوێنـەری سیاسەتی جەمسەرەکانە، کاتێك بەرژەوەندییەکان دەگۆڕین، بۆشایی و هەلی ئەوە بـۆ یەکەکانی ناو بلۆکەکان دەڕەخسی کە شوێن گۆڕکی بکەن و هەندێ جـار لـەبن بـاڵی ئەو جەمسەرە و هەندێ جاری تریش لەبن باڵی ئـەم جەمـسەرەدا بەرژەوەندییـەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن[٢٠٤].

بە ئاشکرابوونی هەواڵی رێککەوتننامـەی جـەزائیر سـەرکردایەتی شـۆڕش داوای هاوکاریی لە ئیدارەی ئەمریکا کرد، کەچی وەڵامیان دایەوە کە ناتوانن هیچ بکـەن و هەموو پەیوەندییەکی خۆشیان لەگەڵ سەرکردایەتی شـۆڕش بـڕی، ئیـسرائیلیش کـە لەمەوبەر پەیمانی دابوو، ئەگەر ئێرانیش سنوورەکانی خۆی دابخـات ئـەوا ئـەوان لـە رێگای ئاسمانییەوە چی پێداویـستی سـوپای شۆڕشـگێڕەکانە لـە دەشـتی( قەسـرێ و دەشتی هەرتێ) لە کوردستانی عیراق بەردەدەنە خوارەوە، کەچی ئـەوانیش وەڵامیـان دایەوە کـە نـاتوانن بەرامبـەر بەڵێنـەکانی خۆیـان وەفـاداربن، چـونکە گیروگرفتـی ستراتیژی و هونەری ئەوتۆیان لە پێشە کە رێ لە ئەنجامدانی ئـەو کـارە دەگـرن[٢٠٥]. ئیتر بەم شێوەیە هەم لەسەر ئاستی هەرێمی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵـەتی کـورد بێهاورێ و دۆسـت و پـشتیوان مایـەوە و جـارێکی تـر زایەڵـەی جگـە لـە چـیاکان

(٢٠٣) د.حامد محمود عیسی، المصدر السابق ، ص٢٣٧ ؛ کریس کۆچیرا ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٠.

(٢٠٤) عومەر نورەدینی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٤.

(٢٠٥) مسعود البارزانی، المصدر السابق ، ص٣٢٧.

دۆستیکی ترمان نییە دەنگی دایەوە و ئالقەی تراژیدیایەکی تر خرایە سەر زنجیرەی تراژیدیاکانی گەلی کوردستان.

ماوە بڵێین لەبنەرەتدا ڕێککەوتننامەی جەزائیر سەودایەك بوو لەسەر حیسابی مەسەلەی کورد ئەنجامدرا، ئێران و عیراق کەوتنە هاوکاری یەکتری و ئەمریکا و زۆر وڵاتی تریش پشتیوانیان لەو سات و سەودایە کرد. هەرچەندە کورد لەو هاوبەندی و زۆرانبازییە سیاسییەی ئەوکاتدا دەیویست کەڵك لە جیاوازی و گێرە و کێشەی نێوان هەردوو جەمسەرە سەرەکییەکە و ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتانی هەرێمی وەربگرێ وەك هنری کیسنجەر دەڵێ: " بارزانی ویستی جۆرە ئۆتۆنۆمییەك دامەزرێنی زیاتر لە قەوارەیەکی سەربەخۆ بچێ"(٢٠٦)، بەڵام گەمەی سیاسیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێر سایە و سێبەری مەرجەکانی جەنگی ساردا، لە توانای کورد گەورەتربوو و ئاڵۆزییەکەشی لەوە چڕتر بوو کە کورد بتوانێ بەو پەراوێزە سیاسییە بچووکەی هەیبوو زەفەری پێ بەرێت(٢٠٧).

سەبارەت بەمەترسی پیلانی جەزائیر هانی حەسەنی نوێنەری شۆڕشی فەلەستین لە تاران دەڵێ:" تەماشای بەڵگەنامە نهێنی و تایبەتییەکانی ڕێککەوتننامەکەم کرد لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران، بۆم روون بۆوە کە ئەو پیلانەی دژی کورد چنراوە چەندە ترسناك و مەترسیدار بوو لەسەر دواڕۆژی گەلی کورد"(٢٠٨). هەروەها دان پیانانی لیژنەی( پایك **Pik**) بەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتێکی دوور لە رەوشتیان بەرامبەر بە کورد رەچاو کردووە، چونکە نەهاوکاری کردن و نە وازی لێ هێنان، کە بەگفتوگۆ و دانوستاندن گیروگرفتەکانی خۆیان چارەبکەن و سەرەتا هانی

(٢٠٦) هینری کیسنجەر، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٦.

(٢٠٧) سامی شورش، المصدر السابق ، ص ١٠١.

(٢٠٨) مسعود البارزانی، المصدر السابق ، ص ٣٤٨.



دان و پاشان وازی لێهێنان(٢٠٩). دەرخەری ئەو راستییە، کە ئوباڵی سەرەکی کارەساتی کوردەکان دەکەوێتە ئەستۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك جەمسەری سەرەکی سیستەمی نێودەوڵەتی و سەرکردەی بلۆکی لیبراڵی و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە سەردەمی زۆرانبازی جەنگی ساردا، شوێنێك بۆ رەوشی سیاسیی و مانایەك بۆ پرنسیپەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و شەرعیەتی نێودەوڵەتی و بەندەکانی مافی مرۆڤ نەمابۆوە زیاتر وەدەستهێنانی هێزی زیاتر و گەیشتن بە بەرژەوەندی زۆرتر پێوەری سیاسەتی دەرەکی زلهێزەکان بوون، نەك ئاشتی، یەکسانی، مافی چارەنووس، ئازادی و دیموکراسی.

(٢٠٩) د. محمد عزیز الهماوندی، الحکم الذاتی لکردستان العراق سنة ١٩٩٦، ص ٩٤؛ د. حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص٢٣٩.

## ئەنجام

دابەش بوونی جیهان بەسەر دوو جەمسەری رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەدوایی جەنگی دووەمی جیهانی ، دونیای خستە نێو جەنگێکی ترەوە کە جیاواز بوو لەو جەنگانەی پێشتر. کە لەگەڵ خۆیدا زۆر لە دەوڵەتانی جیهانی تێوەگلاند و تووشی زەرەرمەندی کردن . کە نەتەوەی کوردیشی لیّ بیّ بەش نەبوو .

کۆماری کوردستان لە ئەنجامی ژمارەیەك هۆکار هاتە دروستبوون ، یەکێك لەو هۆکارانە دابەشبوونی دووجەمسەری جیهان بوو، هاوکاری جەمسەرێك بۆ ئەو کۆمارە ، ئەگەر بزانین هۆکاری رووخانیش زیادە هۆکاری پشت تێکردنی ئەم جەمسەرە و ئەو جەنگە بوو .

دۆزی کورد بە درێژایی مێژوو بۆتە خۆراکی ئەو سیستەمە تازانە و شەڕەکانی جیهانی، بۆیە دەتوانین بلێین یەکەمین قوربانی جەنگی سارد کۆماری کوردستان بوو.

## ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی

## ( ١٨٩٥- ١٩٣٣)

## " لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە"

### دەستپێك:

لێکۆڵینەوە لە کەسایەتییە مێژووییەکان جا چ ئەوانەی درێژە پێدەری بنەماڵەیەکی ناودار بن، یاخود وەکو کاریزمایەك خۆیان خزاندبێتە نێو ڕووداوەکان گرنگ و پڕ بایەخە. بۆ ئەوەی پەردە لەسەر لایەنە شاراوەکانی ژیانیان هەڵدەینەوە. ئەوەی لێرەشدا کە مەبەستمانە باسی لێوە بکەین ئیسماعیل بەگی ڕەواندزییە کە توانیویەتی بە تەمەنێکی کورت چالاکییەکی زۆر پێشکەش بە مێژووی نەتەوەکەی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بکات لەسەردەمی خۆیدا. جا لە سۆنگەی گرنگی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانی ئەو کەڵە پیاوە هاتووین ئەو ئەرکەمان گرتۆتە ئەستۆ

لە باسەکەدا هاتووین سەرەتای ژیان و بنەماڵەکەی باسدەکەین لەگەڵ شیتەڵکردنی مێژووی لەدایکبوونی کە تاوەکو ئێستاکە لەبەر نەبوونی نووسراوێکی فەرمی تایبەت بە تۆمارکردنی ساڵی لەدایکبوونی یەکلا نەبۆتەوە. لەدواتر هاتووینە باسی ئەو سەردەمە دەکەین کە ئیسماعیل بەگ لە ڕەواندز کراوەتە حاکم، کە هەر لەو سەردەمەدا جارێکی دیکە ئاگری دوژمنداری بنەماڵەکەی لەگەڵ بنەماڵەی باویل ئاغای ڕەواندزی هەڵدەگیرسێتەوە و لە ئەنجامدا ئیسماعیل بەگ بەو دوژمندارییە



گیانی لەدەستدەدات. دوای ئەوە دێینە سەر باسی ئەو سەردەمەی کە ناوبراو ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بووە و ڕۆڵێکی کارای لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەندا گێڕاوە و جێگای مەترسی دەسەڵاتدارانی عیراقی بووە بە خودی مەلیك فەیسەڵ (١٨٨٠- ١٩٣٣)یشەوە. هەروەها لەدواتر باس لە بەشداری ئەو زاتە دەکەین لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی سەردەمی خۆی کە لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی ئەوکاتەی عیراق ڕۆڵیان گێڕاوە. ئینجا باس لە کۆتایی ژیانی دەکەین کە لە دۆڵی نیشاوێ لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٣٣ خافلکوژ کراوە.

بۆ ئەنجامدانی ئەو باسە پشتمان بە کۆمەڵێك سەرچاوە و دیمانە بەستووە کە لە ڕیزبەندی سەرچاوەکاندا ئاماژەمان بۆ کردوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانای ئەوەی نییە کە باسەکەمان لە کەم و کوردتی بەدوورە، بۆیە دەخوازین لە کەم و کورتییەکان ئاگادار بکرێینەوە بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوو سوودیان لێوەربگرین. خوای گەورە پشت و پەنای هەموو لایەکمان بێت.

## سەرەتایەك لە ژیانی ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی

ناوی تەواوی، ئیسماعیل کوڕی سەعید بەگ[٢١٠] کوڕی عەولا پاشا کوڕی بەکر بەگ کوڕی بایز بەگی باپشتییە، بەکر بەگ مامی میر محەمەد پاشای ڕەواندزییە[٢١١].

---

(٢١٠) ناوبراو پیاوێکی کاربەدەست و دەوڵەمەندی ناوچەکە بووە، بەڵام دواتر لە ١٩١٨ بەرلەهاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە کوژراوە. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ڕەواندز، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، سەنتەری ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٢٨.

(٢١١) میر بەسری لە ناودارانی کورد لاپەرە ٢٠٠ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئیسماعیل بەگ کوڕی سەعید بەگ کوڕی عەبدوڵڵا موخلیس بەگە و لە نەوەی ڕەسووڵ پاشای برای میری گەورەی سۆرانە، بەڵام لەو زانیارییەدا کەوتۆتە هەڵەوە. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا( ١٩٢٥- ١٩٥٨)، لە ژێر چاپکردندایە.

دایکی نـاوی لـەعلی خانـە و کـچی مـستەفا ئەلیاسـە[٢١٢]. ئیـسماعیل بـەگ لـە سالّی١٨٩٥ لە ڕەواندز لە دایکبووە[٢١٣]. ناوبراو لە قوتابخانەی روشدییە لـە رەوانـدز

(٢١٢) ئەسعەد عەدۆ، لاوك.. حەیران.. هۆنراوەی میللی لە فۆلّکلۆری کوردیدا، لـەبلاّوکراوەکانی سەنتەری رۆشنبیری بەهرە، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٦٢.

(٢١٣) لەسەرچاوەکاندا بیروڕای جیاواز هەن سەبارەت بە مێژووی لەدایك بوونی ئیسماعیل بەگ و زۆربەیان ئاماژەیان بۆ سالّی١٨٩٥ کردووە. بەلاّم ئەسـعەد عـەدۆ لـە لیرەیـەك لـە گەنجینـەی نەتەوەیی کورد بە سالّی١٨٩٧ ی داوەتە قەلّەم. کەچی دواتر هەر خۆی لـە کۆرێکیـدا لـە ژێـر ناونیشانی( کارەساتی دۆری نیشاوی لە نێوان فۆلکلۆر و مێژوودا) کە لـە یـەکێتی نووسـەرانی کورد لقی هەولێر گێراویەتی. زانیارییەکەی خۆی راستکردۆتەوە و سـالّی١٩٠٠ی بـە مێـژووی لەدایك بوونی ئیسماعیل بەگ داناوە، بە بەلّگەی ئەوەی کە مەعرووف چیاووك لە(ماساة بارزان المظلومة) دا ئاماژە بۆ ئەوە کردووە کاتێك سـەعید بـەگی بـاوکی ئیـسماعیل بـەگ کـوژراوە تەمەنی ئەو واتە ئیسماعیل بەگ چواردە پازدە سالاّن بووە. ئەوە لەلایەك، لە لایـەکی دیکـەوە کاپتن هێی لە( سنتان في کردستان) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە کاتێك ئیسماعیل بەگ کراوەتە حاکمی رەواندز تەمەنی نۆزدە- بیست سالّ بووە. جگە لەوانە ئەسـعەد عـەدۆ بـە سـەیرکردنی وێنەی ئیسماعیل بەگ و لێکدانەوەی خۆی گەیشتۆتە ئەوەی بلّێ لە سالّی١٩٠٠ لـەدایکبووە. بەلاّم دەتوانرێت بوترێ سالّی١٨٩٥ لەڕاستییەوە نزیکترە ئەگەر بزانین ئیسماعیل بەگ لە سـالّی ١٩٢٥ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی و مەرجی ئەوەش لەسەر ئەندامەکان بـووە کـە نابێـت تەمـەنیان لـە سـی سـالّ کـەمتر بێـت، بۆیـە ئەگـەر بـەراورد بکـەین لـە نێـوان سالّی١٨٩٥و١٩٢٥ و لە یەکتریان دەر بکەین سی سالّی تەواو دەردەچێت و سـالّی١٨٩٥ بـە مێژووی لەدایکبوونی ئیسماعیل بەگ دادەنرێت.

ئەسعەد عەدۆ، لیرەیەك لە گەنجینەی نەتـەوەی کـورد، چـاپخانەی عـەلا، بەغـدا، ١٩٨٤، ل ٥٤؛ معروف چیاووك، ماساة بارزان المظلومة، الطبعة الثانیة، اربیل، ٢٠٠١، ص٩٩؛ دبلیو. ار، هـي، سـنتان في کردسـتان، ١٩١٨- ١٩٢٠، ترجمـة، فـؤاد جمیـل، الجـزء الثـاني، ص ٢٥؛ ئەحمـەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ....



خوێندوویەتی و شارەزایی لە زمانی عەرەبی، تورکی، فارسی، ئینگلیزی و فەڕەنسی هەبووە. ئیسماعیل بەگ ژیانی مندالّیەتی لە نـاو کوشـك و تـەلاری عـەولاّ پاشـای باپیرەی بەسەر بردووە تا ئەوەی لە دوایی کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە سەر شانۆی رووداوەکان وەکو کوڕە دەسەلاّتدارێك دەردەکەوێت[٢١٤].

## ماوەی حکومڕانی ئیسماعیل بەگ لە رەواندز

دوای کۆتـایی هـاتنی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی و هـاتنی ئینگلیزەکـان بـۆ ناوچەکە، دەسەلاّتدارانی ئینگلیز کەوتنە هەلّپەی ئەوەی کەسـایەتییە ناودارەکـانی ناوچـەکە بـۆ لای خۆیـان رابکێـشن. لێرەشـدا کاتێـك هـەولێر لـە تـشرینی دووەمی١٩١٩ دەبێتە لیـوا و کـاپتن هێـی دەبێتـە حـاکمی سیاسـی تیایـدا، بـە مەبەستی سەردان و تێگەیشتن لە رەوشی رەواندز لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩ دەچێتە ئەوێ و لەگەلّ گەورە پیاوانی ناوچەکە کۆبوونـەوە سـاز دەکـا. کـاتێکیش حاجی نەورۆز ئەفەندی[٢١٥] دەست لەکار کێشانەوەی خـۆی رادەگەیـەنێت، بڕیـاری ئەوە دەدرێت ئیسماعیل بەگ بکرێت بە حاکمی رەواندز. سەبارەت بەمەش حاکمی سیاسیی هەولێر دەلّـێ:" **دوای نیـوەڕۆی ١٥ی مـانگ هـەموو گـەورە پیاوانمـان بانگهێشت کرد، هەروەها گەورەی هۆزی (شێروان) و (برادۆست)یش ئامـادەبوون، دلّنیگەرانی خۆمم راگەیاند بە دەست لە کارکێشانەوە حاجی نەورۆز لە کارەکـەی و، بەیانمان کرد کەوا ئیسماعیل بەگ لە شوێنی ئـەوە،...، هـەموو ئامـادەبووان بەکۆمەلّ رازی بوون لە سەر هەلّبژاردنی و هەر یەکە لە محەمـەد ئاغـا و ئەحمـەد ئاغا [مەبەستی محەمەد ئاغای بالّەکیان و ئەحمەد ئاغای سەرۆکی هۆزی شێروانە-**

(٢١٤) ئەسعەد عەدۆ، لاوك.. حەیران.. هۆنراوەی میللی لە فۆلّکلۆری کوردیدا، ل ٦٥.

(٢١٥) حاجی نەورۆز ئەفەندی لە نەوەی وەستا رەجەبی دروستکەری تۆپەکانی سـەردەمی محەمـەد پاشای رەواندزییە. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، رەواندز...، ل ٤٥.

**تویژەر] وتارێکیان پێشکەشکرد و داوایان کرد کەوا هەموویان لە تەك ئیسماعیل بەگ هاوکاری بکەن لە چاککردنەوەی رەوشی خراپی رەواندز، لە جێگەی ئەوەی کاری خراپ و ململانێی شەخسی و نانەوەی ئاژاوە ئەنجامبدەن،...، باویل ئاغاش[٢١٦] ئەوەی وت: من لە پەیوەندیم لەگەڵ ئیسماعیل بەگ چاك دەبم مادام چاکە بە چاکە بگۆڕدرێتەوە"**[٢١٧]. لێرەشدا دەتوانرێ بوترێ، ئەگەرچی باویل ئاغا دڵ سافی و دڵ پاکی خۆی بۆ ئیسماعیل بەگ دووپات کردۆتەوە، بەڵام ئەوە نەبۆتە هۆی کۆتایی هێنان بە ململانێ و دوژمنداری ئەو دوو بنەماڵەیە[٢١٨]، ئەگەر بزانین لە دواتر هەڵکردنی ئاگری نێوانیان ئینگلیز رۆڵی تیایدا بینیوە.

---

(٢١٦) باویل ئاغا، ناوی تەواوی ئەبوبەکر کوڕی مەلا عەزیز کوڕی مەلا عەبدوڵڵایە و لە رەواندز لەدایکبووە، دایکی میمەخان کچی حوسێن بەگی داسنییە. ناوبراو بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە و بەرگری لە شاری رەواندز کردووە لە دژی سوپای روسەکان. دواتریش لەگەڵ هاتنی ئینگلیزەکان پەیوەندی باشی لەگەڵ یاریدەدەری حاکمی سیاسیی ئینگلیزدا دەبێت، بەڵام بەهۆی کێشەیەك لە نێوان نوری کوڕی و حاکمی ئینگلیزەکان ئەو پەیوەندییە تێکدەچێت و نامێنێت. عەلی باویل ئاغا، بیرەوەرییەکانی عەلی باویل ئاغا لەسەر کاسێت تۆمارکراو. بۆ زانیاری دەربارەی ناکۆکی نوری لەگەڵ حاکمی سیاسیی ئینگلیز بڕوانە: ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر، رەواندز...، ل٤٤.

(٢١٧) هي، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص ٢٥.

(٢١٨) سەبارەت بە چۆنیەتی سەرهەڵدانی دوژمنداری نێوان بنەماڵەی ئیسماعیل بەگ و باویل ئاغا بیروڕای جیاواز هەیە کە سەرەتاکەی بۆ کوشتنی سەعید بەگی عەولا پاشای باوکی ئیسماعیل بەگ دەگەڕێتەوە، کە ناوبراو لە ساڵی ١٩١٨ بەرلە هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە کوژراوە. یەکەمیان کوشتنەکە دەخەنە ئەستۆی سەلیم ئاغای حەمەدەشین کە خزمی نوری باویل ئاغایە گوایە ئەو هەڵساوە بەو کارە. دووەمیان سلێمان بەگی سیلاحشۆڕ بەو کارە تاوانبار دەکەن. سێیەمیشیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یەکێك بە ناوی(مامەری باس) سەعید بەگی کوشتووە بێ ئەوەی بزانرێ کە ئەو کارەی بە قسەی کێ کردووە. ئیتر سەرهەڵدانی ئەو دوژمندارییە هەرچۆنێك بووبێت ئەوا لە دواتر لەنێوان بنەماڵەی ئیسماعیل بەگ و باویل ئاغا توندتر دەبێت، چونکێ



وەڵێ لە ماوەی حوکمڕانی ئیسماعیل بەگ لە رەواندزدا نوری باویل ئاغا[٢١٩] لە کێشە و ململانێیدا دەبێت لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لە ناوچەکەدا[٢٢٠]، کاتێکیش نوری کە بۆ جاری دووەمیان بەند دەکرێت و لەدەست بەندییەکان لە رێگای بەغدا رزگاری دەبێت. ئەو هەواڵە حاکمی سیاسیی هەولێر نیگەران دەکات، هەر بۆیە بە تەلەفۆن فەرمانی بە ئیسماعیل بەگ حاکمی رەواندز دەکات کە براکانی نوری دەستگیر بکات. ئیسماعیل بەگیش بەمەبەستی جێبەجێکردنی فەرمانەکە لە ٢٩ی تەمموزی١٩٢٠ پیاوەکانی رەوانەی سەر ماڵی باویل ئاغا دەکات تا کوڕەکانی دەستگیر بکات. بەڵام لە نێوان پیاوەکانی ئیسماعیل بەگ و براکانی نوری دەبێتە شەڕە تەقە و دوو برای بە ناوی کەریم و مستەفا لەگەڵ کوڕێکی دەکوژرێن و دوو براکەیتریشی روودەکەنە چیا. سەبارەت بەو رووداوە لە خەڵکی ناوچەکە بیروڕای جیاواز دەبیسترێ. هەندێك ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کوشتنی دوو کوڕەکەی باویل ئاغا بە دەستی پیاوەکانی ئیسماعیل بەگ دەستی ئەنقەستی تیادا بووە و مەبەستیان تۆڵە سەندنەوە بووە. هەندێکی دیکەش دەڵێن نەخێر کوڕەکانی باویل ئاغا سەرکێشییان کردووە و خۆیان بەدەستەوە نەداوە، بۆیە پیاوەکانی

---

ئیسماعیل بەگ بنەماڵەی باویل ئاغای بە بکوژانی باوکی داناوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، رەواندز...، ل ل ١٠٦-١٠٨.

(٢١٩) نوری باویل ئاغا ساڵی ١٨٩٢ لە رەواندز لەدایکبووە، بە منداڵی لە حوجرە خوێندویەتی و دواتریش لە قوتابخانەی روشدیە لە رەواندز. دوای ئەوەی کە ئینگلیزەکان رەواندزیان داگیر کرد کردیانە بەڕێوەبەری پۆلیسی رەواندز، بەڵام زۆری پێناچێت نێوانی لەگەڵ حاکمی ئینگلیزەکان تێکدەچێت و بەروویاندا هەڵدەگەڕێتەوە. نوری ئاغا بەشداری شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥) بارزانی کردووە لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول تا لە ساڵی ١٩٦٣ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی گەردە گەرد لە رەواندز نێژراوە. بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ ئەو کەڵە پیاوە بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، هەمان سەرچاوە، ل ٤٧ بە دواوە.

(٢٢٠) ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر، هەمان سەرچاوە لاپەرە.

ئیسماعیل بەگ تەقەیان لێ کردوون‌وکوژراون[٢٢١]. لێرەشدا دەتوانرێ بوترێ، کوشتنی دوو کوڕەکەی باویل ئاغا بە هەر پاساوێك بووبێ، ئەوەندەی دی رق و کینەی نوری بەرانبەر ئینگلیزەکان ئەستووتر کردووە و کێشە و دوژمنداری نێوان دوو بنەماڵەی ئیسماعیل بەگ و باویل ئاغایشی جارێکی دی هێناوەتەوە گۆڕی و ململانێی نێوانیانی گەرمتر کردووە. ئەگەرچی دواتر بنەماڵەی باویل ئاغا بۆیان دەرکەوتووە، کە ماڵە خاڵوانی ئیسماعیل بەگ دەستیان لەو کارەدا هەبووە و ئیسماعیل بەگ لەو کارە بێبەری بووە[٢٢٢]. لێرەش بەدواوە لەبەر هەڵگیرسانی راپەڕین لە ناوچەکە بەگشتی و رەواندز بەتایبەتی دەسەڵاتی ئینگلیز لە ئەیلولی ١٩٢٠ لە ناوچەکەدا نامێنێ و ئیسماعیل بەگیش لەڕێگەی والاش[٢٢٣] و دەربەندی رانیە و کۆیە دێتە هەولێر[٢٢٤].

## رۆڵی ئیسماعیل بەگ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقیدا

خولی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی لە ١٦ی تەمموزی١٩٢٥ دەستی بەکارەکانی کرد، ئیسماعیل بەگ بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بووە ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە. لەو ماوەیەشدا لە بەغدا لەگەڵ ئەندامە کوردەکان رۆڵێکی کارای گێڕا، بۆیە بەردەوام جێگای مەترسی دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی و عیراقی بوو. ئەوەتا سەرەتا دوای بڕانەوەی کێشەی مووسڵ و بەمەبەستی بەدواداچوونی چارەسەرکردنی کێشەکە حکوومەتی عیراقی بڕیاری دامەزراندنی وەفدێك دەدات کە رەوانەی کۆمەڵەی گەلان بکات. ئەندامی ئەو تیمە پێکدێن لە ناجی سویدی( ١٨٨٢-

(٢٢١) اي، ام، هاملتون، طريق في كردستان، ترجمة: جرجيس فتح الله، الطبعة الثانية، دار ئاراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ١٩٩٩، ص ٢٢٢.

(٢٢٢) ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، رەواندز...، ل ١٠٧.

(٢٢٣) د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٥. ل ١٦٩.

(٢٢٤) والاش دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی شارۆچکەی قەسرێ ئێستاکە.



١٩٤٢) وەزیری داد و ئەندامییەتی هەریەك لە جەعفەر عەسکەری (١٨٨٥-١٩٣٦) نوێنەری سیاسیی عیراق لە لەندەن و بەتریك یوسف عەمانۆئیل ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەرشەد عومەری نوێنەری مووسڵ و ئیسماعیل بەگ نوێنەری هەولێر، بەڵام نە ئەنجوومەنی نوێنەران و نە باوەڕپێکراوی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە عیراق بەو بڕیارەی حکوومەت رازی نەبوون. وەکو دەبینین باوەڕپێکراوی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە نامەیەکیدا کە ئاراستەی مەلیك فەیسەڵی کردووە وتوویەتی:"... **من رازی نەبووم لە سەر دانانی ئەرشەد عومەری و ئیسماعیل رەواندزی، ئەرشەد من لێی بە گومان بووم کە نوێنەری تورکی لە جنێف بە لای خۆیانی کێش بکەن و ئیسماعیلیش گەنجە و بۆ ئەوکارە دەست نادا ...**"[٢٢٥]. بەڵام دەتوانرێت بوترێ، رازینەبوون لەسەر ئیسماعیل بەگ پەیوەندی بە بچووکییەوە نەبووە، بەڵکو پەیوەندی بە چالاکییەکانی بووە کە جێگای مەترسی دەسەڵاتداران بووە کە دواتر دەیبینین.

شیاوی باسە، کاتێك لە ساڵی١٩٢٦ هەواڵی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەنگی دایەوە و نوێنەرە کوردەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقیدا کەوتنەخۆ و زنجیرەیەك کۆبوونەوەیان لەنێوان خۆیان لە بەغدا بەست. لە کۆبوونەوەی ٢٩ی شوباتی ١٩٢٦ کە لە ماڵی عەبدوڵڵا موخلێس بەگ[٢٢٦]، لە سەر ئەوە رێکدەکەون کە نامە

(٢٢٥) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارت العراقية، الجزء الثاني، الطبعة السابعة، دار الشؤون الثقافية العامة(( أفاق عربية)) بغداد، ١٩٨٨ ص ص ٧٩-٨٠.

(٢٢٦) عەبدوڵڵا موخلێس بەگ کوڕی ئەسعەد بەگ کوڕی رەسوڵ پاشایە و لە ساڵی١٨٥٩ لە بەغدا لەدایکبووە و لای مامۆستای تایبەتی خوێندوویەتی، لە دوای کۆچی دوایی باوکی ماڵەکەی بردۆتە کەرکووك و لە قەڵەمی تەحریرات دامەزراوە تا بۆتە بەڕێوەبەر. ساڵی١٨٨٩ بەناوی مەئمووریەتی لێکۆڵینەوە چۆتە کۆیە و رەواندز و لە پاشانیش لە چەند شوێنێك بۆتە قائیمقام، لە وانە لە ساڵی١٩٠٦ لە رەواندز. لە ساڵی١٩٢٤ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزراندن و لە خوولی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقیش بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن.

ئاراستەی ناوچە کوردییەکان بکەن تا لە کوردستان بە گشتی پروپاگەندە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی بکرێ، لەو بارەیەوەش ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لە هەفتەی رابردوو پەیوەندی لەگەڵ سەید تەهای نەهری[٢٢٧] قائیمقامی ڕەواندز کردووە[٢٢٨]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەدا،

ئیتر ماڵەکەی بردۆتەوە بەغدا تا لە ساڵی١٩٤١ لەوێدا کۆچی دوایی کردووە حوسێن حزنی موکریانی، مێژووی میرانی سۆران، چاپی دووەمین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٦٢، ل ل ١٠٥-١٠٦.

(٢٢٧) سەید تەهای نەهری کوڕی شێخ محەمەد سەدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە و لە ساڵی ١٨٩٢ لە دایکبووە، بەهۆی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر چاوی هەڵهێناوە ڕۆڵێکی کاریگەری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا بینیوە بەرلە جەنگی یەکەمی جیهانی. دوای جەنگیش بەهۆی خزمایەتییانەوەی لەگەڵ سمکۆی شکاك بەیەکەوە هەوڵی خۆیان خستۆتەکار و شۆڕشیان بەڕووی حکوومەتی ئێران راگەیاندووە تا ئەو کاتەی دەشکێن و پەنا دەهێننە بەر باشووری کوردستان. سەید تەها پەیوەندی بە ئینگلیزەکانەوە دەکات بە ئومێدی ئەوەی یارمەتییان لێوەربگرێت بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی هاوشێوەی شێخ مەحموود لە ناوچەکانی ڕەواندز کە سەرئەنجام لە ٩ی مایسی ١٩٢٣ بە قائیقامیەتی ڕەواندز رازی دەبێت و خزمەتێکی زۆری لایەنی ئاوەدانکردنەوە و ڕۆشنبیری و سیاسیی ناوچەکە دەکات تا ١٣ی تەشرینی دووەمی ١٩٢٨ لە سەر بانگێشتی ڕەزا شا دەچێتە تاران و لە ژێر پاڵەپەستۆی ئەوان لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٢٩ دەست لە کارکێشانەوەی بۆ حکوومەتی عێراقی ڕەوانە دەکاتەوە و لەوێدا دەمێنێتەوە تا لە ساڵی ١٩٣٦ دەرمانخوارد دەکرێت. د. عزیز شەمزینی، جوولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی سێیەم، بڵاوکردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٥٠-١٥٦؛ حسێن جاف، سەید تەهای شەمزینانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٣٥) ئابی ١٩٩٥، ل ٦٢؛ ______________، بەڵگەنامەی بزووتنەوەی کورد، وەرگێڕانی: نەزەند بەگی خانی، گۆڤاری هیوا، ژمارە، (٧)، پایزی ١٩٩٠، ل ٣٢.



کاتێك حکوومەتی عیراقی کەوتە هەوڵی ئەوەی لە پێناوی بنیاتنان و پەرەپێدانی ئەو دەوڵەتە عەرەبییە تازەیە، کورد بەکار بهێنێ و بۆ ئەو مەبەستەش لە یەکێك لە بڕیارەکانی سەربازی بە زۆرەملێ دەسەپێنێ. لە بەرانبەردا ئیسماعیل بەگ بە ناوی هەموو کوردەوە لە ١٢ی تشرینی دووەمی١٩٢٧ لە رۆژنامەی ( **Baghdad Times**)دا بەرپەرچی ئەو بڕیارە دەداتەوە و دەڵێ:**"... بەڵێ بۆ زانین ئێمەی کورد کۆکین لەگەڵ برا جەعفەرییەکانمان بە تەواوی لەسەر ئەوەی کە یاسای سەربازی بە زۆرەملێ لەگەڵ باری سیاسیمان ناگونجێ، ...، وە ئێمە وای دەبینین کە یاسای بە زۆرەملێی سەربازی سوودی نییە،...، بۆیە داوا لە حکوومەت دەکەین کە ئەو فکرەیە لابات لەو کاتەی ئێستادا"**[٢٢٩].

لوتکەی کاری ئەندامانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەگشتی و ئیسماعیل بەگ بەتایبەتی لێرەدا بووکاتێك لە شوباتی **١٩٢٩** یادداشتێکیان پێشکەشی سەرۆك وەزیران عەبدولموحسن سەعدون(١٨٨٠-١٩٢٩) کرد[٢٣٠]. چونکە هەر دوای ئەو یادداشتە خودی مەلیك فەیسەڵ بڕیاردەدات کە جارێکیتر نابێت ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی و حازم شەمدین ئاغا[٢٣١] ببن بەئەندام لە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی لە

(٢٢٨) م. ر. هاوار، شێخ مەحموودی قامارەمان و دەوڵەتەکی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩٩، ل ٦١١.

(٢٢٩) عبد الرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثاني، ص١٠٠.

(٢٣٠) بۆ زانیاری دەربارەی ناوەڕۆکی یادداشتەکە بڕەوانە: عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، الجزء الثالث، مطبعة العرفان، لبنان، ١٩٤٨، ص ٢٩٠؛ محمود الدرة، القضية الكردية، الطبعة الثانية، دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٦، ص ص ١٥٥- ١٥٦.

(٢٣١) حازم شەمدینان ئاغا کوڕی یوسف پاشا کوڕی شەمسەدین ئاغایە و لە ساڵی ١٨٩٥ لە زاخۆ لەدایکبووە، چەند جارێك بۆتە نوێنەری مووسڵ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی و لە پاشان چەندین پلە و پایەی تری کارگێڕیی وەرگرتووە و ڕۆڵی کاریگەری تیادا بینیوە. تا لە ١ی حوزەیرانی ١٩٥٢ لە مووسڵ کۆچی دوایی کردووە. میر بصري، اعلام الكرد، الطبعة الاولى، لندن، ص ٢٢٢.

عیراقدا[٢٣٢]. چونکێ ئیسماعیل بەگ هەر بەوە نەوەستاوە، بەڵکو بەتەنیاش یادداشتێکی پێشکەش بە سەرۆك وەزیران و کۆمیسیاری باڵا کردووە[٢٣٣]. هەروەها بیر و بۆچوونەکانیشی لە شێوەی کوراسەیەك بڵاوکردۆتەوە[٢٣٤]. بۆیە دەتوانرێ بوترێ، کە ئیسماعیل بەگ لە سۆنگەی ئەوەی رۆڵێکی کاریگەری لە بابەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەبینێ مایەی هەراسان کردنی دەسەڵاتدارانی عیراق بوو، بەتایبەت مەلیکی عیراق( فەیسەڵی یەکەم).

زەمینە خۆشکردن بۆ بەستنی پەیماننامەیەکی نوێ لە نێوان عیراق و بەریتانیا دەنگ و باسی ناو رۆژنامەکانی عیراقی داگرتبوو، کاتێکیش پەیماننامەکە لە ٣٠ی حوزەیرانی١٩٣٠ واژووکرا و هیچ ئاماژەیەکی بۆ مافی کوردان تیادا نەبوو، نارەزایی ناوچە کوردییەکانی گرتەوە. لێرەشدا ئیسماعیل بەگ بۆ ئەو مەبەستە لە نامەیەکیدا کە ئاراستەی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە عیراق کردووە دەڵێ:" **فخامت مندوبی سامی عراق- بغداد بمناسبتی سفری فخامتان بۆ لندن بۆ معاهدەی عێراق و بەریتانی من بە وکالتی کوردەکان وە تشریف ئەکەم کە فخامتان دەعوەت بکەم بۆ ئەمەی لە قضیەی کورددا ئاگاداربن. مەندوبی سابقی هەولێر اسماعیل رواندزی، ٥ تموز ٩٣٠**"[٢٣٥]. کاتێکیش بە مەبەستی هێورکردنەوەی رەوشەکە، وەفدێکی حکوومەت کە پێکهاتبوو لە جەعفەر پاشا( ١٨٨٥-١٩٣٦) وەکیلی سەرۆك وەزیران و مێجەر یونغ وەکیلی باوەڕپێکراوی کۆمیسیاری بەریتانی و جەمال بابان( ١٨٩٣- ١٩٦٦) وەزیری

(٢٣٢) احمد خواجه ، چیم دی ، بەرگی سێیەم، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٠، ل ٥٢.

(٢٣٣) عبدالفتاح علی یحیی البوتانی، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية ملاحضات تاريخية و دراسات اولية، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١، ص ص ٥٩-٦١.

(٢٣٤) د.سروه اسعد صابر، كوردستان الجنوبية ١٩٢٦- ١٩٣٩ دراسة تاريخية- سياسية، سليمانية، ٢٠٠٦، ص ٨٥.

(٢٣٥) د. کوردستان موکریانی، رووناکی یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێر، چاپی یەکەم، دەزگاری چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١، ل ٢٨.



دادی عیراقی سەردانی کوردستان دەکەن و لە ٩ی ئابی١٩٣٠ دەگەنە هەولێر. لە هەولێریش لەگەڵ گەورە پیاوانی ناوچەکە کۆدەبنەوە و، هەریەك لە وەکیلی سەرۆك وەزیران و وەکیلی باوەڕپێکراوی کۆمیسیاری باڵا وتارێك پێشکەشدەکەن، ئیسماعیل بەگ لێیان دێتە وەڵام و دەڵێ:" **فەخامەتی جەعفەر پاشا، ئێمە چیکە بەو قسە پروپوچانە فریو ناخۆین. لە سەر قەراری عوسبەت ئومەم حەقی خۆمان ئەوێ و ئەبێ بە فەوری لیوای دهۆك-مان بۆ تەشکیل بکەن. ئیمتیازی سەربەخۆیەتی- مان بۆ دیار و جیا بکەنەوە**"[٢٣٦]. بەڵام ئەو وتانەی ئیسماعیل بەگ، جەعفەر پاشای وەکیلی سەرۆك وەزیرانی عیراقی تووڕە دەکات. هەر بۆیە شایەدحاڵێك لەو بارەیەوە دەڵێ:" **...جەعفەر پاشا تووڕە بوو وتی بێ دەنگ بە تۆ بچووکی نازانی چیت دەوێ**"[٢٣٧]. لێرەشدا دەتوانرێت بوترێ ئیسماعیل بەگ بەردەوام بووە لە بەدەنگ هاتنی مافەرەواکانی گەلەکەی، بۆیە وتنەکانی جێگای نیگەرانی بەرپرسانی عیراقی بووە.

## بەشداری کردنی ئیسماعیل بەگ لە کۆمەڵە و رێکخراوە کوردی ، عیراقییەکان

لەڕاستیدا ئیسماعیل بەگ لە سۆنگە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بووە وەکو ئەندام بەشداری پارتی پێشکەوتن کردووە کە لە تشرینی یەکەمی١٩٢٥ لەسەر دەستی عەبدولموحسن سەعدون(١٨٨٠-١٩٢٩) وەکو پارتێکی حکوومی و یەکەمین پارتی ئەنجوومەنی نوێنەران لە عیراق بە شێوەیەکی ئاشکرا هاتە دامەزراندن[٢٣٨].

(٢٣٦) احمد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ل ٦٠؛ میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، حقائقی بەسەرهاتی شێخ مەحموود لە ئیستقلالی کورددا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٣٤.

(٢٣٧) معروف جیاووك، ماساة بارزان المظلومة، ص ٨٤.

(٢٣٨) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الاحزاب السياسية العراقية دراسة تاريخية متواضعة عن الاحزاب السياسة التي تكونت في العراق بين العامين ١٩١٨- ١٩٥٨، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٠، ص٩٣.

هەروەها جگە لەوەش ئەندامی کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان بووە[٢٣٩]. ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە هاوینی١٩٢٦ بەهاوکاری ژمارەیەك لە گەورە پیاوانی ڕەواندز لەگەڵ سەید تەهای نەهری قائیمقام و ئەمین ئەفەندی و محەمەد ئەفەندی بەڕێوەبەری دارایی لە ڕەواندز پێشنیاری کردنەوەی یانەیەك پێشکەش بە حکومەت دەکەن لە ماڵی ئیسماعیل بەگدا، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی عیراقی داواکارییەکەیان ڕەتدەکاتەوە و ڕێگایان نادات یانەکە بکەنەوە[٢٤٠].

## دوا ساتی ژیانی ئیسماعیل بەگ و کوشتنی لە دۆڵی نیشاوێ

ئیسماعیل بەگ دوای ساتی ژیانی لە کوردستان بە گشتی و ڕەواندز بە تایبەتی بەسەر بردووە، بەڵام بەهۆی درێژەکێشانی دوژمنداری بنەماڵەکەی لەگەڵ بنەماڵەی باویل ئاغا، لە ساڵی ١٩٣٣ سەباحی نوری باویل ئاغا(١٩١٨-١٩٤١) لە شاری هەولێر کە قوتابی دەبێت لە قۆناغی ناوەندی لە ناو شاردا دووگوللە لە ئیسماعیل بەگ دەدات و بریندراری دەکات، بەڵام کاتێك ناوبراو چاك دەبێتەوە، لەبەردەم مەلا فەندی و مستەفا قەرەداغی حاکمدا، لە سەباحی نووری باویل ئاغا خۆش دەبێت.

(٢٣٩) ئەو کۆمەڵە لە کۆتایی بیستەکان هاتە دامەزراندن و ئەندامەکانی پێکهاتبوون لە: جەمال بابان، محەمەد ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغا، محەمەد بەگی جاف، شێخ جەمال تاڵەبانی، ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی، حوسێن حوزنی موکریانی، مەعروف چیاووك، عارف چیاووك، حازم شەمدین ئاغای زاخۆیی و چەندانی دیکە. کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی: حەسەن جاف، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٥، ل ل١٠٥-١٠٦؛ د. مکرم الطالباني، حزب هیوا، مطبعة خاك ، سليمانية، ٢٠٠٢، ص٤٢.

(٢٤٠) د. ولید حمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی: موحەمەد نوری تۆفیق، چاپی دووەم، دەزگای پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٧٥؛ دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٣٦٦.



کەچی مستەفا قەرەداغی حاکمی حوکمی حەوت ساڵ بەندی بۆ سەباح دەبڕێتەوە. بەمەش نوری باوکی کە ئەوکاتە مولازمی پۆلیس دەبێت لە دهۆك لە کاری فەرمی میریدا بەمەبەستی دڵ دانەوەی دایکی دێتەوە گوندی سەرچیا و لە ماڵی حەمەدە شین میوان دەبێت. بۆ ڕۆژی دواتریش واتە ٨ی حوزەیرانی ١٩٣٣ بەمەبەستی بەڕێکردنی نوری هەموویان دێنە سەر ڕێگا. ئیسماعیل بەگیش لە شەقڵاوە کە مێوانی ڕەشید بەگی میران بووە لەو شەوەدا بەرەو ڕەواندز دەگەڕێتەوە و لەڕێگادا لە دۆڵی نیشاوێ هەر دوولا بەیەك دەگەن و دەبێتە شەڕ لە نێوانیان. عەلی باویل ئاغا دەڵێت:" **هەر چەندە ئێمە بۆ بەڕێکردنی نوری لەوێدا وەستا بووین، بەڵام کار لە کار ترازاو بوو بە شەڕمان**"[٢٤١]. ئەنجام ئیسماعیل بەگ و حەسەن عەبدوڵڵا و حەسەن قادر دەکوژرێن و سلێمان بەگی دەرگەڵەش بریندار دەبێت و مامۆ ڕەواندزیش بۆی دەردەچێت. لە ماڵی باویل ئاغاش مەلا عەزیزی کوڕی باویل ئاغا و حەسەن حاجی عەبدولڕەزاق دەکوژرێن و نوری و عەلی باویل ئاغا و سەلیمی حەمەدەشینی بریندار دەبن. لێرەشدا دەتوانرێت بوترێ بە لەدەستدانی ئەو کەڵە پیاوە کوردستانی لە داکۆکی کەرێکی سەربەخۆیی کرد. لەبەر ئەوەی بەگوێرەی قسەی هاملتۆنی ئەندازیار ئیسماعیل بەگ هەردەم بە ئومێدی پێشکەوتن و سەربەخۆیی کوردستان بووە، هەروەها هەمیشە ئەوەی بۆ دەسەڵاتدارانی ئینگلیز دووبارە کردۆتەوە کە پێویستە کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو سویسرای لێبێت. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکە بە لەدەستدانی ناوبراو خەسارەتێکی گەورە لە مێژووی گەلی کورد کەوتووە کە جێگای مەترسی عەرەبەکان و ڕیزی دوژمنەکانی بووە[٢٤٢]. ئەوە جگە

(٢٤١) عەلی باویل ئاغا، بیرەوەرییەکانی عەلی باویل ئاغا.

(٢٤٢) ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی دەڵێ: " عەرەبەکان بەردەوام دەیانوت ( اللهم احفظنا من شر إسماعيل بگ،ومعروف جياووك)" ، مستەفای عەلی باویل ئاغاش دەڵێ:" باوکم تا مردیش وێنەیەکی ئیسماعیل بەگی لە ماڵەوە هەڵواسیبوو و لە سەر وێنەکەی نووسیبوو بریا ئەو گوللەی لە تۆم دا لە چاوی خۆم بدابا خوا ئەو دەستە ببڕێ کە دوژمنداریی خستە نێوانمانەوە...". دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی لە ١٢ی

لەوەی لەدەستدانی ئیسماعیل بەگ و کوشتنی کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر ناوچەکە بە گشتی و رەواندز بەتایبەتی ئەگەر بزانین دوژمنداریيەکە لە دواتر رەواندزی کردووە بە دوو بەشەوە و باری شارەکەی شلەژاندووە[٢٤٣].

---

حوزەیرانی ٢٠٠٥ هەولێر( ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی کە ناسراوە بە ئەحمەد دیاب لە ساڵی ١٩٣٢ لە ڕەواندز لە دایکبووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە رەواندز تەواو کردووە دواتریش بە مەبەستی تەواوکردنی هاتۆتە هەولێر و لەگەڵ قوتابییەکانی شاری کۆیە چالاکی زۆریان نواندووە لە لێدانی بڵاوکراوە لەسەر دیوارەکانی هەولێر کە لەدژی کار و کردەوەکانی حکوومەت نووسیویانە. ناوبراو دواتر چۆتە ریزی پارتی هیوا و بەشداری شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزانی کردووەو تا شۆڕشی ئەیلول بەردەوام بووە ئێستاکەش لە ژیان ماوە و لە گەرەکی برایەتی شاری هەولێر نیشتەجێیە) ؛ دیمانەیەك لەگەڵ مستەفا عەلی باویل ئاغا سەرهەنگی پۆلیس و بەڕێوەبەری بەندیخانەی هەولێر لە ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ ، هەولێر. (مستەفا عەلی باویل ئاغا لە ٢٨ی مارتی ١٩٦٣ لە ڕەواندز لەدایکبووە و دەرچووی کۆلێژی پۆلیسی زانکۆی بەغدایە لە ساڵی ١٩٨٥، ئێستاکەش بەڕێوەبەری بەندیخانەی هەولێرە).

(٢٤٣) دوژمنداریيەکە ئەوەندە کاریگەری کردۆتە سەر رەوشی ناوخۆی رەواندز،ماڵی باویل ئاغا کە لە گەرەکی سەرەوە بوون ئەگەر کارێکیان هەبوایە دەبوو یەکێك رەوانە بکەن و ماڵی ئیسماعیل بەگیش لە گەرەکی خوارەوە بەپێچەوانەوە. دیمانەیەك لەگەڵ فەرهاد شاکر مەجرووم لە ٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ ئوتێل ئاشتی سلێمانی( فەرهاد شاکر مەجرووم، لە ساڵی ١٩٣٦ لە رەواندز لەدایکبووە و دەرچووی خانەی مامۆستایانی بەعقووبەیە لە ساڵی ١٩٥٨- ١٩٥٩، ئێستاکەش لە کاری فەرمیدایە لە بەڕێوەبەرایەتی هۆکانی فێرکردن لە سلێمانی)؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی لە ١٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ هەولێر.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە گەیشتووینەتە ئەم خاڵانەی خوارەوە:
ئیسماعیل بەگ کەسایەتییەکی بە توانای سەردەمی خۆی بووە لەڕووی هزرییەوە.
ئیسماعیل بەگ زۆر بەتەنگ بەدەستهێنانی کێشەی ڕەوای گەلەکەی بووە.
ئیسماعیل بەگ جێگای مەترسی دەسەڵاتدارنی عیراقی و ئینگلیزەکان بووە.
رەنگە لەو تەمەنە کورتە گیانی لە دەست نەدابایە خزمەتی باشتری پێشکەش بکردایە.
کوشتنی ئەو خەسارەتێکی گەورە بووە لە مێژووی کوردستان بە گشتی و ناوچەی ڕەواندز بە تایبەتی.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بەڵگەنامە: بڵاوکراوەکان


**بەزمانی کوردی:**

بەڵگەنامەی بزووتنەوەی کورد، وەرگێڕانی: نەزەند بەگی خانی، گۆڤاری هیوا، ژمارە، (٧)، پایزی ١٩٩٠.

**د. ولید حمدی**

کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی: موحەمەد نوری تۆفیق، چاپی دووەم، دەزگای پەخشی سەردەمن سلێمانی، ١٩٩٩.

**بەزمانی عەرەبی:**

**عبدالفتاح علی یحیی البوتانی**

وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية ملاحظات تاريخية و دراسات اولية، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١.


## دووەم: دیمانە


دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی لە ١٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ هەولێر.





دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر ئەرسەن موسا رەشید لە ٣ی ئەیلولی ٢٠٠٦، هەولێر.

دیمانەیەك لەگەڵ حەمە ئاغای عەباس ئاغا لە ١٠ی شوباتی ٢٠٠٧، حاجییاوە.

دیمانەیەك لەگەڵ فەرهاد شاکر مەجرووم لە ٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ ئوتێل ئاشتی سلێمانی.

دیمانەیەك لەگەڵ مستەفا عەلی باویل ئاغا سەرهەنگی پۆلیس و بەرێوەبەری بەندیخانەی هەولێر لە ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ ، هەولێر.

دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر موکەرەم تاڵەبانی لە ٩ی شوباتی ٢٠٠٧، سلێمانی.


## سێیەم: نامەی زانکۆیی


**بەزمانی کوردی**

**تەلار علی ئەمین**

سیاسەتی کەمالی و بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستان ١٩١٨ – ١٩٣٨ "لێکۆلینەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی ئابوورییە"، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، پێشکەشی کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێرکراوە، هەولێر،٢٠٠٠.

**فەرەیدوون عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا**

بارودۆخی سیاسی کوردستان/ عیراق لە ١١ی مارتی١٩٧٠-١١ی مارتی١٩٧٤ توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

### بەزمانی عەرەبی

**سعدی عثمان حسين**

کوردستان والامبراطورية العثمانية دراسة في تطورها السياسي ١٥١٤-١٨٥١، رسالة ماجستيرغير منشورة ، مقدمة الى كلية الاداب جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٩٥ .

## چوارەم: کاسێتە تۆمار کراوەکان

عەلی باویل ئاغا، بیرەوەرییەکانی عەلی باویل ئاغا. (لای توێژەر دەست دەکەوێت).

## پێنجەم: کتێب

### بەزمانی کوردی

**ئارشاك سافرستیان.**

- مێژووی کورد و کوردستان، (وەرگێڕانی: عبدالله شالی)، سلێمانی ، ١٩٦٠.

**ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر**

ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی لە رۆژگاری پاشایەتیدا (١٩٢٥- ١٩٥٨)، لە ژێر چاپکردندایە.

رەواندز، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، سەنتەری ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**احمد خواجە**

چیم دی، بەرگی سێیەم، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٠.



**ئەسعەد عەدۆ**

لاوك.. حەیران.. هۆنراوەی میللی لە فۆلکلۆری کوردیدا، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری رۆشنبیری بەهرە، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠٠٦.

لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد، چاپخانەی عەلا، بەغدا، ١٩٨٤.

**بلەچ شێرکۆ**

کێشەی کورد، مێژینە و ئێستای کورد، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، کوردستانی عێراق، ١٩٩١.

**جلیلی جلیلی**

راپەرینی کوردەکان لە ساڵی ١٨٨٠،( وەرگێڕانی: د.کاوس قەفتان)، چاپخانەی الزمان ، بەغدا .

**جمال نەبەز**

کوردستان و شۆڕشەکەی،( وەرگێڕانی: کوردۆ)، ئەڵمانیا، ١٩٨٥.

**حوسین حزنی موکریانی**

ئاورێکی پاشەوە، رواندز، ١٩٣١.

مێژووی شاهەنشاهی کوردی زەند لە ئێران لە ساڵانی ١٧٤٩ — ١٧٩٦، رواندز، ١٩٣٤.

مێژووی میرانی سۆران، چاپی دووەمیین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٦٢.

**حوسین مەدەنی**

کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠.

**دیڤید ماکداول**

مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، بـەرگی یەکـەم، چـاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، **٢٠٠٢**.

**رۆبەرت ئۆلسن**

راپەڕینی شێخ سعید پیران، (وەرگێڕانی : ئەبوبکر خۆشناو)، سلێمانی، **١٩٩٩**.

**رێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان**

هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و بەرنامەی نـوێی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، راپۆرتی سیاسیی سەرکردایەتی کاتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان- کـە لـە لایـەن کونفرانسی پارتییەوە لە(١١-١٥)ی ئـابی **١٩٧٦** پەسـەندکراوە. لـە بڵاوکراوەکـانی پارتی دیموکراتی کوردستان- سەرکردایەتی کاتی.

**ساڵح قەفتان**

مێژووی نەتـەوەی کـورد "حاڵـەتی سیاسـی، کۆمەڵایـەتی، ئـاوەدانی گـەلی"، چاپخانەی سلمان **الاعظمی**، بێ ساڵی چاپ.

**شەرەفخانی بەدلیسی.**

شەرفنامە، (وەرگێڕانی: هەژار)، چاپخانەی نوعمان، نەجەف، **١٩٧٢** .

**د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی.**

کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا "لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمـەوە تـا جـەنگی یەکـەمی جیهـان" (لێکۆڵینەوەیەکـە لـە بـواری مێـژووی سیاسـیدا)، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤



**د. عبدالرحمن قاسملو**

چڵ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، کۆمیـسیۆنی تـەبلیغاتی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم،١٩٩١.

کوردستان و کورد "لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری"، ( وەرگێڕانی: **عبـداللە** حسن زادە)، بێ شوێنی چاپ، **١٩٧٣**.

**د. عزیز شمزینی.**

جووڵانەوەی رزگاریی نیشتیمانیی کوردستان، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سەنتەری لیکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**عەلائەدین سەجادی**

مێژووی راپەڕینی کورد، چاپی دووەم، ئێران، بێ ساڵی چاپ.

**عومەر نورەدینی**

سیستەمی نوێی جیهـانی و دۆزی کـورد "کوردسـتانی عێـراق وەك نموونـە"، لێکۆڵینەوەیەکی شـیکاری سیاسـییە، چـاپی یەکـەم، چـاپخانەی حـاجی هاشـم، هەولێر، **٢٠٠٣**.

**کامەران احمد محمد امین .**

کوردسـتان لـە نێـوان ململانێـی نێودەوڵـەتی و ناوچـەییدا **١٨٩٠-١٩٣٢**، توێژینەوەك لە مێژووی سیاسی و ئابووری، چاپی یەکەم،  دەزگـای چـاپ و پەخـشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

**کریس کۆچیرا**

کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکـەم، چاپخانەی ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، **٢٠٠٣**.

**کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف**

تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی: حەسەن جاف، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٥.

**د.کەمال مەزهەر ئەحمەد**

چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٥.

**د. کوردستان موکریانی**

ڕووناکی یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١.

**گوتفرید یۆهانز میوولەر**

لە ڕۆژهەڵاتی گڕگرتوودا" نێردەی بەمەترسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ١٩٤٣"، وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب، دوکتۆر مارف خەزنەدار پێداچوونەوە و پێشەکی و تێبینی لەسەر نووسیووە، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٢.

**د. گونیتەر دیشنەر**

کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، ( گوڕینی بۆ کوردی: حەمەکەریم عارف)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

**م. س. لازاریڤ**

- کێشەی کورد ١٨٦٩-١٩١٧ ، (وەرگێڕانی: د.کاوس قەفتان)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی جاحظ، بەغدا ١٩٨٩.

**دوکتۆر مارف خەزنەدار**

ئەڵەمان کوردی و چەند چیرۆکێکی تری کوردی، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٦٩.



**مسعود بارزانی**

بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٣٤-١٩٥٨، (وەرگێڕانی: سەعید ناکەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٨.

**محەمەد ڕەسوول هاوار**

شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩٩.

**محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور**

گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستان عیراق دا (١٩٢١-١٩٥٣) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، هەولێر، ٢٠٠٤.

**مەستورە کوردستانی**

میرنشینی ئەردەلان، ( وەرگێڕانی: حەسەن جاف و شوکر مستەفا) چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ١٩٨٩.

**میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی**

حەقائقی بەسەرهاتی شێخ مەحموود لە پەنای ئیستقلالی کورددا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٣.

**ن. ا. خالفین .**

خەبات لە ڕێی کوردستاندا، (وەرگێڕانی: جەلال تەقی)، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧١.

**نازناز محمد قادر**

میرنشینەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی قاجارەکاندا، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی رامیاری و ئابووری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەدە - هەولێر، ٢٠٠١.

**نەوشیروان مستەفا ئەمین**

لە پەراوێزی مێژووی ئەردەلان، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، سلێمانی، ١٩٨٩.

**نەوشیروان مستەفا ئەمین**

حکوومەتی کوردستان "کورد لەگەمەی سۆڤیەتی دا"، چاپی دووەم ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.

میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٨.

**د. نوری درسیمی**

دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، (وەرگێڕانی: د.ئەحمەد فتاح دزەیی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

## بەزمانی عەرەبی

**ابراهيم خليل احمد و د. خليل على مراد**

ايران و تركيا "دراسة في التاريخ الحديث و المعاصر"، دار الكتب للطباعة و النشر، موصل، ١٩٩٢.

**د. اسماعيل شكر رسول**

اربيل دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩-١٩٥٨، الطبعة الثانية، بنكەی رۆشنبیری شەهید رێباز، السليمانية، ٢٠٠٥.



**امين هويدى**

كيسنجر وادارة الصراع الدولي، دار الموقف العربي للصحافة والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٨٦.

**اي، ام، هاملتون**

طريق في كردستان، ترجمة: جرجيس فتح الله، الطبعة الثانية، دار ئاراس للطبعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ١٩٩٩.

**د. برهان ابابكر ياسين**

كوردستان في سياسة القوى العظمى١٩٤١-١٩٤٧،(ترجمة: هوارس)، الطبعة الاولى، دهوك، ٢٠٠٢.

**دبليو. ار، هي**

سنتان في كردستان، ١٩١٨- ١٩٢٠، ترجمة، فؤاد جميل، الجزء الثاني. الطبعة الاولى، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣.

**جليلى جليل والاخرون**

الحركة الكردية في العصر الحديث، (ترجمة: عبدي حاجي)، الطبعة الاولى، دار الرازى، بيروت، ١٩٩٢.

**جورج كيرك**

الشرق الاوسط في أعقاب الحرب العالمية الثانية، الجزء الاول، (ترجمة: سليم طه التكريتي وبرهان عبدالتكريتي)، دار وسط للدراسات والنشر، مطبعة المعارف، الطبعة الاولى، بغداد،١٩٩٠.

**د. حامد محمود عيسى**

المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مكتبة مدبولى، مطبعة اطلس، القاهرة، ١٩٩٢.

**رمضان لاوند**

الحرب العالمية الثانية، الطبعة السادسة، بيروت، ١٩٧٩.

**روبرت اولسن**

المسالة الكردية في العلاقات التركية الايرانية، (ترجمة و تقديم: محمد احسان رمضان)، الطبعة الاولى، دار ئاراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠١.

**زنار سلوپي**

في سبيل كردستان (مذكرات)، (ترجمة: د. على)، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٧.

**سامى شورش**

كردستان و الاكراد- الحركة القومية والزعامة السياسية- ادريس بارزانى نموذجاً، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل،٢٠٠١.

**ستيفن هيمسلى لونكريك**

اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث،( ترجمة: جعفر الخياط)، الطبعة السادسة، بغداد، ١٩٨٥.

**د. سروه اسعد صابر**

كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤- ١٩٢٦، دراسة تاريخية سياسية وثائقية، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية/ اربيل ٢٠٠١.

كوردستان الجنوبية ١٩٢٦- ١٩٣٩ دراسة تاريخية- سياسية، سليمانية، ٢٠٠٦.

**صلاح الخراسان**

التيارات السياسية في كردستان العراق "قراءة في ملفات الحركات و الاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١ "، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠١.



**شاكرخصباك**

- الكرد والمسالة الكردية ، مطبعة الرابطة ،بغداد ، ١٩٥٤.

**عبدالرزاق الحسني**

تاريخ الاحزاب السياسية العراقية دراسة تاريخية متواضعة عن الاحزاب السياسة التي تكونت في العراق بين العامين ١٩١٨- ١٩٥٨، الطبعة الاولى، بيروت،١٩٨٠.

تاريخ العراق السياسي الحديث، الجزء الثالث، مطبعة العرفان، لبنان، ١٩٤٨.

تاريخ الوزارت العراقية، الجزء الثاني، الطبعة السابعة، دار الشؤون الثقافية العامة ((أفاق عربية)) بغداد، ١٩٨٨.

**د. عبدالستار تاهير شريف**

الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف القرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، بغداد ،١٩٨٩.

**د. عبدالقادر محمد فهمى**

النظام السياسي الدولي" دراسة في الاصول النظرية الخصائص المعاصرة"، الطبعة الاولى، دار وائل، عمان، ١٩٩٧.

**عدي صدام حسين**

عالم ما بعد الحرب الباردة "دراسة مستقبلية"، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٨.

**د. علي عودة العقابي**

العلاقات السياسية الدولية "دراسة في الاصول و التاريخ و النظريات"، بدون سنة الطبع ومكان الطبع.

**علاء نورس**

العـراق في العهـد العثمـاني "دراسـة في العلاقـات الـسياسية ١٧٠٠-١٨٠٠"، بغداد، ١٩٧٩.

**د. فاضل حسين و د. كاظم هاشم نعمة**

التاريخ االاوربي الحديت ١٨١٥- ١٩٣٩، الطبعة الاولى، طبع بمطابع مديرية دار كتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، ١٩٨٢.

**كارل برولكمان**

تاريخ الشعوب الاسلامية، (نقلة الى العربية: نبية امين فارس - منير البعلبكى)، الطبعة التاسعة، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٨١.

**د. كمال مظهر احمد**

دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر، بغداد،١٩٨٥.

**محمد امين زكى**

مشاهير الكرد الكردستان، ( نقله الى العربية: الانسة كريمته) (راجعة: محمد علي عوني)، الجزء الاول، مطبعة سعادة، مصر١٩٤٧.

**د. محمد طه بدوي**

المدخل الى علم العلاقات الدولية، المكتب المصرى الحديث، الاسكندرية، ١٩٧٧.

**د. محمد عزيز الهماوندى**

الحكم الذاتى لكردستان العراق سنة ١٩٩٦.

**د. محمد عمر مولود**

الفدراليـة وامكانيـة تطبيقهـا في العـراق، الطبعـة الاولى، مؤسـسة موكريـانى للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٠.



**د. محمد منذر**

نظريات الى العولمة، المؤسسة الجامعة للدرسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٢.

**محمود الدرة**

القضية الكردية، الطبعة الثانية، دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٦.

**مسعود البارزانى**

البارزانى والحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، ثورة ايلول ١٩٦١-١٩٧٥، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٢.

**د. ممدوح مصطفى منصور**

الصراع الامريكى السوفيتى على الشرق الاوسط، المكتبة الدبولى، ١٩٩٥.

**معروف چياووك**

مأساة بارزان المظلومة، الطبعة الثانية، اربيل، ٢٠٠١.

**د. مكرم الطالباني**

حزب هيوا، مطبعة خاك، سليمانية، ٢٠٠٢.

**مير بصري**

اعلام الكرد، الطبعة الاولى، لندن.

.١٩٩٢

**وليم أيغلتن الابن**

جمهورية مهاباد"جمهورية ١٩٤٦ الكردية، (ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله)، الطبعة الثانية، دار اراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ١٩٩٩.

## به زمانی فارسی


**راجر سیوری**

ایران در عصر صفوی، (ترجمه : کامبیزی عزیزی)، چاپ ۱، تهران، ۱۳۷۲.

**رضا شعبانی**

تاریخ سیاسی — اجتماعی ایران دورەهای ( افشاریه و زندیه)، تهران، ۱۳۳۷.

**سرجون مالکوم**

تاریخ ایران، ( ترجمە: میرزا حیرت)، جلد دوم، هندستان، ۱۸٦۷.

**عبدالله رازی**

تاریخ کامل ایران از تاسیس سلسله ماد تا انقراض قاجاریه، تهران، ۱۳۷٤.

**عبد العظیم رضائی**

تاریخ ده هزار ساله ایران از تاسیس سلسله افشاریه تـا انقـراض قاجاریـه، تهـران، بی شوینی چاپ.

**محمد وصفی ابو مغلی**

ایران راسه عامه، بصره، ۱۹۸۵.

**میرزا حسن حسین فسائی**

فارسنامه ناصری، ( تصحیح: منصور فسائی )، جلد دوم، تهران، ۱۳٦۷.

**میرزا محمد صادق موسوی ( نامی اصفهانی)**

تاریخ گیتی گشای زەندیه، ( تصحیح: سعید نفسیی)، تهران، ۱۳۱۷.

**هادی هدایتی**

**تاریخ زندیه، تهران،** ۱۳۳٤.




## شەشەم: گۆڤار و بڵاوكراوەكان

## به زمانی كوردی


**جەمیل رۆژبەیانی**

"رەواندز" راسته نەك "روئین دز"، گۆڤاری رەنگین ، ژماره (٦٧)، ١٩٦٤، ل١٥.

**حسن فهمی جاف**

كوردی به ناوبانگه لطفعلی خـانی زەنـد، گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژمـارە(١)، سـاڵی پێنجەم ، ١٩٤٤.

**حسێن جاف**

سەید تەهای شەمزینانی، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٣٥) ئابی ١٩٩٥.

**دكتور عبدالرحمان عبدالله**

هەندێ زانیاری تر دەربارەی رەمزی نافیع، گۆڤاری كاروان، ژمارە(٣٨)، تشرینی دووەمی ١٩٨٥.

**عزالدین فیضی**

رەمزی نافیع و بۆچوونەكانی كاك مەسعوود محەمەد و كاك محەمەدی مەلا كەریم، گۆڤاری كاروان، ژمارە( ٣٨)، تشرینی دووەمی ١٩٨٥.

**مەسعود محەمەد**

رەمـزی نـافیع- قوربانییـە زلەكـەی هـەولێر، گۆڤـاری كـاروان، ژمـارە(٣٣)، حوزەیرانی ١٩٨٥.

**د. موکەڕەم تاڵەبانی**

کۆمەڵەی دارکەر و پارتی هیوا چۆن دامەزران؟!!، گۆڤاری رەنگین، ژمارە (٥٢)، بەغدا، ١٩٩٣، ل ١٨-٢٢.

**هینری کیسنجەر**

کارەساتی کوردەکان، (وەرگێڕانی: صەباحی غالیب)، گۆڤاری باسکار، ژمـارە ٣، هاوینی ١٩٩٩.

## بەزمانی عەرەبی

د.كمال مظهر احمد، رأيي للمناقشة- الإطار الزمني لتاريخ العراق الحديث والمعاصر، مجلة الحكمة، العدد الخامس، بغداد، تشرين الثاني- كانون الأول ١٩٩٨.

## حەوتەم: بەرنامە تایبەتییەکان

**کردەی مامۆنت**

بەرنامەیەکی تایبەت لەسەر کردەی مامونت لە میدیا تیڤی.

**رەمزی نافیع و خەونێکی وەدی نەهاتوو**

مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بەرنامە دیکۆمینتارییەکان، بەرنامەیەکی تایبەت.